
Mamle Art Center



# بازی بێریان

یا

## ژیان و گۆرانی یەکانی محەمەدی مامڵێ

بەرگی یەکەم



کۆکردنەوە و ئامادەکردنی

محمد حسن أحمد

Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ووتەیەك

ماوەیەکی دوورو درێژ بوو ئاواتەخوازی ئەوە بووم گۆرانییەکانی هونەرمەندی کورد موحەممەدی ماملێ کۆبکرێنەوەو بنووسرێنەوەو بخرێنە ناو کۆڕی گەلو کتێبخانە کوردییەکانیان پێ برازێنرێتەوە .

نەك تەنها هەر ئاواتی من بوو بەڵکو ئاواتی هەزارانیتری وەك منیش بوو کە ئارەزوویان دەکرد ڕۆژێك لەڕۆژان ئەم کارە بکرێت . بەڵام ئەم ئارەزووە هەر نەهاتەدی تاسەرەنجام چاوەڕوانی بێکۆتاییم هانیدام خۆم ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەمو بە دەستو پێنووسی خۆم هەوڵبدەم بۆ هێنانەدی ئەم ئاواتەو هیچیتر چاوەڕوانی ئەمو ئەو نەکەمو بەپێی ئەو شارەزاییییەی کە هەمەو لەئەنجامی پرسینو لە ووتەی موحەممەدی ماملێ خۆی کە بۆی ڕوون کردوومەتەوە، لە چەند لاپەڕەیەکدا هەمووی کۆبکەمەوەو بیخەمە بەردەستی گوێگرانی گۆرانیو ئاوازی کوردی .

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center

ئەم هەستە رۆژبەرۆژ زیاتر پالی پێوە دەنام لەسەر جێبەجێ کردنی ئەم کارە ، بۆ پڕکردنەوەی کونجێکی تر لە کتێبخانەی کوردیو بەرچاوخستنی کارە هونەرییەکانی ئەم هونەرمەندە .

هەرچەندە محمد کەساس لە سالی ١٩٧٩دا نامیلکەیەکی بە ناوی «ماملێی هونەرمەند» چاپ کرد بەلام پێناسینێکی تەواوی تێدا دیاری نەکردبوو ، چونکە ماملێ هونەرمەندێکی هەلکەوتووەو پێویستی بە روون کردنەوەیەکی لەوەندە زیاترە ، هەرچەندە منیش لێرەدا کەموکووڕیم هەیە بەلام هەرچۆن بێ گەلێ زیاترم لەوە بەرچاوخستووە کە لە نامیلکەکەی محمد کەساسدا پیشان دراوە . جا ئەگەر منیش بەتەواوی بە مەبەست نەگەیشتبم عوزرم ئەوەیە هەر ئەوەندەم دەست کەوت ، لەبەرئەوە داوای لێبوردن دەکەم .


قەلادزێ

١٩٨٣/٥/٨



Mamle Art Center

Mamle Art Center



محەمەدی ماملێ

www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

# کورتەیەک لە ژیانی موحەممەدی مامڵێ

مامڵێی هونەرمەندو بولبولی خۆشخوانو بەجۆش‌وخرۆشی باخچەی سازو ئاوازی گۆرانی کوردی لە سالی ١٣٠٤ی هەتاوی بەرامبەر بە سالی ١٩٢٥ی زاینی لە یەکێك لە گەڕەکەکانی شاری مەهاباد بە ناوی (خڕێ) پێلّوی چاوی بە دنیای بڕهونەرو ئەدەبی کوردی هەلّهێناوە ٠

مامڵێ ناوی موحەممەد کوڕی سەعید کوڕی عەلی‌یە ٠ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی پەهلەوی‌ۆ سەعادەت لە مەهەباد تەواو کردووە ٠

نازناوی مامڵێی لە باپیری‌یەوە بو گەڕاوەتەوە ، وەك خۆی بۆی ڕوون کردووەتەوە ، باوکی نەخوێندەوار بووەو کاتێک سەرژمێری گشتی هاتووە بۆ نوسینی لێی‌پرسیوە ناوی خۆت‌و باوکت چی‌یە ئەویش ووتوویەتی سەعید مام عەلی ٠ ئەوانیش نوسیویانە «سەعید مامڵی» چونکە فارس پیتی (ع) لە قسەکردندا بەکارناهێنن ئیتر خەڵك لەوە بەولاوە هەر دەلّێن مامڵێ ٠

موحەممەدی مامڵێ پیاوێکی لەسەرخۆو هێمن‌و لێبووردووەو زۆر بەوەفایە بەرامبەر بە خزم‌و دۆست‌و برادەران ٠

مامڵێ سێ ژنی هێناوە ٠ دوا هاوسەری کە بۆخۆی هەلّبژاردووە ئامینەخانە ٠ تائێستا حەفت کوڕو دوو کچی هەیە ئەمەش



Mamle Art Center

Mamle Art Center

ناوی هەندێکیان ( عزیز کە بە خانە ناسراوە ، خەسرەو ، چالاك ، وریا ، نەجات ، شەونم ، خوبی ) •

ماملێ خـۆی دەڵێت ئەوەندە ئاشنای گۆرانی‌یەکانی ڕەفیق چالاك بووم بە خۆشی ئەوەوە کوڕێکم ناونا چالاك •

ماملێ چوار برای هەیە ناویان (حەسـەن ، حوسـەین ، موتەلیب ، جەعفەر)ە وە خوشکێکی هەیە ناوی توبایە •

بنەماڵەی ماملێ هەموویان لـە سەرەتاوە تا ئێستا دەنگێکی پڕجۆش و خرۆش و زوڵاڵیان هەبووە • هەر ئەم بۆمانەوەشە بۆتە هۆی ئەوەی هانی ئەم هونەرمەندە بدات هەر لە منداڵی‌یەوە هونەر بکاتە هاوڕێی خۆی و ببێت بە یەکێك لە شوڕەسوارانی هونـەری کوردی • یەکەم گۆرانی کـە دەرگـای هونەری پێ کردەوە گۆرانی (ڕۆیی بەجێی هێشتم)ە جگە لەوەی کە سەعیدی مـاملێ دەنگی زۆر خۆش بووە •

رەحمـانی براشی ئەوەندە دەنگ‌خۆش بووە ، دانشتوانی قەڵادزێ ئەوەی هاوسێی بوون و لە دوریش دەهاتن شەویان لەلای ڕۆژ کردوەتەوە (١) •

---

(١) رەحمانی مامڵێ واتە مامی محمدی مامڵێ ناوی رەحمان کوڕی عەلی‌یە ، لەبەر هەندێ هۆی ڕۆژگار و باری نەگونجاوی ژیـان لـە مەهابادەوە هاتۆتە قەڵادزێ و تەمەنی خۆی لەوێ بەسـەربردووە • کوڕو کچێـکی هەیە ناویان ( سەعیدو ئامینە ) یە لە ساڵی ١٩٥٣ بولبولی گیانی لە قەفەسی ژیانیدا هـەڵفڕیوەو لە گۆڕسـتانی قەڵادزێ بە خاك سپێرراوە •



Mamle Art Center

Mamle Art Center

موحەممەدی ماملێ لـــە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیدا چـەند جارێك بەندو دەستبەسەر کراوەو دوورخراوەتەوە •

ماملێ لە سالی ۱۹٦۳دا هاتۆتە قەلادزێو چەند ئاهەنگێکیشی گێڕاوە پاشان چووە بۆ شاری سلێمانیو سەرچنار لەوێش جـەند ئاهەنگێکی تری گێڕاوە •

ماملێ زۆر ئاشنای خەلیلی سەددیقیو ڕەفیق چالاك بووە وە گۆرانییەکانی تایەر تۆفیقو عەلی مەردانو سەید عەلی ئەسـغەرو محمد عارفو تەحسین تەهای زۆر بەدلن •

لە هەلبەستیشدا هەلبەستەکانی ( وەفاییو سلیمانی شـاوەلەو مارف ئاغاو گۆرانو هەژارو هێمن )ی لا پەسـەندەو لــە زۆر گۆرانیدا بەکاری هێناون •

ماملێ تائێستا زیاتر لە ۷۰۰ گۆرانی هەیە •



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

# کاری هونەری

نووسین هەستێکە نوسەر بەهۆی نوکی خامەوە ئەیخاتە سەر پەڕەی دەفتەر بۆ دامرکاندنەوەی ئەو کەفوکوڵەی پێی مەستە جا چ لەبارەی فۆلکلۆرو ئەدەبی گەلەکەیەوە یان لەبارەی داهێنانەوە ٠

لێرە گۆرانیش هۆیەکە گۆرانیبێژ بەو هەستو بیرەی کە پێی مەستەو لە مێشکیدا پەنگی خواردۆتەوە ، بە ئاوازێکی گونجاو، تێڕا هەڵدەداتێو دەیخاتە بۆشایی گەردوونەوەو بەرگوێی گوێگرانو دەریدەبڕێت ٠

مامڵێی هونەرمەند لەو مەیدانی دەربڕینەدا بە یەکێك لە شۆڕەسوارانی کاروانی هونەری ئاوازو ، بە ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی ئەدەبو فۆلکلۆرو بە یەك لە گۆیەندەو لێهاتوو بیروودەکانی کورد دادەنرێت ، کە ئەسپی خۆی تاوداوەو بەهۆی ئەو دەنگە زوڵاڵو ڕەسەنەیەوە مرۆڤ ئەباتە دنیایەکی ترەوە ٠

مامڵێ بووە بە یەکێك لە پێشڕەوانی پێشەنگی گۆرانی بێژانو هونەرمەندان کە کوورەی گەشاندنەوەی هونەری کوردییان دەمداوە ، تا ئەدەبی گەلی کوردیش بگاتە ئەدەبی وولاتە پێشکەوتووەکانو لە کاروانی بەرەوپێشچوون بەجێنەمێنێت لەگەڵ ئەوەشدا چمکێك لە دابو نەریتی کوردی لای نەداوەو



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

هەمیشە پەیڕەوی ڕەسەنایەتی ئاوازو هونەری کوردی کردووەو تام‌و چێژی هەموو گۆرانی‌یەکانی لە بۆتەی ڕۆژگاری کورددا هەڵهێنجاوە ٠

مامڵێ لە هونەرەکەیدا قوتابخانەیەکی تایبەتی هەیەو بەهۆی تاڵە ژێیەکانی قورگی‌یەوە توانیویەتی زۆر لەو بەرهەمە کوردی‌یە فۆلکلۆری‌یانە لە وون‌بوون‌و لافاوی لەناوچون ڕزگار بکات‌و بیان‌کات بە زنجیرەیەکی تۆمارکراو لە بەرگوێی ئەدەب دۆستان‌و گوێ‌گران‌و زۆرپاک‌و پوخت‌و بەتام ژیاندونی‌یەوەو خستونی‌یەوە پاڵ گەنجینەی ئەدەب‌و هونەری کوردی

مامڵێ زۆر لە داب‌و نەریتی کوردی بە شێوە فلیمێکی سینەمایی دەخاتە بەرچاوی گوێ‌گری کورد ٠ هەر کوردێک گوێ لە گۆرانی‌یەکانی بگرێ ئەم ڕاستی‌یەی بۆ ڕوون‌دەبێتەوەو ئەو نەخشەیەی دێتە پێش‌چاو کە مامڵێ بۆ ڕوون‌کردنەوەی کەلەپوری نەتەوەیی کێشاویەتی ٠٠

هەندێ‌جار گوێمان لە گۆرانی مامڵێ دەبێ کە گۆرانی هونەرمەندێکی‌ترە ووتوویەتی‌یەوە ، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە لاسایی کردبێتەوەو دەقاودەق ووشەو ئاوازی ئەوی بەکارهێنابێتەوە بەڵکە بەپێی توانای خۆی هەست‌و بیری تازەی بەکارهێناوەو جوانکاری لە گۆرانی‌یە کۆنەکەدا کردووە ٠ ئەمەش کاری خراپ ناکاتە سەر نرخی گۆرانی‌یەکە یان مەقامەکە بەڵکە بەپێچەوانەوە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

بەهێزتری ئەکا ، چونکە دەریای هونەر بێسنوورو پانو بەرینەو هەموو کەس بۆی هەیە خۆی تێباوێتو بنچینەی ئەدەب بەهێزتر بکاتو هەستی خۆی تێدا دەربڕێت بەمەرجێك ئەو دەربڕینە سنور نەشکێنێو پلەیەکیش بۆ ڕۆژگارو دەرونی جەماوەر دابنێت •

ماملێ لەوڕووەوە هەنگاو بەهەنگاو چاوی گێراوەتەوە سەر لاپەڕەی مێژووی ڕۆژگاری گەلی کورد • بۆنموونە لە گۆرانی زەمانەدا دەڵێت :

زەمانە گوڵێکی دامێ لێی ستاندم
بۆنم پێوە نەکرد لێی هەڵپساندم

ڕیشەی جەرگو دڵم بوو ئەو گوڵەی من
فەلەك زۆر بێوەفا بوو لێی ستاندم

شایی شینم تێکەڵ بوو ئەی گوڵی من
بەهارە پەڕپەڕە ژاکا گوڵی من

بە دەنگێکی بەرز هاواردەکاتو سکاڵایەکی زۆر بەگەرمی لە ڕۆژگار دەکات چونکە یەکێك لە هەرە دۆستەکانو دڵسۆزی گەلی کوردی لەدەست داوە کە پێشەوایە بەدەستی کۆنەپەرستان لە ژیانی دنیایی بێبەش کراو مافی پێشێل کرا •

وادیارە ماملێ بەدەستی دڵدارەکەیەوە زۆر ئەشکەنجەی کێشاوەو دڵبریندارە • لە گۆراتییەکدا هاوار دەکاتو دەڵێت :

دوو ڕەشی هیلالی کەوتووتە ژێر پەرچەمێ
سووچی چادرەکەت لادە با مانگ ببێتەدەر لە تەمێ

چاوت ئەستێرەی ڕۆژێ دەگەڵ مانگێ دەگەرێ
برینانم دەرمان کەن بە دەستی نیلوفەرێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

باسی ئەو دوو برۆ ڕەشەی یارەکەی دەکات‌و کەوانی دوو برۆکەی داناوە بە مانگی یەکشەوە کـــە خەڵك دەس لەسەرچاو بەووردی بۆی دەڕوانن • ئەویش لێرەدا تەماشـــای دوو برۆی یارەکەی دەکات‌و داوا لە یارەکـــەی دەکـــات کـــە سوچی چارەشێوەکەی لادا بۆئەوەی ئەویش مانگی یەكشەوەی خـــۆی ببینێت‌و ئەو زام‌و برینانەی کـــە دەرونیان پێکاوە سارێژ بن‌و پەرێشانی‌و سوتاوی خۆی بیربچێتەوە •

مامڵێ دیمەنی کوردستانی زۆر لا جوان‌و دڵگیرە بەتایبـەتی بەهاران‌و لەوکاتەی کە بێری دەچن بۆ مەڕدۆشین یان خەڵك بارگەو بارخانەی تێك‌دەنێ‌و دەچن بۆ کوێستان ئەمیش لە گۆرانی بازی بێری‌یان دا کـە دەڵێت :

**بازی بێریان دوورەرێیە**
**بێری دێن شیرمەشکیان پێیە**

**خۆم ڕاوەستام لەسەر ڕێیە**
**بازی بێریان چێرو چێوە**

**بێری دێن گوارەیان زێوە**
**تەشی دەڕێسن بەڕێوە**

**بازی بێریان لە دەرناوان**
**لەناو گیابەندو گیاخاوان**

نەخشەیەکی وەها ڕێك‌و جوان‌و دڵکێشی بۆ کێشاوە کـــە شایستەی ئەوەیە قەت لە بەرچاوی نەخـــەین‌و هەمیشە وەیادگارێك تەماشای بکەین چونکە داب‌و نەریتی کوردی تێدا دیاری کردووە •



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# پەسەند

www.mamle.net

لە ڕابردوویەکی نزیکدا لە ماوەیەکی زۆر کورت‌دا جارجار دەچوومە لای هاوڕێیەك لەگەڵ ئەو هاوڕێیە زۆرجار باسی ئەدەبو هونەرو وێژەی کوردیمان دەکردو کاتی خۆمان بە قسەی خۆش بەڕێ دەکرد ، خۆمان دەخزاندە جیهانێکی‌ترەوە جیهانی ئەدەبو زانیاری یەکترمان هاندەداو باسی زۆر لە زانایان لەسەر لێومان گوزەری دەکردەهەر لەو ووت‌و وێژانەدا بووین ووتم پێی لەراستیدا ژیانی گەلی کوردەن کانگای هەڵهێنجانی هەموو کەرەسەیەکی ئەدەبو هونەرو وێژەی کوردی‌یە تۆ لەتواناتدا هەیە گەر تۆزێك ئارەق بڕێژی‌و خۆ ماندوو بکەی شەونخونی بچێژی ئەستێرەی گەشت لە ئاسمانی ئەدەبی کوردی بێگەردا دەدرەوشێتەوە • یەکێکی لەو سەدان کەسانەی کە چەژەی ئەدەبیان هەیە حەزدەکەن کە نوکی خامەیان بخەنە ناو شەپۆلی چیرۆك‌و پەخشان‌و ئەدەبو هونەری کوردی •

ئەویش ووتی بەنیازم کە ژیان‌و کاری هونەری مامڵێ کۆبکەمەوەو بیخەمە بەردەستی گوێگرانی گەلی کورد • پێت‌چۆنە ؟ منیش زۆر پێ‌خۆشحاڵ بووم‌و پەسەندم کرد لەسەر ئەم کارەو جێبەجێ کردنی •

حميد احمد عبدالفتاح

قەلادزێ - ١٩٨٣/٢/٢٤



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ئـەرێ هـات

وەرن جەرگم هەڵدڕن بە دەبان و کوشتەری
چەند جێ ژوانم لەگەڵ کرد بەرپەنجەرەو دوودەری
ئێستا لێم بووە بە ناشی دەڵێ برادەر کوێندەری
ئەرێ هات دیسان هات عەزیزم ئەو ڕوحی شیرینم هات
حوکمی حاکم خۆشترە یا مەرگی مفاجات
حەزدەکەم لە کنت بمرم یان بە سەعات نەڕۆم لە لات
دەڵێن میوانە لێو ئاڵ نایەڵم ئەوشەو بڕوات

بۆم بانگ کەنە شەماڵی دەمێك دێ و دەمێك نایە
زولفت ڕەشە ڕێحانە سینگت کارگی کەمایە
خۆ منیش وەکو مەجنونێ نەماوم بۆ لەیلایە
ئەرێ هات دیسان هات عەزیزم ئەو ڕوحی شیرینم هات
دەبەر ئەو سینگەی دەمرم بۆتە تەختی تەشکیلات
تاکسی یەکی بە کرێ دەگرم مسافیرم بۆ مهاباد
دەڵێن میوانە لێو ئاڵ نایەڵم ئەوشۆ بڕوات

سڵاو لە بەژنێ باریك بینایی هەردوو چاوم
خۆ من بە دەستی یارێ دیل و ئەسیر کراوم
خودا بۆ خۆی دەیزانێ دە عیشقتدا سووتاوم
ئەرێ هات دیسان هات عەزیزم ئەو ڕوحی شیرینم هات



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

حوکمی حاکم خۆشترە یا مەرگی مفاجات
حەز دەکەم لە کنت بمرم یان بە سەعات نەڕۆم لەلات
دەڵێن میوانە لێوئاڵ نایەڵم ئەوشۆ بڕوات

دەردێکیوای داومەتێ کافر حالم نەبینێ
گەلی دۆستو برادەران بۆم بگێرن گەرمەشینێ
دەڵێن لێرە نەماوە چوە بۆ چینو ماچینێ

ئەرێ هات دیسان هات عەزیزم ئەو ڕوحی شیرینم هات
دەبەر ئەو سینگەی دەمرم بۆتە تەختی تەشکیلات
تاکسێ کی بەکرێ دەگرم مسافیرم بۆ مهاباد
دەڵێن میوانە لێو ئاڵ نایەڵم ئەوشۆ بڕوات

هەم نارنجەو هەم سێوە هاوار یا شێخی کرێوە
غەمو مەراقی یارێ ئێشمکی کردووم بە پێوە
ڕەبی نەبارێ باران تاقە گوڵەکەم بەرێوە
ئەرێ هات دیسان هات عەزیزم ئەو ڕوحی شیرینم هات
دەبەر ئەو سینگەی دەمرم بۆتە تەختی تەشکیلات
تاکسێ کی بەکرێ دەگرم مسافیرم بۆ مهاباد
دەڵێن میوانە لیو ئاڵ نایەڵم ئەوشۆ بڕوات



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# بۆچ منت ناوێ

چاوم پڕ خوێنە دەکوڵێ هەناوم
چەندە بێڕوحمی من بۆت نەماوم
بۆ ئەمنت ناوێ بۆچی منت ناوێ
خۆ من بە بێ تۆ هەڵناکەم تاوێ

دەنگم نایگاتێ دیوارمان بەینە
کەسمان تێ ناگا لەو کەین و بەینە
بۆ ئەمنت ناوێ بۆچی منت ناوێ
خۆ من یە بێ تۆ هەڵناکەم ناوێ

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# چـاوی جـوان

زولفی با دەیشەکێنێ (گیانە) لەبن بیدا نووستووە
ڕۆژی جارێك دەسرۆکـەی بە ئەسرینێ تـەڕ کردووە
چاوی جوانو لێـوی ئاڵت ئەمنی کوشتووە فاتمـە
مایەی ژینو هەستو نیستم مەزهەری ئاواتمە
هەمدەمو هەموەقتو سەعاتو کاتمـــە

تاریکایێ شەوێ ( گیانە ) لادە لـــە گۆشەی چاوەکانت
بەس عومری من بە با دە ( گیانە ) بە غەمزەی چاوەکانت
خودا بۆخۆی دەیزانێ ( گیانە ) نەماوم لەتاوانت
چاوی کاڵو لێوی ئاڵت ئەمنی کوشتوە فاتمـــە
مایەی ژینو هەستو نیستم مەزهەری ئاواتمـــە
هەمدەمو هەموەقتو سەعاتو کاتمـــە

دەستێکم دە دەستی یار دا با جارچی جاڕدا لـــە شاردا
سبحەینێ سەرلەبەیانی یار گەشتێکی لـــە شـــار دا
لەمن هەروەك ڕۆژ عـــەیانە بەڵێنێ بە کـــەس نادا
چاوی جوانو لێـوی ئاڵت ئەمنی کوشتوە فاتمە
مایەی ژینو هەستو نیستم مەزهەری ئاواتمە
هەمدەمو هەموەقتو سەعاتو کاتمـــە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# كۆڵوانە سوور

ووتنی : ماملێ
هۆنراوە : فۆلکلۆر

ئەی یارێ یارێ یارێ لـــە دمی شەکر دەبارێ
بای شـــەماڵ بیـــکاتەوە گۆشەی دەرکی حەسارێ
چاوەڕوانی یارەکـــەم تاوێـــکی بێتـە خوارێ
بەڵـکو کەمێك ببینم گۆشەیەکی چـــاوی یارێ
کۆڵوانە سوور تۆبە بێ ، چارۆکـــە ســـوور تۆبە بێ
من ئەو یارەم خۆشدەوێ فێری تەڵـــەو هۆبە بێ

لەســـەر باڵای بەرزی تۆ ئیعدامم بۆ ســـادر بێ
چـــەند ساڵان شێتی تۆ بووم بە بێ هەق‌و بێ کرێ
مدەتێ لەوەی پێشتر پەیمانمان بەست لە دەرێ
نە عەهدو نە پەیمانت قەد قەد نابەیە سەرێ
سیلەی ڕوحمت بۆم ببزوێ با خودای من نەت‌گرێ
کۆڵوانە سوور تۆبە بێ ، چارۆکـــە سوور تۆبە بێ
مـــن ئەو یارەم خۆشدەوێ فێری تەڵەو هۆبە بێ

زۆر کـــەس نەمامی چەقاند نەی‌خوارد لە داری بەرێ
خەڵفی داری من شین بوو هاتبوو بـــگاتە بەرێ
فەرمووت ئیستێکی بـــگرە شەرتی خۆم دەبمە سەرێ
وەرە دەرکی دەروازەی بۆ دانیشتوی لەسەرێ
کۆڵوانە ســـوور تۆبە بێ ، چارۆکە ســـوور تۆبە بێ
لەســـەر بەژنێ باریکت ئیعدامم بۆ ســـادر بێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# سەر لەسەر ڕانی

زۆرم حەول لەدوا دا
سەر لەسەر ڕانی تاکو بەیانی
بوومە میوانی نازەنینێ

بێوەفا بووی نەمزانی
سەر لەسەر ڕانی تاکو بەیانی
بوومە میوانی نازەنینێ

شەوو شەوگارم شەق کرد
سەر لەسەر ڕانی تاکوبەیانی
بوومە میوانی نازەنینێ

لەناو سینگ و مەمکانی
سەر لەسەر ڕانی تاکو بەیانی
بوومە میوانی نازەنینێ

کەڵەگەتێ نابینم
سەر لەسەر ڕانی تاکو بەیانی
بوومە میوانی نازەنینێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

هـــەناوم بۆی نەمـــاوە
ســـەر لەسەر ڕانی تاکو بەیانی
بوومـــە میوانی نازەنینێ

دەڵێن شووی کردووە یەمین
ســـەر لەسەر ڕانی تاکو بەیانی
بوومـــە میوانی نازەنینێ

دیارە وەفای نەمـــاوە
ســـەر لەسەر ڕانی تاکو بەیانی
بوومـــە میوانی نازەنینێ

عاشق و ماڵوێران بووم
ســـەر لەسەر ڕانی تاکو بەیانی
بوومـــە میوانی نازەنینێ

بە برسێتی خـــۆم نەزانی
ســـەر لەسەر ڕانی تاکو بەیانی
بوومـــە میوانی نازەنینێ

با بڕوا بەنەعلەت بێ
ســـەر لەسەر ڕانی تاکو بەیانی
بوومـــە میوانی نازەنینێ



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

دۆستی نامیهرەبانی
سـەر لەسەر ڕانی تاکو بەیانی
بوومـە میوانی نازەنینێ

یار بۆ من بێوەفا بووی
سـەر لەسەر ڕانی تاکوبەیانی
بوومـە میوانی نازەنینێ

تازە ناکـەم دڵداری
سـەر لەسەر ڕانی تاکو بەیانی
بوومـە میوانی نازەنینێ

شـەرتە دەچمـە بیابانی
سـەر لەسەر ڕانی تاکو بەیانی
بوومـە میوانی نازەنینێ

نامێنمەوە لـە شاری
سـەر لەسـەر ڕانی تاکوبەیانی
بوومـە میوانی نازەنینێ



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

# مەڵێن دڵ

مەڵێن دڵ پارچـــە گۆشتێکی بەخوێنە
پەنای گرتووە لـــە بن دیواری سینە
مژۆڵی تیری تیژی نازەنینـــە
بە دڵ دێنێ لە ســەد جێگا برینە
بە نۆش‌دارۆ عیلاجی ئـەو برینە
لەکوێ سارێژ دەبێ یا دەکرێ پینـە
برینی جەرگی مـــن زامی ئەوینـــە

ئەگـــەر ئەستی گەیشتە تاجی دینێ
مەمیش کوژرا بە تیری تیژی زینێ
ئەگەر خوسرەو لـــە باوەش دەگرێ شیرین
بەڵام فەرهـــاد فیدای کرد گیانی شیرین
بـــە نۆش‌دارو عیلاجی ئـــەو برینـــە
لەکوێ سارێژ دەبێ یا دەکرێ پینـــە
برینی جەرگی من زامی ئەوینـــە

لەبەرچی بومـــە پیری شێخی سەنعان
لەبۆ چـــاو کاڵێ چوومـــە بەربەرازان
ئەدی مەجنوون لەبەرچی کـــەوتە کێوی
فیـــدای لەیلێ بوو خزمو خێڵو خێوی



Mamle Art Center

Mamle Art Center

بە نۆش‌دارو عیلاجی ئەو برینــــە
لەکوێ سارێژ دەبێ یا دەکرێ پینــــە
برینی جەرگی من زامی ئەوینـــــە

ئەدی بۆ شـــــەم دەسووتێنێ پەپوولەی
ئەدی بۆ کـــەس نی‌یە وەربگرێ تۆڵـــەی
لە عیشقی شـــەم پەپوولە هەڵپرووزا
بە سووتانی پەپوولەی شـــەم دەلەرزا
بە نۆش‌داڕو عیلاجی ئەو برینـــە
لەکوێ ســارێـــژ دەبێ یا دەکرێ پینە
برینی جەرگی مـــن زامی ئەوینـــە

لەبەرچی ڕۆژو شـــەو بولبول دەناڵێ
لـــە عیشقی گوڵ پەڕو پۆی دادەماڵێ
وەرە تۆ بێ‌وەفایی گوڵ ببینـــە
بە بولبول ناڵێ بەسیە ئـــەو گرینـــە
بە نۆش‌داڕو عیلاجی ئـــەو برینـــە
لەکوێ سارێژ دەبێ یا دەکرێ پینـــە
برینی جـــەرگی من زامی ئەوینـــە



Mamle Art Center

Mamle Art Center (٤)

# ئایشیلێ نازەنینێ

ووتنی : ماملێ

هەواو هۆنراوە : فۆلكلۆر

دیسان دەردان سەر لێدام
خەم بەسەرمدا باری
هەڵناكەی لە دێهاتێ
دەڕۆم دەتبەم بۆ شاری
كیژە كوردەی موكریان
چەندە ناسك و نازداری
ئایشیلێ نازەنینێ
كورتە باڵای لێو نەخشینێ
بەچی ئەمنی كوشتووە
بە قاقای پێكەنینێ
وەختێ دێو ڕادەبرێ
سەڵا لەوەی نایبینێ

نەخۆش و پەرێشانم
ئازار نی‌یە دەردی تۆیە
ڕوو لە هەر جێیەك دەكەم
تەعریفی جوانی تۆیە



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

یارم وەك مانگی چواردە
هات گەیی‌یە سەر ئاسۆیە
ئایشیلێ نازەنینێ
کورتە باڵای نەخشینێ
بە چی ئەمنی کوشتووە
بە قاقای پێکەنینێ

کەس نی‌یە بینێرمە کن یار
بۆ باس‌و بۆ خەبەرێ
هەرکەس ئەتۆی لە من کرد
با وەك ئەمنی بەسەرێ
سەرو ماڵم دەفرۆشم
بۆ دوو چاوی دولبەرێ
ئایشیلێ نازەنینێ
کورتە باڵای لێو نەخشینێ
بە چی ئەمنی کوشتووە
بە قاقای پێکەنینێ

سی شەوەی ڕەمەزانێ
فەرزە لەسەر ئۆممەتێ
لە دنیایە بۆم نەبی



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

چیت لێ بـــکەم لە قیامەتێ
سینگ کاغەزی مەرجانێ
مـــەلا لێ ی دەدا خـــەتێ
ئایشیلێ نازەنینێ
کورتە باڵای لێو نەخشینێ
بەچی ئەمنی کوشتووە
بە قاقای پێکەنینێ



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# مەجنـون

وتنی : ماملێ

مەجنون لەبەرچی وادەکەی
مەقسودو دەردی تۆ چی‌یە
بـۆ چوویە شـاخ‌و کـێو کـەژ
کـارت هەمیشە زاری‌یە
سـەد کیژی جوانتر لێرە هـەن
گـەر مەتلەبی تۆ جوانی‌یە
شەیدا مەبە زاری مەکـە
دنیـا سەراسەر فانی‌یە

دەردی عیشق نازانی تۆ
دەردی عیشق گەورەو گرانە
مەیدانی عیشق‌و عاشقی
سـووتان‌و گریان‌و فغانە

مەجنون لە لەیلا دوورکەوە
سـەد کیژی شیرین‌تر هـەیە
چـاو بازو گـەردن کێل‌و جوان
روح سووک‌و دڵگرتر هـەیە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

بێ‌هوده خۆت ریسوا مەکــە
مەقسوودی لەیلا تەفرەیە
جوانی نی‌یە ئەی بێ‌خەبەر
تەکبیری تۆ بێ‌بەهرەیە

دیوانە نیم مــن عاشقم
هــا بەو دڵــەی من لەیلا ببینە
دەرمانی دەردم چارە کەن
نێوی دڵم پاکی برینــە

نوری عیشق نابیندرێ
هەروەك ڕوحی پەروانەیە
هەرکەس کــە ئەهلی دڵ نەبێ
مەجنوونی پێ دێوانەیە
عاشق بە دڵ عاشق نەبێ
سوتانی پێ ئەفسانەیە
مــەردانی ڕێـگای عاشقی
ســەر دادەنێن مەردانەیە

عاشق هــەتا ســەر دانەنێ
ناگــاتە ڕێی ئاوی حەیاتێ
مەردی دەوێ ســەر دابنێ
مەستانە بۆ ڕێـگای نەهاتێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ژوانی تــازه

ووتنی : ماملــێ

یار هاته خوارێ به شۆخی توشی بوو لــەو رێبازه
قەولی ژوانێی لەگەڵ گرتم لێم تەڵــەب کرد ئیجازه
فەرمووی کاتی نیوەشەوێ وەره جێ‌ژوانی تازه
بۆچ نەهاتی بابان وێران هـــەتا کەنــگێ ئەو نازه

گەر ژوانەکەت ســەری نەگرت هـــەر دووربەدوور لــە دەرکێ
زەردێکت بێتە ســـەر لێوان با کوڵی دڵم دامرکێ

عاقڵی بردووم ، شێتی کردووم ، شێواندومی ئەو یاره
قەولمان‌دا لەگەڵ یارێ گاڵتەی پێ کردم دیاره
چـــاوم خێل بوو لاقم شل بوو سیس بووم لــەو بن دیواره
بەختت سوتێ بابان وێران ئەوەش قەول‌و قەراره

گەر ژوانەکەت سەری‌نەگرت هـــەر دووربەدوور لە دەرکێ
زەردێکت بێتە سەر لێــوان با کوڵی دڵم دامرکێ

ئاقڵی بردووم ، شێتی کردووم ، شێواندومی ئەو یاره
قەولمان‌دا لەگەڵ یارێ گاڵتەی پێ کردم دیاره



Mamle Art Center

Mamle Art Center

ئاقڵی بردووم ، شێتی کردوم ، شێواندومی ئەو جوانە
قەولی دامێ بێتە ژوانێ بە زیاد نەبێ ئەو ژوانە
چاووم خێــڵ خێــڵ بوو ، لاقم شل‌بوو ، شەو بەسەرچوو بەیانە
بەختت سوتێ بابان وێران ئەوەش عەهدو پەیمانە

گــەر ژوانەکەت سەری نەگرت هەر دووربەدوور لە دەرکێ
زەردێکت بێتە ســـەر لێوان با کوڵی دڵم دامرکێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# عەزیزم بەیانی

عەزیزم بەیانی کە گوڵ عەترێ دەڕێـژێ
کە بولبول دەناڵێ کە سۆفی دێتە نوێژێ

لە کونجی قەفەسدا بە سەد ناڵە دەخوێنم
هەناوم نەماوە لەبەرچی نایە شینم

لە هیجرانی ویسالت لە دەوری خەتو خاڵت
هەتا هـەم دەخوێنم دەناڵێـنم
هەتا نەوگوڵی خۆم وەدەست دێنم

خەزێمی گیان لەبەرچی نایە شینم
لەبەر چاوی جوانت لەبەر جەرگی بەخوێنم

گوڵو لالـــە پشکوت دەور دەوری گوڵانە
گوڵی من دەپشکوێ بەهاری دوو دڵانە

کە بولبول دەناڵێ کوا گوڵی سورم
هەناوم نەماوە دەمێکە لە تۆ دوورم

دەڵێن ئەورۆ بەهارە بەهاری دوو دڵانە
کـــە بولبول دەکا ڕازی دڵداری
دەگەڵ کۆنە یاری جەفاکاری

بەهارە عەزیزم بەهاری دوو دڵانە
کە بولبول دەخوێنێ لەســەر پەلکی گوڵانە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

له باغی گوڵاندا هـــەر تۆی تاقە گوڵی من
له باغی ویسالت دەبێ خونچه بچنم
له هیجری ویسالت به سەد ناڵه دەخوێنم
له هیجری تۆ دەناڵم عەزیزی ڕوو به خاڵم

دەکێشم به دڵ ڕازی دڵداری
دەپێوم جیهانی جەفاکاری

دەبێ بڕێژم لەســـەر تۆ خوێنی سورم
برینم به ئێشه دەمێکه له تۆ دوورم

هەتا کەی بڕێژم سروشکی سوورو ئاڵم
کەژاڵی عەزیزم له هیجری تۆ بناڵم

ئومێدم نەماوه مەگـــەر لوتفی ئیلاهی
که خوێنم دەرێژم به جورمی بێ گوناهی
وەره ڕوحی ڕەوانم گوڵی بۆنخۆش و جوانم

به بێ تۆ ژیانم نەبێ چاکـــه
ئومێدم به دەرگایی بێباکه

لەسەر تۆ دەڕێژم سروشکی سوورو ئاڵم
له هیجری ویسالت شەوو ڕۆژێ دەناڵم



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# دەنگی قوڵینگان دێ

عیشق بێچارەی کردووم سوتاوم لەوێدا
زولفت با دەیشەکێنێ بە کوێستانو بەوێدا
دەنگی بولبولو قومری دێ دە نیوەشەوێدا
دڵ بە لێو ئاڵێ بەندە بۆیە شێت بووە دەوێدا

کاغەز دەنوسم بۆ لەیلا بە دڵێکی پڕ بە خوێنەوە
دەنگی قوڵینگان دێ لـە هەوای دەڵێن کوێستانین دێنەوە

شـــەو داوەتیان تێکڕا دەکرد لالە بە داستان
چەند جوانو پاکو شیرینە کیژی کوردوستان

مەقـــام :

ڕەنگ زەردی خەزان خەتای پایزەن
ڕەنگ زەردییەکەی من دووری ئازیزەن

دەبا بسازێین لێم بۆچی زیز بووی
بە بێتەقسیری دامەن گیرم بووی

هەتا نەمردووم ماووم وەرە هێزی هەناوم
لە نەخۆشخانە کەوتووم چاوم وا لە مۆلەق وەستاون



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

بۆم بانـگی دکتۆری کەن دەمرم بەعاستەم ماوم
خودا بۆ خۆی دەیزانی کــە تۆی بینایی چــاوم

کاغەز دەنوسم بۆ لەیلا بە دڵێکی پر بەخوێنەوە
دەنــگی قولنگان دێ لە هەوای دەڵێن کوێستانین دێنەوە

شــەو داوەتیان تێکرپا دەکرد لالە بە داستان
چەند جوانو پاکو شیرینە کیژی کوردوستان



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# کراسی زەردی

ووتنی : ماملێ
هەواو هۆنراوە : فۆلکلۆر

عەقڵو دین دەرچووە لە دەستم
مبتەلای دوو چاوی مەستم
تۆ بتی من دەت پەرستم
کراس زەردێم لێ ئاڵاوە

لێ ئاڵاوە ئاڵو ئا بی
شەرمەندەی دەرگای خودای بی
سەر هەڵێنە بێ بەڵا بی
دەڵێم بمدەیە ماچێك
بە ناز کوڵمەی دێنێ ڕابی

بەو قورئانەی لەسەر دەستم
لەت لەت کرێم لەسەر ڕۆستم
نانێم مەیلی کۆنە دۆستم
کراس زەردێم لێ ئاڵاوە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

شەماڵ وەرە گزەی جەرگم
خواردنم خوێناو پەڵاس بەرگم
کراس زەردێم لێ ئاڵاوە

لێ ئاڵاوە کەسکو شینە
کوشتومی کافرەی دوو دینە
دەڵێم بمدەیە ماچێك
لێم بووە بە کۆلکە زێرینە



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center



# بۆ دەگری

با لێنێن پێش باران خێل دێن لە زینوێ شێخی
کێژ گـەراوە دوای باران بەرموران وەخۆی دێخی
تەلەبێ دەکـەم لـە خودای لەکن چادری‌مەی بێخی
بۆ دەگری بۆ دەگری یارم گرۆم لێ دەگری
کراسی مارۆم بۆ کرپیوە گروی گرتووە بۆ هەوری

با لێنێن پێش باران هەواری مـە لەکوێ‌یە
کێژ گـەڕاوە دوای باران بە سواری ماینی کێ‌یە
دەڵێ ماچت نادەمێ دایك و باب چاویان لێ‌یە
با وابێ با وابێ بۆ دەبێ تەوەلا بێ
زەردەخەندێکت بێتێ خـۆ دنیـا خەراپ نابێ

دەگـەڵ خـەم دەگوزەرێ گیانە وەخت و بێ‌وەختم
هـەر دەرمانت نەکرد گیانە ئەو زامی سەختم
تا کەنـگێ کز بێ گیانە ئەستێرەی بەختم
بۆ دەگری بۆ دەگری یارم گرۆم لێ دەگری
کراسی مارۆم بۆ کرپیوە گروی گرتوە بۆ هەوری

لـە یاری خۆم دڵمەندم لـە خەڵـکی وایە گێژم
سەودایەك لـە سەری دام وەك بولبولان دەبێژم
لـەبەر فکرو ئەندێشان وەبەر ناکەوێ نوێژم
بۆ دەگری بۆ دەگری یارم گرۆم لێ دەگری
کراسی مارۆم بۆ کرپیوە گروی گرتوە بۆ هەوری



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# چاو مەستی

ووتنی : ماملێ

دەچمە سەری سوڵتانی کاوڕێکی نێرم خێر بێ
هەتا دەچمو دێمەوە بەدکاران چاویان کوێر بێ

چاو مەستی ئەرێ چاو مەستی لە شەو ڕاوێت هەڵدەستی
قۆڵی نا ژێر سەرینم لێم دەشکاند بازنەی دەستی

دەردی گرانم دولبەرە حوکمێکی سەختم لەسەرە
دوێنێ قەبزێکی ناردبوو فەرمووی قەرزت لەسەرە
ماڵێ بابم بێ‌ڕوحمی سەودامان سەربەسەرە
چ لە خۆمدا شك‌نابەم فەرموو ئیمانم بەرە

چاو مەستی ئەرێ چاو مەستی لە شەو ڕاوێت هەڵدەستی
قۆڵی نا ژێر سەرینم لێم دەشکاند بازنەی دەستی

ڕاوەستا لەسەر بیرێ لەبەر دەسماڵ هەریرێ
چەندی خۆم مەجبور دەکرد دەستم بۆ هەڵناگیرێ

چاو مەستی ئەری چاو مەستی لە شەو ڕاوێت هەڵدەستی
قۆڵی نا ژێر سەرینم لێم دەشکاند بازنەی دەستی



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

سەرێکەو مەستی نازت دڵێکەو بۆت نەماوە
دڵم هەقی بەدەستە فتوای سەری دراوە
حەوت ساڵان یاری من بوۆی بۆچیت نەکرد ماڵئاوا

چاو مەستی ئەری چاو مەستی هەنارە لەسەر دەستی
قۆڵی نا ژێرسەرینم لێم دەشکاند بازنەی دەستی



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

# چەند جوانە

چەند جوانە چەند جوانە گوڵی هەڵاڵە
ڕەنگ زەردە بۆ یاری دوور لـــە ئاوەڵە
شەوانی شوانی شوانە
لە مانـگەشەو بڕوانە
شاییو هەڵپەرکێ سازکەن بۆ نازەنینێ
چەند جوانە چەند جوانە گوڵی شلێرێ
لەدووری ئاوەڵان شینێ دەگێرێ
شەوانی شوانی شوانە
لە مانگەشەو بڕوانە
شاییو هەڵپەرکێ سازکەن بۆ نازەنینێ
چەند جوانە چەند جوانە گوڵی گەزیزە
بەهارە غەمگینە دوور لە ئازیزە
شەوانی شوانی شوانە
لە مانگەشەو بڕوانە
شاییو هەڵپەرکێ سازکەن بۆ نازەنینێ
چەند جوانە چەند جوانە وەنەوشەی ڕەنگین
ڕەشپۆشە بۆ یاری داماوو غەمگین
شـــەوانی شوانی شوانە
لـــە مانگەشەو بڕوانە
شاییو هەڵپەرکێ سازکەن بۆ نازەنینێ



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

# گرتمت بەستمت

سەبرو قەرارت بردم ، کەمشەرتیت لەگەڵ کردم
ئیتر وازم لێ بێنە ، جوانێ ، بەسیەتی مردم

گرتمت ، بەستمت ، کوشتمت ، سووتاندمت
بە زیندەی چاوەکانت لەژێر خاك چەقاندمت

هەم نارنجەو هەم سێوە ، هاوار یا شێخی کرێوە
غەمو مەراقی یارێ ئیشکی کردووم بەپێوە
یارەبی نەبارێ باران ، تاقە گوڵەکەم بەرێوە

گرتمت ، بەستمت ، کوشتمت ، سوتاندمت
بە زیندەی چاوەکانت لەژێر خاك چەقاندمت

لەنگۆ یار پەیدا نابێ ، پەیدا بێ وەفای نابێ
سەد سال خونچە بپشکوێ ، بێبولبول بەهار نابێ
چبکەم دڵ گرتوویەتی بە کەس تەوەلا نابێ

گرتمت بەستمت کوشتمت سووتاندمت
بە زیندەیچاوەکانت لەژێر خاك چەقاندمت

لەنگۆ یار پەیدا نابێ پەیدا بێ وەفای نابێ
سەد سال خونچە بپشکوێ بێبولبول بەهار نابێ
چبکەم دڵ گرتوویەتی بە کەس تەوەلا نابێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ئەسمەران دولبەران

ووتنی : ماملێ
هۆنراوە : فۆلکلۆر

ئەسمەران دولبەران وەکۆبوون بۆ گوڵ چنین
یارەکەم دەگەلێدایە بە قورئانی سەر پەڕ شین
پێنج فەرزەی نوێژم دوعایە خودایە بۆ یەك ببین

ڕاوەستا لەسەر بیرێ لەبەر دەسماڵ هەریرێ
چەندی خۆم مەجبور دەکرد دەستم بۆ هەڵناگیرێ
دەڵێم بمدەیە ماچێك جارێ دەکا تەکبیرێ

ئەسمەران دولبەران وەکۆبوون بۆ گوڵ چنین
یارەکەم دەگەلێدایە بە قورئانی سەر پەڕ شین
پێنج فەرزەی نوێژم دوعایە خودایە بۆ یەك ببین

هەندە هەندی بەیانان دۆستو دوژمن زاهیر بوون
بە سۆزەی بای پایزان مەمکۆڵەی کیژان خڕ بوون
هەموو عاشق پێك شاد بوون بۆم لە مەلبەندی نەبوون
جێی جێژوانێو شەوڕاوێ لە منی ماڵوێران چۆڵ بوون

ئەسمەران دولبەران وەکۆبوون بۆ گوڵچنین
یارەکەم دەگەلێدایە بە قورئانی سەر پەڕ شین
پێنج فەرزەی نوێژم دوعایە خودایە بۆ یەك ببین



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ماڵی مەڕداران

ووتنی : ماملێ

دوو ماڵن لە ڕۆخن
کیژیان جوانو شۆخن
مەمکیان سێوو کۆخن
وەی وەی لەبەر نازی تۆ
مەمکیان سێوو کۆخن
لەبەر چاوی جوانی تۆ

دوو ماڵن بەرانبەرن
کیژیان ڕەش ئەسمەرن
زۆر جوانو دولبەرن
ئەی وەی لەبەر نازی تۆ
زۆر جوانو دولبەرن
لەبەر چاوی جوانی تۆ

دوو ماڵن جیرانن
کیژیان خانو مانن
ڕێگری جێ ژوانن
وەی وەی لەبەر نازی تۆ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

ڕێگری جێ ژوانن
لەبەر چــاوی جوانی تۆ

ماڵی دە مەڕداران
ڕۆین بۆ هــەواران
لێمان دەبڕن یاران
وەی وەی لەبەر نازی تۆ
لێمان دەبڕن یاران
لەبەر چــاوی جوانی تۆ

ڕەشماڵەی مەنگوڕان
لــە دۆڵو لــە خڕان
قاتڵن بۆ کوڕان
وەی وەی لەبەر نازی تۆ
قاتڵن بۆ کوڕان
لەبەر چاوی جوانی تۆ

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# کوڕه مه‌که

وتنی : مامله‌ی
هۆنراوه : فۆلکلۆر

کوڕه مه‌کـــه گرژه گرژێ
ئه‌و چۆڕه شیره‌م لێ ده‌ڕژێ
دایـــکم پێبزانێ ده‌مکوژێ
ئارامی گیـــانم کوڕه مه‌کـــه
شیره‌که‌م لێ ده‌رژێ
هه‌تیو مه‌کـــه په‌نا دیواره
کوڕه مه‌که دایـــکم دیاره
هه‌تیو مه‌کـــه

خۆزگه‌م به دوێنێ پارشێوێ
وێکڕا نوستین به چارشێوێ
لێکیان کردین ماڵیان شێوێ
ئارامی گیانم کوڕه مه‌کـــه
شیره‌که‌م لێ ده‌ڕژێ
هه‌تیو مه‌که دایکم ده‌مکوژێ
کوڕه مه‌کـــه

وێڵی مه‌کانی بێستوونم
عاشقی گه‌نجی فه‌ره‌یدوونم
ده‌نێو عاشقاندا مه‌جنوونم



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

ئارامی گیانم هەتیو مەکە
شیرەکەم لێ دەرژێ
کوڕە مەکە دایکم دەمکوژێ
کوڕە مەکـــە

لە سابلاغێ وەدەرکەوتم
لە گوڵەزەردان وەسەرکەوتم
وەدوای کۆچی لەیلا کەوتم
ئارامی گیانم هەتیو مەکە
شیرەکەم لێ دەرژێ
کوڕە مەکە دایکم دەمکوژێ
کوڕە مەکـــە

ئەوشۆ نەبوو شەوێ دینێ
بە خەیاڵ چوومە مەدینێ
خزمەت پەریزادەی چینێ
ئارامی گیانم کوڕە مەکە
شیرەکەم لێ دەرژێ
هەتیو مەکە دایکم دەمکوژێ
کوڕە مەکـــە
شیرەکەم لێ دەڕژێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

(٧)

# كورتێ هات ڕابرد (١)

ووتنی : مامڵێ
هۆنراوە : فۆلكلۆر
هەوا : لە ئاوازی عەرەبییە

باعیسی گەرمی گیانە بازاڕت من بووم
جەلای ئاوێنەی گیانە ڕوخسارت من بووم

كورتێ هات ڕابرد كوێر بم نەمزانی
خەمی ئەویشم كەوتە سەرشانی

من سكەم گیانە بەناو مەحبووبی لێدا
ڕەواجم پێدا گیانە بە شارو دێدا

كورتێ هات ڕابرد كوێر بم نەمزانی
خەمی ئەویشم كەوتە سەرشانی

بە بای هەناسەی گیانە ساردت دەسپێرم
ئاگری دڵمت گیانە لەدەور دەگێڕم

كورتێ هات ڕابرد كوێر بم نەمزانی
خەمی ئەویشم كەوتە سەرشانی

تەپەو دوكەڵی گیانە هەناسەت بەرز بێ
ناڵەت وەك ناڵەم گیانە بە تاوو لەرز بێ

كورتێ هات ڕابرد كوێر بم نەمزانی
خەمی ئەویشم كەوتە سەرشانی



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# کورتێ هات ڕابرد

ووتنی : مامڵێ
هۆنراوە : فۆلکلۆر
هەوا : لە ئاوازی عەرەبییەوە

باعیسی گەرمی گیانە بازارت من بووم
جەلای ئاوێنەی گیانە ڕوخسارت من بووم

کورتێ هات ڕابرد کوێر بم نەمزانی
خەمی ئەویشم کەوتە سەرشانی

من سکەم گیانە بەناو مەحبووبی لێدا
ڕەواجم پێدا گیانە بە شارو دێدا

کورتێ هات ڕابرد کوێر بم نەمزانی
خەمی ئەویشم کەوتە سەرشانی

مەقـــام :

چەند شاران گەڕام چەند خاکەساری
بووم بە شوانەکەی هەق نادیاری

هەر گەر نەکەرۆ ڕوحمێ بە حالم
بە جەددت قەسەم وێرانە ماڵم



Mamle Art Center

Mamle Art Center

یاخوا غەریبان هیچ کوێیان نەیەشێ
چونکە کەسیان نی‌یە نازیان بکێشێ

شەوان تا بە ڕۆژ گریان مەیلمن
یەکجار پەژارەی دووری لەیلمن

کورتێ هات رابرد کوێر بم نەمزانی
خەمی ئەویشم کەوتە سەرشانی

تەپەو دوکەڵی گیانە هەناسەت بەرز بێ
ناڵەت وەك ناڵەم گیانە بە تاوو لەرز بێ

کورتێ هات ڕابرد کوێر بم نەمزانی
خەمی ئەویشم کەوتە سەرشانی

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# نەشمیل هەی نەشمیل

ووتنی : ماملێ

هەواو هۆنراوە : فۆلکلۆر

قەسەم بە ڕەحمانو ڕەحیم
هەتا لەو دنیایەی دەژیم
مەیلت نانێم یاری قەدیم
نەشمیل هەی نەشمیل نەشمیلانێ
دەم چوکەڵەی لێو قەیتانێ

سیو مراوی دە پۆڕن
بەسەر بەحراندا دەنۆڕن
کیژی ئێستا کەمشەرتن
هێجگار زوو قەولان دەگۆڕن
نەشمیل هەی نەشمیل نەشمیلانێ
دەم چوکەڵەی لێو قەیتانێ

چاوێك هەڵێنە تاوێك بڕوانە
دوو قۆڵی گۆشتن بۆ بازنە جوانە
نەشمیل هەی نەشمیل نەشمیلانێ
دەم چوکەڵەی لێو قەیتانێ



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

له پلیکانان وەسەرکەوت
ڕیشوەی شەدەی وەبەرکەوت
لەخەفەتان نێوکم کەوت
نەشمیل هەی نەشمیل نەشمیلانی
دەم چووکەڵەی لێو قەیتانێ



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# دڵداری تازە

ووتنی : ماملێ
هەڵبەست غەریب پشدەری

ئەگەر دەمزانی جوانێ گیان خۆشەویستی تۆ
ئاوا دەبێتە نازەنین ڕازو تانو پۆ
وەرە ئەی باوانم ئەی عەزیزی گیانم
ئامان تۆی دەواو دەرمانم
خۆم نەدەخستە جوانێ گیان داوی دڵداریت
بە زەردەخەنەی نازەنین سەر لێوی درۆ
وەرە ئەی باوانم ئەی عەزیزی گیانم
ئامان تۆی دەواو دەرمانم

کە سووری دەستو جوانێ گیان پەنجەتم بینی
وامزانی خەنە نازەنین بەندان دەنوێنی
وەرە ئەی باوانم ئەی عەزیزی گیانم
ئامان تۆی دەواو دەرمانم
نەمزانی خوێنی نازەنین دڵی زامدارم
کە جوانی خۆتی ئازیزم پێ دەنەخشێنی
وەرە ئەی باوانم ئەی عەزیزی گیانم
ئامان تۆی دەواو دەرمانم



Mamle Art Center

Mamle Art Center

ئێستاش ماڵئاوا جوانێ گیان بەجێم بهێڵە
هەردەی ناسکی جوانێ گیان دڵم بکێڵە
وەرە ئەی باوانم ئەی عەزیزی گیانم
ئامان تۆی دەواو دەرمانم
ئێمە هاودەردی ئازیزم عیشقی یەکترین
منی کەساس و جوانێ گیان ئەو دڵە وێڵە
وەرە ئەی باوانم ئەی عەزیزی گیانم
ئامان تۆی دەواو دەرمانم

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# سەراسەر جەرگم

ووتنی : ماملێ

ڕەبی ساقی شووشەت کون بێ
جامی دەستت سەرەوبن بێ
بەڵکو فایدێکت بۆ من بێ
ئاخ سەراسەر جەرگم پەیکانە
پەیکانە ، پەیکانە
بۆچ نەما ئەو عەهدو پەیمانە
پەیمانە پەیمانە

دیسان شەو هات بۆ حاڵی من
بۆو دڵەی پڕ خەیاڵی من
گەڕەك نانوێ لە ناڵەی من
ئاخ سەراسەر جەرگم پەیکانە
پەیکانە ، پەیکانە
بۆچ نەما ئەو عەهدو پەیمانە
پەیمانە ، پەیمانە

کەس نازانێ بۆ بێوازم
گیرۆدەی دەستی سەربازم



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

بەجێی هێشتوم ئاوات خوازم
ئاخ سەراسەر جەرگم پەیکانە
پەیکانە ، پەیکانە
بۆچ نەما ئەو عەهدو پەیمانە
پەیمانە پەیمانە

قوربانت بم چاکی پیرێ
گەرەکێ مە بە قوڕێ گیرێ
شەیتان زۆرن دۆست ناگیرێ
ئاخ سەراسەر جەرگم پەیکانە
پەیکانە پەیکانە
بۆچ نەما ئەو عەهدو پەیمانە
پەیمانە پەیمانە



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

# دەنــا کورتێ

دیسان شەو هات بۆ حاڵی من
بۆو دڵەی پڕ خەیاڵی من
گەڕەک نانوێ لە ناڵەی من
دەنا کورتێ چت لێ کردم

ڕووت ڕەش بێ دەگەڵ قەرارت
ئەما شەرتو وەفای یارت
یاڕەبی کوێر بێ سەبەب کارت
دەنا کورتێ چت لێ کردم

مارانگاز بووم ترسام لە حەی
لەناکاو دەستم برد بۆ بەی
باغەوان گازی کرد نەیکەی
دەنا کورتێ چت لێ کردم

هەرچەند فکرانی لێ دەکەم
ئەوسال ساڵم خەلاس ناکەم
دەڵێن لێم زیزە لەیلاکەم
دەنا کورتێ چت لێ کردم



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# یارم گەردن کێلە

شەمال هات بای بەهـــارە
پامال دەکـــا پەژارە
تێکیان پێچا خێلاتی
مەنزڵیان قەراغ شارە
لەنێو کیژی ئەو عێڵەی
دوو چاوی یارم دیارە

یارم هـــاتە نێوشاری
باردەکەن بۆ هـــەواری
تێکەڵ بوون لە قەندیلێ
عێلی سورچیو زوراری
کزو گردەنشینم
لەسوێی چاوی بەخوماری

یاری مـــن گەردن کێلە
منداڵ کارەو جحێلە
قەولی پێـــدام بیبینم
بڕێـــکم لێ لە فێڵە
وەك مانـگی شەوی چاردە
دیارە لەنێو ئەو عێڵە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

کەزی یەی وەکو رەشمارە
سینگی باخچەی هەنارە
گێلگێلەو دەسرەو شەدە
عالقەو دەرزیلەو گوارە
هەر لە یارێ من جوانن
خوێن شیرینەو منداڵ کارە

کاتێ ڕۆیی بۆ کانی
چوومە سەیرێ چاوانی
دوور بوومەوە لە ئاوەدانی
تاق بووم لە ئاوەدانی
ئاوڕی داوە بۆ لام بێ
عەلامەی دایکی زانی

سەدبریا نەمدیبایە
تازە غەم بەکارنایە
حۆری بەهەشتێم دەنێ
دەگەڵ ماڵی دنیایە
هەردوو دنیام پێدەدا
گەر چاوی یارێم بایە



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

٦

# دەســـــماڵێ

ووتنی : مامڵێ
هەواو هۆنراوە : فۆلـکلۆر

بار بەستەی سەفەر ڕێـگام زۆر دوورەن
مەنزل بێپایان تۆشە زەروورەن
دەسماڵێو دەسماڵێ لێ لێ دەسماڵێ
بۆ دەسرە بادانێ دەچتەوە ماڵێ
لـــە ئامێزێی دەگرم بۆ من هیچ ناڵێ

وەرە هاوارم لەیلای گشت کەسم
مەیەڵە بەربێ دەستت لە دەسم
دەسماڵێو دەسماڵێ لێ لێ دەسماڵێ
بۆ دەسرە بادانێ دەچتـــەوە ماڵێ
لە ئامێزێی دەگرم بۆ من هیچ ناڵێ

ئەوشۆکە دیسان دەرون پڕ خەمەن
کاروانی خەمان لەلامان جەمەن
دەسماڵێو دەسماڵێ لێ لێ دەسماڵێ
بۆ دەسرە بادانێ دەچتەوە ماڵێ
لە ئامێزێی دەگرم بۆ من هیچ ناڵێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

لەتاو دووری تۆ دڵ بێقەرارەن
بینایی دیدەم لـــە خەو تەتارەن
دەسماڵێو دەسماڵێ لێ لێ دەسماڵێ
بۆ دەسرە بادانێ دەچتەوە ماڵێ
لە ئامێزێی دەگرم بۆ من هیچ ناڵێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# هیجری یــار

ووتنی : ماملــێ
هەوای : مامڵێ

ئەی گوڵی ناکامڵم ئەی تاقە یارم
دەردی عیشقم کاری‌یە شێت‌و هەژارم
بێ‌وەفا تاکەی جەفا دڵ بێ‌قەرارم
هیجری یار هیجری یار دەردی گرانە
بە بێ خاڵی ڕوخت ماڵم وێرانە

شەربەتی عیشق‌و جەفا لائق بە خۆمە
پێت چی‌یە ئەو ئاگری پێی ڕەنجەڕۆمە
دڵنیاو بێ‌قەراری دوو چاوی تۆمە
هیجری یار هیجری یار دەردی گرانە
بە بێ خاڵی ڕوخت ماڵم وێرانە

عاشقی جەورو غەمان دەردی گرانە
تیری عیشقی ئەو گوڵەی دەردی بە جانە
بێ سەبەب تۆراوە لێم ئەو خونچە جوانە
هیجری یار هیجری یار دەردی گرانە
بەبێ خاڵی ڕوخت ماڵم وێرانە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

کێ هەیە ئەوڕۆ بڵێ عاشقی چۆنە
شەربەتی عیشق‌و جەفا مەکتەبی کۆنە
باری من سورەگوڵە عەتری بەبۆنە
هیجری یار هیجری یار دەردی گرانە
بە بێ ڕوخت ماڵم وێرانە

بێ‌قەرارم من لە سوێی جەمالی ماهت
شوعلەی ئەستێرەکەی نیوە نیگاهت
تاکەی ئەسیرو کز بم من وەبان ڕاهت
هیجری یار هیجری یار دەردی گرانە
بە بێ خاڵی ڕوخت ماڵم وێرانە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# گوڵەکەم (١)

ووتنی : ماملێ
هۆنراوەی : وەفایی

گوڵەکەم دەڵێن ئەوا دێ هەموو وەختێ چاوە چاوم
ئەی خودا تۆ بڵێی وەهابێ بێتەوە ڕوونایی چاوم !؟

سەبەبی زوڵفی شێواوە حوسنی ڕوو مەدەدی پێ داوە
من کەوا ڕۆژم بۆتە شەو کە بە ڕۆژی ڕەش داماوم

تا بزانن تۆ گوڵزاری ڕوستەی سەری جۆیباری
بەخەندە هاتی بەخێربێی قەدەمت سەر دوو چاوم

خوێنی من بە گەردنی زوڵفت بە ئیشارەی چاوەکانت
من ئەگەر شکاوە پشتم ، من ئەگەر جگەر بڕاوم

بە سەری خەدەنگی نازت جگەری بڕیم چاوی بازت
بە ئومیدی نازێکی ویم ئەگینا ئەمن نەماوم

ئەی شەماڵ ، ئەی شیفای نەساغان وەرە تۆ بیو خاڵی ڕووی یار
بە گوڵو وەنەوشەی باغان بگەیێنە دوعاو سلاّوم



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# هەوری لە کۆڵ

ووتنی : مامڵێ
هۆنراوە : فـۆلـکلۆر

بیــکە بە خاتر ( جوانێ گیان ) حەزرەتی موسا
گەر موسڵمانی ( جوانێ گیان ) تەفرەدان بەسە
هەوری لە کۆڵ ، بازنە لە قۆڵ
سینگ نـەرمو نۆڵ
وەختــە لــە سوێت بمرم
ئەی بەری بەیانیان پێم‌خۆشە
لــە باوەشت بـگرم

کۆرپەی دڵەکەم ( جوانێ گیان ) گریەو زار دەکا
بۆ خۆت دەیزانی ( جوانێ گیان ) بۆ هاوار دەکا
هەوری لە کۆڵ ، بازنە لە قۆڵ
سینگ نەرمو نۆڵ
وەختــە لــە سوێت بمرم
ئەی بەری بەیانیان پێم‌خۆشە
لــە باوەشت بــگرم



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

ئاخ هەناسەی ساردم ( ئەی هاوار ) دە ماڵم گەڕێ
ئەو شادیەت بێمەیل ( یا ڕەبی ) لێت وە شین گەڕێ
هەوری لە کۆڵ ، بازنە لە قۆڵ
سینگ نەرمو نۆڵ
وەختـــە لەسوێت بمرم
ئەی بەری بەیانیان پێم‌خۆشە
لـــە باوەشت بـگرم



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# موو ناپسێنم

ووتنی : مامڵێ
هۆنراوەی : هێمن

ئەمن دەمگوت لە دنیا تا بمێنم
لەبەر کەس ئەستەمە سەر دانەوێنم
کەچی ئێستا لە داوی بسکی تۆدا
گرفتارم گوڵم موو ناپسێنم
جوانێ گیـــان بۆ وات لێ کردم
بە قسەی خەڵکیت لەگەڵ کردم
یاخوا بەدکار بێ بە پردم
چقسەی چاکت بۆ نەکردم

ژیانم پڕ لـــە ڕەنجەو نامرادی
بە هەڵکەوتیش نەهاتم توشی شادی
دڵم هێند تەنگە هەر جێی تۆ دەبێو بەس
ئەتۆش مەحکوومی حەپسی ئینفیرادی
جوانێ گیان بۆ وات لێ کردم
بە قسەی خەڵکیت لەگەڵ کردم
یاخوا بەدکار بێ بە پردم
چ قسەی چاکت بۆ نەکردم



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

قەرار بوو بێی لەگەڵ خۆت شادی بێنی
نەهاتی گەرچی بێتدابووم بەڵێنی
لەناو کوردا نەبوو پەیمان شکاندن
لەکوێ فێربووی گوڵم پەیمان شکێنی
جوانێ گیان بۆ وات لێ کردم
بە قسەی خەڵکیت لەگەڵ کردم
یاخوا بەدکار بێ بە بردم
چ قسەی چاکت بۆ نەکردم

ئەگەرچی ڕۆیی قەت ناچی لە یادم
دەکەم یادت ، بە یادی تۆوە شادم
کە بارگەت بۆ هەوار تێکنا عەزیزم
شکا ئەستووندەکی تاوڵی مرادم
جوانێ گیان بۆ واتلێ کردم
بە قسەی خەڵکیت لەگەڵ کردم
یاخوا بەدکار بێ بە بردم
چ قسەی چاکت بۆ نەکردم

---

(١) تاریکوڕوون ـ هێمن ـ ١٩٧٤ لاپەڕ (١٢٩) ٠



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ســـەوزە

ووتنی : ماملـێ
هۆنراوە : فـۆلـکلۆر

خەتای من نیە سەوزە گیان تۆ چاوت دێشێ
دایکی خۆت نیە سەوزە گیان نازت بکێشێ
سەوزە مەڕۆ سەوزە گیان سەوزەڵەی ماڵم
نەخۆش نەکەوی سەوزە گیان نەشکێنی باڵم
ڕەبی کافر بە حـــاڵم
چاوت ئەستێرە سەوزە گیان ڕوو لە کۆ دەکا
ئەو دڵەم وەسوەسەی سەوزە گیان باڵای تۆ دەکا
سەوزە مەڕۆ سەوزە گیان سەوزەڵەی ماڵم
خۆ من زوو زانیم سەوزە گیان تۆ بۆ من نابی
ئاخر ئای بێبەڵا بی
خودا دەیزانێ سەوزە گیان بۆ تۆ نەخۆشم
خەڵک بێغەمە سەوزە گیان من غەم دەفرۆشم
سەوزە مەڕۆ سەوزە گیان سەوزەڵەی منداڵ
لێو پەرەی کاغەز سەوزە گیان تازەت ڕشتووە خاڵ
ئاخر زوو بێرەوە ماڵ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# زەمانــە

زەمانە گوڵێکی دامێ لێی ستاندم
بۆنم پێوە نەکرد لێی هەڵپساندم
ڕیشەی جەرگ‌و دڵم بو ئەو گوڵەی من
فەلەك زۆر بێوەفا بوو لێی ستاندم

ئای گوڵەکەم ، وای گوڵەکەم ، بۆن‌خۆشەکەم
پاشی باڵاکەی تۆ دڵ بە کێ خۆش کەم

شایی‌و شینم تێکەڵ بوو ئەی گوڵی من
بەهارە پەڕپەڕە ژاکا گوڵی من

سەبەب‌کارت زەلیل‌و قوڕبەسەر بێ
شەوو ڕۆژ خواردنی خوێنی جگەر بێ

غەریب مابووم لە تارانێ بۆ وات کرد
ئەسیر مابووم لە زیندانێ بۆ وات کرد
لەبەر خاتری خۆشەویستت بۆ وات کرد
لەبەر تاقە براکەی خۆت بۆ وات کرد
ئای بۆ وات کرد ، وای بۆ وات کرد ، ئاخ بۆ وات کرد
بە دەستی خۆت ماڵی ئەمن‌و خۆت خەراپ کرد



Mamle Art Center

Mamle Art Center

ئای گوڵەکەم ، وای گوڵەکەم ، بۆن‌خۆشەکەم
پاشی باڵای تۆ دڵ بە کێ خۆش کەم

مەکەن مەنعی دوو چاوی پڕ لـــە ئاوم
بە دەستی قەوم‌و خوێش من دڵشکاوم
لـــە دنیـــادا بە مەرگت تاکو ماوم
خوێناو دێ لـــە دڵ‌و جەرگ‌و هەناوم

ئای غەریبم ، وای غەریبم ، ئای غەریبم
سووتا جەرگم لە دەستم چوو حەبیبم

درێغا حەسرەتا ئەز زیندەگانی
نەچیدی گول زو گولزاری‌جەوانی
بەسەد حەسرەت بە زیری خاک ڕەستی
نەدیدی تەخت‌و بەختی کامەرانی

ئای نەدیدەم ، وای نەدیدەم ، یاری جانم
خودا هافیز دیاری میهرەبانم



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# به زوڵفو ڕووخسار (١)

ووتنی : مامڵێ
هۆنراوەی : وەفایی

ئەرێ ئەی بە زوڵفو ڕوخسار صەنەمی چین ماهتابم
دەمەکەو خەندەکەو نیگاهت نمەکو مەزەی شەرابم
من لەبەر نیگاهت بمرم ، تۆ سەرو غەمزەکەی جەلابم
بڵێ پێم گوڵەکەی بەهاری : لە تۆ تا بەکەی جودا بم
وەرەوە بە شەرتی جاران ، ڕۆژێ صەد جارت فیدا بم

بە وێرانەی دڵی شێواوم شیوەنو واوەیلایەو ڕۆڕۆ
ئاورێك بەربۆتە هەناوم دێتە دەر لە هەناسەم بۆسۆ
بوومە ئەفسانەی وولاتان : شار بە شار ، ماڵ بە ماڵ ، کۆ بە کۆ
خاڵی چاوت گۆشەی ئەبرۆ ، دوو دینیان کردم لەسەر تۆ
یا بمکە پیری مەیخانە ، یا موریدی خانەقا بم

عاشق وادەبێ بە هەموودەم : چاو پڕئاو ، دڵبڕاو ، مەحزون
پێی هەوا بشکێ ، پێی نەمێنێ غەیری هۆ لە دەروونو بیرون
خاکی ڕێی دولبەری وەبزانێ سورمەیە بۆ چاوی پڕ خوون
سەگەکەی ڕێبازی لەیلێ وەرە سەر دوو چاوی مەجنوون
دونیام ئەو ڕۆژە لێ ڕوونە خاکی بەرپێی ئاشنا بم

(١) دیوانی وەفایی ـ میرزا عەبدولڕەحیمی ساباڵخی ـ ١٩٧٨ ـ لاپەڕە ٤٨ ـ ٤٩ ٠



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# هەر دەڕواو بەجێم دێڵێ

ووتنی : ماملێ
هۆنراوە : فۆلکلۆر

وەک بولبولان فەسڵی بەهار
شەوو ڕۆژو لەیلو نەهار
دەناڵێنم بۆ وەسڵی یار
هەر دەڕواو بەجێم دێڵێ

جەرگم لەت لەت کەن بە شیران
قوڵبەستم کەن بە زنجیران
دەچمە دیدەنی دەزگیران
هەر دەڕواو بەجێم دێڵێ

جەرگم لەتلەتی باڵاتە
خاڵێک وا لەسەر کوڵماتە
تالەمێ خودای بەتەماتە
هەر دەڕواو بەجێم دێڵێ

دەگوڵە دامێنی منو حاجەر
خاڵێ لەیلێم دێنە دەفتەر
هەر خاڵێکو دووسەد گەوهەر
هەر دەڕواو بەجێم دێڵێ



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# یـادی بـەخێر

ئەو گوڵەی مەشهووری گشت ئالەم بوو کوا یادی بەخێر
مەیلی وی دەرمانی دەردی من بوو کوا یادی بەخێر
چۆن دەبێ فیکرت نەبێ تیرت لــە جەرگم کاری‌یە
ئەودەمەی بوومە نیشانەی تیری تۆ یادی بەخێر
بای شەماڵ بیدا بە دەس ئەو دولبەرە هاوارم
مەڵحەمێکم بۆ بنێرێ بۆ دڵەکەی زامدارم

من کە سەیدی تیری سەیادم نەما سەییادی من
ئەودەمەی تیرت لە جەرگی من دەدا یادت بەخێر
ئەو کــە دەیفەرموو وەفادارم بە شــەرتی عاشقی
چۆن لەیادم چێ کەلامو خەندەکەی یادی بەخێر
بای شەماڵ بیدا بە دەس ئەو دولبەرە هــاوارم
مەڵحەمێکم بۆ بنێرێ بۆ دڵەکەی زامدارم

گــەر بە غەمزەی چاوی مەستی وەك موهیب شیرین کەلام
مەرهەمی دەردی بریندارى دەکرد یادی بەخێر
چۆن بژیم بێ تۆ گوڵم ئەوڕۆ لــــە گوڵزارا نەبێ
گشت جیهان زیندانە بێ‌تۆ غەمزەکەت یادی بەخێر
بای شەماڵ بیدا بە دەس ئەو دولبەرە هــاوارم
مەڵحەمێکم بۆ بنێرێ بۆ دڵەکــەی زامدارم



Mamle Art Center

Mamle Art Center

مــن دەناڵێنم کـــە بۆ لەیلا لە گوڵزارا نی‌یە
چـاوی مەستو خاڵـی لێـوی ئەو گوڵەم یادی بەخێر
چاوەکەم تاکەی وەکو مەجنوونی شەیدا ناڵەکەم
هـــەر لەسەر شەرتی قەدیمم بێ‌وەفا یادت بەخێر
بای شەماڵ بیـــدا بە دەس ئـەو دولبەرە هاوارم
مەڵحەمێکم بۆ بنێرێ بۆ دڵەکەی زامدارم

دولبەری ماه پەیکەری نازداری من وا چۆتە کوێ
پێی بڵێن با بێتەوە جانانی من یادی بەخێر
خۆش ئەدا شیرین لەقای چاو مەستی شۆخو شەنگەکەم
بێتەوەو بێنێتەوە سامانی من یادی بەخێر
بای شەماڵ بیدا بە دەس ئەو دولبەرە هاوارم
مەڵحەمێکم بۆ بنێرێ بۆ دڵەکەی زامدارم

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# غــەزەل

ووتنی : ماملێ

هۆنراوەی : کامیل




من دەڵێم : شاری دڵم باغو گوڵستانە دەچم
عەقڵ دەڵێ : ( نا ، قەسەبە شۆرشی مەستانە ، نەچی )

من دەڵێم : نوختەیی ئەو ڕەوزەنی ئیمانە دەچم
ئەو دەڵێ : ( نا ڕەشە ، جێ راوگەیی شەیتانە ، نەچی )

من دەڵێم : مەسکەنو ئارامگەیی جانانە دەچم
ئەو دەڵێ : ( سەربەسەری تێکچووە ، وێرانە ، نەچی )

من دەڵێم : جێگەیی هەر شێتو جنوونانە دەچم
ئەو دەڵێ : ( نا ، زەدەیی پەنجەیی پەریانە نەچی )



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

من دەڵێم : مەرکەزی ئەستواری حەریفانە دەچم
ئەو دەڵێ : ( جێ تەمەعی چاوی حەسوودانە نەچی )

من دەڵێم : وەختی خەتەر مەئمەنو قەڵغانە دەچم
ئەو دەڵێ : ( کون کونە ، جێگەی سەری پەیکانە ، نەچی )

لـــەم هەموو چوونو نەچوونە سەری سوڕما (کامیل)
من دەڵێم : جوانە بچم ، ئەو دەڵێ (وا جوانە ، نەچی)

---

(١) گۆڤاری رۆژی کوردستان ـ ژمارە (٣٣) تشرینی دووەمی (١٩٧٥) لاپەرە (٥١) ٠




Mamle Art Center

Mamle Art Center

# بلوێری شـــوان

ئاوازو وتنی : ماملێ

هۆنراوەی : هێمن




نیوەشەوە دنیا خامۆش
دێتـــە گوێم ئاهەنگێکی خۆش

ئاهەنگێکی گیانپەروەرە
شادیهێنە ، خەفەتبەرە

ئاهەنگێکی دڵنەوازە
تارە ؟ یۆڵونە ؟ یا سازە ؟

نا ••• نا ••• ئاهەنگی بلوێرە
جا مەرە گوێی بۆ ڕادێرە



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

هەزار خۆزگەم بە خۆت شوانە
کــە بەو ناگەشەوە جوانە

دانیشتووی لــە ڕژدو هەڵدێر
پەنجە دەبزێوی لە بلوێر

دەگەڵ تەبیعەت هاودەمی
شادی ، بەکەیفی ، بێغەمی

ئاغاش بە نۆکــەر ناگری
وەک من لە داخا نامری

وەرە شوانە هــەموو شەوێ
نیوەشەوێ ، کاتێ خەوێ

لــەو کێوو نواڵە زەنوێرە
تێتوڕێنە لــەو بلوێرە

لەسەر ترووپکی ئەو کێوە
پەنجە لە بلوێر ببزێوە

با کێوەکە دەنگ‌داتەوە
شاعیریش خــەو بیباتەوە

(١) تاریک‌و ڕوون ـ هێمن ـ ١٩٧٤ ـ لاپەڕە ـ ٨٩ ، ٩٠



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# سەد بریا یار لێرە بایە

دەروێش و خۆشخوان و ئاغایە
قوتابی و میرزاو مەلایە
هەمووم ناردوونە تکایە
بەوشەرتەی بێیە ڕەزایە
بەو غەوسەی مال لە بەغدایە

غەمی عالەم بۆ من چاکە
یەخەی خۆم دەدڕم سەرپاکە
چونکە چاو جوان پێم دەڵێ کاکە
سەد بریا یار لێرە بایە

گوڵ پەیدابوون لە موکریان
خونچە پشکوت بە بای زریان
دەستەی عاشقان بۆی دەگریان
سەد بریا یار لێرە بایە

دوێنێ ڕۆیی بانگی هێشتم
پێم گوت بۆ ماچێک نەیهێشتم
شەرابی مەرگی پێ چێشتم
سەد بریا یار لێرە بایە



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

کاڵێ له دڵت مه‌گره غه‌مێ
منـــدالم تازه ده‌گه‌مێ
گه‌وره بم ماچت ده‌ده‌مێ
ده‌بی‌یه خۆش‌به‌ختی‌یه عاله‌مێ
سه‌د بریا یار لێره بایه

قوربانت بم چاکی پیرێ
گه‌ڕه‌کێ مـــه به قوڕێ گیرێ
شه‌یتان زۆرن دۆست ناگیرێ
سه‌د بریا یار لێره بایه

ڕووت ڕه‌ش بێ له‌گه‌ڵ قه‌رارت
نه‌ما شه‌رت‌و وه‌فای یارت
ڕه‌بی کوێر بێ سه‌به‌بکارت
سه‌د بریا ئه‌و قسه ڕاست بایه

دیسان شه‌و هات بۆ حاڵی من
بۆو دڵـه‌ی پرخه‌یاڵی من
گه‌ڕه‌ك نانوێ له ناڵه‌ی من
سه‌د بریا یار لێره بایه



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# لەرزانــە

ووتنی : ماملــێ
هەواو هۆنراوە : فـۆلـکلۆر

نە دەردم وەکوو دەرددەدارانە
نە برینم وەکوو بریندارانە
ئەی وەی لەرزانە دەی دەی لەرزانە
ئەو گوڵەی هەڵدەگرم دەیبەم بۆ بانە
ئاوێزانی بم لـــەو کەلی خانە

دەشتی پشت قەڵا ڕازاوە بە گوڵ
ئارەق دەڕێژم زەنــگول بە زەنــگوڵ
هەر تۆم خۆش‌دەوێ بە گیانو بە دڵ
ئەی وەی لەرزانە دەی دەی لەرزانە
ئەو گوڵەی هەڵدەگرم دەیبەم بۆ بانە
دوو قسەی پێ دەڵێم هەی بە مەحرەمانە

چاوت ئەستێرە هەی ڕوو لە کۆ دەکا
ئەو دڵەم وەسوەسەی هەی باڵای تۆ دەکا
ئەی وەی لەرزانە دەی دەی لەرزانە
ئەو گوڵەی هەڵدەگرم دەیبەم بۆ بانە



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

لەرزانەکانی لەرزم وەی لێ دێنێ
قەسی‌یە بە نازان جەرگم دەردێنێ

دەسماڵی سەرت هەریری نەرمە
بە دڵم حەز لێ کرد بە زارم شەرمە
ئەی وەی لەرزانە دەی دەی لەرزانە
ئەو گوڵەی هەڵدەگرم دەیبەم بۆ بانە
دوو قسەی پێ دەڵێم بە مەحرەمانە

هەر کۆچ کۆچت بوو کۆچت بوو بە ڕاست
کەمنمەکیت کرد ماڵئاوات نەخواست
ئەی وەی لەرزانە دەی دەی لەرزانە
ئەو گوڵەی هەڵدەگرم دەیبەم بۆ بانە
قەسی‌یە بە نازان ڕیشەم دەردێنی



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# لەمێژە لەمێژە

بۆ خۆم دوورم نایگەمێ
کەس نی‌یە وەڵامێ‌ی دەمێ
سەبرو خۆشی لێ بڕیوم
کەوتوومە بەحری غەمێ
دوو برۆی ڕەشی هیلالی
کەوتوونە ژێر پەرچەمێ
سووچی چادرەکەت لادە
با مانگ دەرچێ لە تەمێ

لەمێژە زۆر لەمێژە
یەخسیرت کردووم لێرە
زەکاتی چاوەکانت
ئاورێکم وێدە خێرە
گەردنت هەڵاڵەی زەردە
بەژنت شتڵە شلێرە
سەبارەت بە چـــاوی جوانت
با ئاوەدان بێ ئێرە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

هەم نارنجەو هەم سێوە
هـــاوار یا شێخی کڕیوە
غـــەمو مەراقی یارێ
ئیشکی کردوم بەپێوە
یاخودا نەبارێ باران
تاقـــە گوڵەکەم بەڕێوە

لەمێژە زۆر لەمێژە
یەخسیرت کردوم لێرە
زەکاتی چاوەکانت
ئاورێــکم وێدە خێرە



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

# ئازیزەکەم

مەقــام :

(ئاخ) مەمکە بە خاڵۆی خاوەن خاڵان
دڵم زێڕێکە (کەسم های) نایدەم بە تاڵان
نەمداوە بە کەس ئێستا ساوایە
تازە خاڵێکی (کەسم های) ئی تۆی تێدایە
پێم ئەڵێی خاڵۆ گوایە من پیرم
دێوانەی خاڵی (کەسم های) ئەدەی لە بیرم
من نە خاڵۆم و نە خاڵۆ منم
دێوانەی خاڵی (کەسم های) گۆناو گەردنم

بەســتە :

وەختی بێیار بووی (ئازیزەکەم) هەر منت یار بووم
هەر من دڵسۆزو (ئازیزەکەم) غەمخوارت بووم
چ بڵێم و چ بکەم بۆچی فغان بۆچی هەراکەم
چی دی هەیە دنیا تەمەننا لە خودا کەم



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# نەخۆش‌و پەرێشانم

نەخۆش‌و پەرێشانم ئارامم نی‌یە ساتێ
سەفەرێکم کەوتە بەر ڕێ‌یە هات‌و نەهاتێ
چاوەرێمە لە ڕێ‌یە با کاروان بێ‌و بم‌گاتێ
هـــەم نارنجەو سێوو بێ یارم شیرین گرۆێ بێ
ناوێرم کوڵمەی ماچ‌کەم نەك بۆ عالەمێ فێر بێ

سەرگۆی مەمکی زۆر لوسە کراسی پێوە بەند نابێ
شەدەی بەستوە بێریانی دەسرۆکەی تۆزێك تیلە
قامکی شوش‌و باریکە تێیدایە ئەنگوستیلە
لەسەرچی تۆ لێم زیزی زیز بونت بێ‌دەلیلە
هەم نارنجەو سێوو بێ یارم شیرین گرۆێ بێ
ناوێرم کوڵمەی ماچ‌کەم نەك بۆ عالەمێ فێر بێ

دەگریاو هەڕەشەی دەکرد گا بە شیرو گا بە تیر
چومە کن جوانی لێوئاڵ کە بیکەین راوو تەکبیر
تۆ لە دڵدا دەوڵەمەندی منیش هەژارو فەقیر
هەم نارنجەو سێوو بێ یارم شیرین گرۆێ بێ
ناوێرم کوڵمەی ماچ‌کەم نەك بۆ عالەمێ فێر بێ

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# هەی لەیلی

وەك ڕێحانەی بەپنجی هەی لەیلی
جوانە کراسی بەگنجی هەی لەیلی
قیامەت لە من ڕادەبرێ هەی لەیلی
لەسەرچی لێم دڵمەندی هەی لەیلی

هەی لەیلی لەیلی لەیلی لەیلی هەی لەیلی
چاو ئەستێرەی سیوەیلی هەی لەیلی
ئەمن دەبم بە مەجنون هەی لەیلی
ئەتۆش ببە بە لەیلی هەی لەیلی
چەند جوانو دڵڕفێنی هەی لەیلی
پێم بڵێ بۆچی نامدوێنی هەی لەیلی
سەرکوڵمەی گەڵێك سورن هەی لەیلی
شاری سابلاخێ دێنی هەی لەیلی

هەی لەیلی لەیلی لەیلی هەی لەیلی
چاو ئەستێرەی سیوەیلی هەی لەیلی
ئەمن دەبم بە مەجنوون هەی لەیلی
ئەتۆش ببە بە لەیلی هەی لەیلی
ڕێگام کەوتە بەر دەرکێ هەی لەیلی

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center

پێم گوت بچینە مەندۆکی هەی لەیلی
فەرمووی ماندومە نایەم هەی لەیلی
حازرم بۆ هەڵپەرکێ هەی لەیلی
دەستمان دەدەستی یەك کرد هەی لەیلی
وەدەرکەوتین لە دەرکێ هەی لەیلی
چی دی لەوەی خۆشترە هەی لەیلی

هەی لەیلی لەیلی لەیلی لەیلی هەی لەیلی
چاو ئەستێرەی سیوەیلی هەی لەیلی
ئەمن دەبم بە مەجنون هەی لەیلی
ئەتۆش ببە بە لەیلی هەی لەیلی



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# غەمزەی چاو

ووتنی : ماملێ
هۆنراوەی : وەفایی

بەچاوان غەمزەوو ئیما مەفەرموو(١)
بە قەتڵی عاشقی شەیدا فەرموو

ئەمن کوشتەی جەماڵی تۆم عەزیزم
لە باغی جنة المأوی مەفەرموو

سەرابستان خەرابستانە ئیمڕۆ (٢)
لەلای من هەر چلەی زستانە بێ تۆ

بڵا بەوڕۆژە نیلوفەر بسوتێ(٣)
بە مەرگی من سەری زولفت وەلابە

---

(١) دیوانی وەفـــایی ـ میرزا عەبدوڕەحیمی ساباڵخی ١٩٧٨ ل ١٠٨ .
(٢) هەمان سەرچاوە ل ١١٣
(٣) هەمان سەرچاوە ل ١١٥



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# مەشکێ

ووتنی : مامڵێ
حەسەنی مامڵێ

مێرێ مەشکێ دەژێنێ
لێم کەوتۆتە کولێنێ
کوا ئەستی ئاوێ بێنێ
مەشکێم زۆری دەربێنێ
ئەی مەشکێ مەشکی مەشکێ
هەی ماڵە بابم مەشکێ
هەتیوە دەستت مەبزێوە
بازنەی لە دەستم دەشکێ

مەشکێم لە دار هەنارە
مێرێ دەسرۆکەی لارە
دایدا ڕێژنەی بارانێ
هەوەڵ مانگی بەهارە
هەی مەشکی مەشکێ مەشکێ
هەی ماڵە بابم مەشکێ
هەتیوە دەست مەبزێوە
بازنەی لە دەستم دەشکێ



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

مەشکێم زێری ناوداره
هەڵم‌ئاوەسی خواره
شۆڕەسوارێم لێ دیار بێ
ڕۆنی مەشکێم بە باره
ئەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ
هەی ماڵــه بابم مەشکێ
هەتیوە دەست مەبزێوه
بازنه لـــه دەستم دەشکێ

مەشکێم گەلێک نێوداره
زاوه مەکم لێ دیاره
بەیانە کەمێك تاره
بۆیە ئەسکوێ ملی سواره
ئەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ
هەی ماڵە بابم مەشکێ
هەتیوه دەست مەبزێوه
بازنەی لە دەستم دەشکێ

مەشکەم مەشکەی مانـگایه
مەشکێ زۆری تێدایه
مێر قۆچاغەی دە قۆل کرد



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

دەی ژێنێ لــە بێلایە
ئەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ
هەی ماڵە بابم مەشکێ
هەتیوە دەست مەبزێوە
بازنەی لــە دەستم دەشکێ

وا کەوتوومە بەیانێ
مەشکەم نایەتە ژانێ
دەرکەن مەڕو بەرانێ
شل بۆوە زارەوانێ
ئەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ
هەی ماڵە بابم مەشکێ
هەتیوە دەست مەبزێوە
بازنەی لە دەستم دەشکێ

مەشکێم نێو داری گوێزە
ئەو گەنجە زۆر بزۆزە
بە جوانی خۆت سوێند دەدەم
مەشکێم بۆ بلێ بەسۆزە
ئەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ
هەی ماڵە بابم مەشکێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

هەتیوە دەست مەبزێوە
بازنەی لە دەستم دەشکێ

مەشکێم مەشکەی مەڕانە
مەبەستی من بزانە
ئەی هەتیوە زۆرزانە
دەبڕۆوە وا بەیانە
ئەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ
هەی ماڵێ بابم مەشکێ
هەتیوە دەست مەبزێوە
بازنەی لە دەستم دەشکێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# هەی بەسێ (١)

ووتنی : محەمەدی ماملێ
حسنی ماملێ




هەم نارنجەو هەم سێوە هاوار یا شێخی کرێوە

غەمو مەراقی یارێ ئیشکی کردوم بەبێوە

یارەبی نەبارێ باران تاقە گوڵەکەم بەرێوە

هەی بەسێ عەمرم بەسێ جا بەسێی وا نییە

دووگمەی لەسەر ڕانییە دوو بسكو چل کەزییە

بەسێ لەبەر بێلایە قەد عەنتیکەی وا نییە



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

چارەم ناکا ئیفلاتون دڵ کەوتووە بێقەرارە
بەو سەیدی سەفاخانە هاوار یا شێخی بیارە
غــەم لەشکری کێشاوە سەرپاکی نێزەدارە
وێکڕا هجومیان هێنا بۆسەر ئەمنی بێچارە
هەی بەسێ عەمرم بەسێ دووت کوشتوە مەیکە بە سێ
بەسێ لەبەر بێلایە جوانە تەشێ دەڕێسێ
هەرکەس وەك من بیبینێ حۆل دەبێو دەحەبەسێ

دڵم بە تۆوە شادە دەم دێنم زولفت لادە
هەرکەس وەك من نەسوتی تا ملانی بە قورێدا با
کــە ئەو کچە نەخۆش دەبێ گیانە وەك شێت بەسەرمدا دا
سەری خۆم هەڵگرت ڕۆیم بە کێوو بە سەحرادا
هەی بەسێ عەمرم بەسێ دووت کوشتوە مەیکە بە سێ
بەسێ لەبەر بێلایە جوانە تەشێ دەڕێسێ
هەرکەس وەك من بیبینێ حۆل دەبێو دەحەبەسێ

یان گوڵی لاچاوانت بام یان کەزیە لەملانت بام
گلەیم کرد لە یارێ ناوچاوانی لێ تێك‌نام
بەو پەنجەی ناسكو جوانی زللێـکی خۆشی لێدام
هەڕەشەی کرد دەبڕۆ بڕۆ نێیەوە بۆ لام
هەی بەسێ عەمرم بەسێ جا بەسێی وا نییە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

دوو گمەی لەسەر پانی‌یە دوو بسك‌و چل کەزی‌یە
بەسێ لەبەربێلایە قەت عەنتیکەی وا نی‌یە

بۆ من حەزرەتی خدریم عومرێکی تولانیم بێ
لێقەوماوو فەقیرم هیچ کەس بەدەستەم نەبێ
هات ڕابرد گەردنێ بەخاڵ یارەبی بە چاوانم بێ
شەش دانـگی موکریان قوربانی چاوێـکی بێ
هەی بەسی عەمرم بەسێ دووت کوشتوە مەیکە بە سێ
بەسێ لەبەر بێلایە جوانە تەشی دەڕێسێ
هەرکەس وەك من ببینێ حول دەبێ‌و دەحەبەسێ



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

# زێنەبێ (١)




دەبەر ئەو زولفەت دەمرم لەسەر کوڵمت بوونە لام
ئیستا هـــەر دەناڵم بەو تیرەی دوێنێ لێت‌دام
وەرە بمدەیە ماچێك دولبەری شیرین ئەندام
زێنەبێ وەی زێنەبێ زێنەب دوو ددانی زێڕە
ئوممەتی محەمەدیم لە دینم وەرمەگێڕە

دەچمـــە ســەر مەخاكۆیە دەڕوانێتە فەڕەنــگی
جووتێك شەمامەی خەت خەت لە من هەڵدێنن ژەنــگی
لەسەر باڵای بەرزی تۆ با لێم‌دەن بە تفەنــگی
زێنەبێ وەی زێنەبێ لە زێنەبەی زوراری
دەری بابانت شێوێ غـــەم بووی لە دڵی من باری



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

ئەو ســاڵ حەوت ساڵی تەختە بۆ باڵات شێت‌و شەیدام
نەخۆشی باڵای تۆمـــە کەوتوومە لـەناو جێـگام
وەرە ئاوڕێکم وێدە دەردت لــە ماڵی دنیــام
زێنەبێ وەی زێنەبێ لــە زێنەبەی قەڵاتان
دەری بابانت شێوێ ناوت کـەوتە وولاتان

دەچمــە سەر سپی سەنـگی دەڕوانێتە نالێنێ
دەبەر ئەو چاوەی دەمرم گــەر بەناز هەڵیدێنێ
تیرێـکی لە جەرگی دام خوێناوێ دەدەڵێنی
زێنەبێ وەی زێنەبێ زێنەب دوو ددانی زێڕە
ئوممەتی موحەممەدیم لـــە دینم وەرمەگێڕە

دەچمە سەر سەیدەحمەدان کانی‌زەردم لێ دیارە
دەستت دە عومری گرێ شێخی ماڵ لـــە بیارە
بەردەسپیکلە چۆڵە جێ ڕاوگــەی خۆم‌و یارە
زێنەبێ وەی زێنەبێ لــە زێنەبەی قەڵاتان
دەری بابانت شێوێ ناوت کــەوتە وولاتان

دەچمە ســەری قەندیلی دەڕوانێتە لاجانێ
دەبەر پەرچەمت دەمرم لە هەنیەت دەگرم سانێ
پایزێ وەرە سابلاخ بۆ گەڕی دە دیلانێ
زێنەبێ وەی زێنەبێ زێنەب دوو ددانی زێڕە
ئوممەتی محەممەدیم لە دینم وەرمەگێڕە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# زێنەبێ (٢)

ووتنی : ماملێ
هۆنراوە : فۆلکلۆر

ئەمرو چاوەکەم یارە زێری هەژدە عەیارە
بابی زیندانی کردووە دەورەی سیمی خاردارە
ناوێرم بچمە ژوانی کۆستو قەڕەوڵ دیارە
زێنەبێ هەی زێنەبی زێنەب دوو ددانی زێرە
ئومەتی محەممەدیم لە دینم وەرمەگێرە

لەنگۆ یار پەیدا نابێ پەیدا بێ وەفای نابێ
سەد سال خونچە بپشکوێ بێبولبول بەهار نابێ
چبکەم دڵ گرتوویەتی بە کەس تەوەلا نابێ
زێنەبی هەی زێنەبێ زێنەب دوو ددانی زێڕە
ئۆمەتی محەممەدیم لە دینم وەرمەگێرە

هەی دادو بێداد جوانێ برنجی ڕەشتو گیلانێ
فەسڵێ کەوشەکەت کۆنە پێت لەسەر چاوم دانێ
ئەمنت شێتو شەیدا کرد سەیزادەی سەهۆلانێ
زێنەبی وەی زێنەبێ زێنەب دوو ددانی زێڕە
ئومەتی محەممەدیم لە دینم وەرمەگێڕە



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

عەمرو چاوەکەم یارە زێڕی هەژدە عەیارە
لەسەر باڵای بەرزت با بدرێم لـــە سێدارە
زێنەبێ هەی زێنەبێ زێنەب دوو ددانی زێڕە
ئومەتی محەممەدیم لە دینم وەردەمەگێڕە

دوێنێ دیم لــــە ڕێی کانی دەستم برد بۆ مەمکانی
پێم گوت عاشقی باڵای تۆم بۆ. بە دەردم نازانی
فەرمووی ئەمنیش بە دڵی تۆم چون عاشق و ماڵوێرانی
زێنەبێ هەی زێنەبێ زێنەب دوو ددانی زێڕە
ئومــــەتی محەممەدیم لە دینم وەردەمەگێڕە

سی شەوەی ڕەمەزانێ فەرزە لەسەر ئومەتێ
لـــە دنیایە بۆم نەبی چتلێبکەم لە قیامەتێ
زێنەبێ هەی زێنەبێ زێنەب دوو ددانی زێڕە
ئومەتی محەممەدیم لە دینم وەردەمەگێڕە



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# ئەمان شیرین

ئەمان شیرین دڵم لەلای تۆیە
دنیـــا بێ تۆ زینـــدانە
مـــن فەرهادم لــە عیشقی شیرین
فیـــدا دەکەم ئـەو گیانە

شیرین فەرمووی ئەی شازادەی کوەکەن
شیرین بێ بە قوربانت
ئاوری بەردا لەناو هەناوم
چـــاوی پڕ لـــە گریانت

ڕەبی شیرین بە وەسڵی تۆ شاد بم
دوور بم لـــە مەکرو فێڵان
خوێنم نارژێ بە بێمرادی
شینم بۆ بـکەن جحێڵان

وەڵامی نارد گشت مێگەلی شاری
دوورکەون لە کارو بەرخان
هەرچی بەقسەم بـکا چل شـەو
لـــە خەجێ دەبێتە خـــان



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

# منیره




دیسان دەردان سەرلێدام
غـــەم بەسەرمدا باری
ماڵێ بابم منیره

هەڵناکەی لـــە دێهاتی
دەڕۆم دەتبـــەم بۆ شـــاری
نازانم کێ بنێرم
بڕێکت کـــا دڵداری
ماڵێ بابم منیره



www.mamle.net
Mamle Art Center

Mamle Art Center

منیره تۆ یاری منی
منیره دڵداری منی
منیره تۆ بێداری منی
ماڵێ بابم منیره

دایمه وەك تازی‌یەداران
چـاو بەگریەو گرینم
ماڵێ بابم منیره

کوانێك لـە جەرگم هاتووه
خوێن دەچۆرێ لـە برینم
ماڵێ بابم منیره

کیژۆڵەی ناسكو نەرم
زۆر پەشێوت دەبینم
ماڵێ بابم منیره

منیره تۆ یاری منی
منیره دڵداری منی
جوانێ گیان بێداری منی
ماڵێ بابم منیره



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

# ناسکۆڵێ گیان مەگری(١)

دیسان باری غەم نیشتوە لە لێوم
بەزەیی‌یەکت بێ بەو دڵەی پەشێوم
ناسکۆڵێ گیان مەگری
خرکۆڵێ گیـــان مەگری
جا وەرە سەر قەبرم
بە دڵو بە گیان بـگری

رێگاکەم دوورە دوورکەوتۆتەوە
مەیلی جارانت کەمکردۆتەوە
ناسکۆڵێ گیان مەگری
خرکۆڵێ گیـــان مەگری
جا وەرە سەر قەبرم
بە دڵو بە گیان بـگری

رێـگاکەم دوورە مەزڵم کوێستانە
شەو بەسەردا دێ خـــەم لێم میوانە
ناسکۆڵێ گیان مەگری
خرکۆڵێ گیـــان مەگری
جا وەرە سەر قەبرم
بە دڵو بە گیان بـگری



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

## مەلەنگینە

باغی گوڵانم پێ بسپێرە
خونچە بە خونچە بژێرە
یەکیان کـــەم بێ پێم بژێرە
ئەی مەلەنگێن مەلەنگێن مەلەنـگێنە
سوك بڕۆ گوارەکانت مەلەنـگێنە

باڵاخانەی بەدەو شەطی
بڕوانە چەرخی ڕوومەتی
وەختە شێت بم لە حەسرەتی
ئەی مەلەنگێن مەلەنگێن مەلەنـگێنە
سوك بڕۆ گوارەکانت مەلەنـگێنە
سوك بڕۆ گوارەکانت مەلەرزێنە

کەس نازانێ بە کێ دەڵێم
عاشقی شەمامەی باخەڵێم
سوێندیان داوم ڕاستی نەڵێم
ئەی مەلەنگێن مەلەنگێن مەلەنـگێنە
سوك بڕۆ گوارەکانت مەلەنـگێنە

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# زێنەبێ (٣)

تەمێـك ئەمنی داگرتوە وەك تەمی قوڕ قوڵاغی
کراسێکی بۆ دەکڕم لەسەر مۆدەی ساباڵاخێ
شەرتە بمە باغەوان  جار جار بێتە نێو باغی

زێنەبێ هەی زێنەبێ زێنەب دوو ددانی زێڕە
ئۆمەتێ محەممەدیم جا لە دینم وەرمەگێڕە

ڕەبی بەخێربێ‌ی شەماڵ دەمێك دێ‌و دەمێك نایە
بە شنەی شەماڵ ڕادەژا زوڵفی شیرین لەیلایە
خاڵەکەی سەر ڕوومەتی جوانە نەخشی خودایە

زێنەبێ هەی زێنەبێ زێنەب دوو ددانی زێڕە
ئۆمەتێ محەممەدیم جا لە دینم وەرمەگێڕە

دەچمە سەر ناڵەشکێنێ بەرامبەر بە ڕەبێنێ
ڕەبی دڵی نەرم بێ بەڵـکو جارێك بمدوێنێ
بۆ لەسەر من بە منەتی جوانی بە تۆش نامێنێ

زێنەبێ هەی زێنەبێ زێنەب دوو ددانی زێڕە
ئۆمەتێ محەممەدیم جا لە دینم وەرمەگێڕە



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

جوتێك شەمامەی خاڵ خاڵ لە بەرۆیدا دراوە
بە یارێم گوت بۆ ماچێ شیرینە ئاورێکی داوە
فەرمووی هەتیوە نابێ بە کەس وەعدەم نەداوە
زێنەبێ هەی زێنەبێ جا لە زێنەبەی قەڵاتان
ماڵی بابت شێوێ ناوت کەوتە وولاتان

جوتێك گواردت بۆ دەکرم خالس تەلای دەستەوشان
چەپکێکی گوڵ لەبەردا تێکەڵن لە وەنەوشان
زولفی پەخش و پەخشانە چین چین کەوتونە سەرشان
زێنەبێ هەی زێنەبێ جا لە زێنەبەی قەڵاتان
ماڵی بابت شێوێ ناوت کەوتە وولاتان



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

# پایزه له من دره‌نگه له تۆ

زولفی وه‌ك ڕه‌شمار هاتونه خوارێ
لـــه ده‌م‌و لێوی شه‌كر ده‌بارێ
پایزه له من ده‌رنــگه له تۆ
سور ده‌بون خه‌زه‌ل زه‌رد ده‌بوون لیمۆ

گه‌ردن بڵندو به‌رزو زۆر جوانه
ئه‌برۆی وه‌ك هیلال مژۆڵی په‌یـكانه
پایزه له من ده‌رنــگه له تۆ
سور ده‌بون خه‌زه‌ل زه‌رد ده‌بوون لیمۆ

گه‌ر چاوی ڕه‌شی به ناز هه‌ڵدێنێ
له پیرو لـــه جوان دڵ ده‌ڕفێنێ
پایزه له من ده‌رنــگه له تۆ
سور ده‌بون خه‌زه‌ل زه‌رد ده‌بوون لیمۆ

زۆرم بێ خۆشه له‌سه‌ر دنیایه
هه‌ڵپه‌ركێی كوردی له‌گه‌ڵ له‌یلایه
پایزه له من ده‌رنــگه له تۆ
سور ده‌بون خه‌زه‌ل زه‌رد ده‌بوون لیمۆ



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

شان لەسەر شانو دەست لەسەر دەستە
بزانە چی تێـدا ئەو تەونو بەستە
پاییزە لە من دەرنـگە لە تۆ
سور دەبون خەزەل زەرد دەبوون لیمۆ



www.mamle.net
Mamle Art Center

Mamle Art Center

# هەوری لە کۆڵ (٢)

تازە تێکەڵ بوون جوانێ گیان پەرچەمو خاڵی
دیوانەی کردوم نازەنین بە لێوی ئاڵی
هەوری لەکۆڵ بازنە لە قۆڵ
سینگ نەرمو نۆڵ
وەختە لەسوێت بمرم
بەری بەیانان پێمخۆشە
دە باوەشێت بگرم
هەموو بەیانان پێمخۆشە
دە ئامێزێت بگرم

سەرت هەڵێنە جوانی گیان ڕوو لە گەردون کە
تەماشای بڵێسەی نازەنین پیرە دەروون کە
هەوری لەکۆڵ بازنە لە قۆڵ
سینگ نەرمو نۆڵ
وەختە لەسوێت بمرم
بەری بەیانان پێمخۆشە
دە باوەشێت بگرم
هەموو بەیانان پێمخۆشە
دە ئامێزێت بگرم



Mamle Art Center

Mamle Art Center

یا جوابێك بەخێر جوانێ گیان یا دڵنیام کە
بەس لەوەی زیاتر نازەنین شێتو شەیدام کە
هەوری لەکۆڵ بازنە لە قۆڵ
سینگ نەرمو نۆڵ
وەختە لەسوێت بمرم
بەری بەیانان پێمخۆشە
دە باوەشێت بگرم
هەموو بەیانان پێمخۆشە
دە ئامێزێت بگرم

**مەقام :**

چاوم پڕ خوێنە پڕ لە گریانە
لە هەر چوار دەورەم ئاگربارانە

با بێ دانیشین لە بن داری بەی
جامێك بنۆشین لە خۆشاوی مەی

چەندم ئاخ کێشا ئاخی نیانی
دڵ لە دەروندا بوو بە بریانی
خودا بەردار نی‌یە بۆ پێ نازانی

من بریندارم بۆ چاوی کاڵت
سووتاوە جەرگم بۆ لێوی ئاڵت



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

# مەگری مەگری

غەمگین‌و پەرێشانم جوانێ ئازار نی‌یە دەردی تۆیە
ڕوو لە هەر جێیەک دەکەم جوانی تەعریفی جوانی تۆیە
یارم وەک مانگی چواردە گیانە هات گەی‌یە سەر ئاسۆیە

ئەی مەگری مەگری گیانە مەگری گیانی شیرینم
هەرچەند بە کزیت دەبینم گیانە دەکولێنەوە برینم
خۆ من لەو دنیایەیدا گیانە هەر تۆی ئومێدی ژینم



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# دە بێن بێنن

هەر لە هەورامان تا قەڵای قازی
شەقەی ماچ‌وموچ خرنـگەی دەست‌بازی
دە بێنن بێنن چەپکێ گوڵ بێنن
بیبەن بۆ یارێ لێم مەڕەنجێنن
بیبەن بۆ یارێ دڵی مەشکێنن

دەردێـکی داومێ دەرمانی نەکرد
شەماڵ بە بەفری کوێستانی نەکرد
دەبێنن بێنن کەژاوەی بێنن
ئەو گوڵەم منداڵە دڵی مەشکێنن
ئەو گوڵەم منداڵە لێم مەڕەنجێنن

چاوت ئەستێرە ڕوو دە کۆ دەکا
ئەو دڵەم وەس‌وەسەی باڵای تۆ دەکا
دە بێنن بێنن چەپکێ گوڵ بێنن
بیبەن بۆ یارێ لێم مەڕەنجێنن

ڕەحمێکم پێ‌بکە سندوقی سەرت
ماچێکم دەیە سندوقی سەرت
دە بێنن بێنن چەپکێ گوڵ بێنن
بیبەن بۆ یارێ لێم مەڕەنجێنن
بیبەن بۆ یارێ دڵی مەشکێنن



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ئەسمەر یارم جوانە (١)

ئەگەر دەمزانی دڵداری وایە
قەت قەت نەمدەکرد لەسەر دنیایە
ئەسمەر یارم جوانە وەک مانــگی تابانە
ئەسمەر ئەسمەر
ماڵ لە مەریوان دڵ لە دەروێشان
مردن خۆشترە لە ئاخ هەڵکێشان
ئەسمەر یارم جوانە وەک مانــگی تابانە
ئەسمەر ئەسمەر
بیکە بۆ خاتری حەزرەتی داود
خۆ من شێتی تۆم سوتام لە تاوت
ئەسمەر یارم جوانە وەک مانــگی تابانە
ئەسمەر ئەسمەر
بەیانەو بەیان بەیانەی سەختە
لەو گوڵە بێباڵاو لەو کچە بەدبەختە
ئەسمەر یارم جوانە وەک مانــگی تابانە
ئەسمەر ئەسمەر
مالیک باری کرد نەگەیمە کۆچی
حەزم لێ ناکەی مۆرە مەعنای چی
ئەسمەر یارم جوانە وەک مانــگی تابانە
ئەسمەر ئەسمەر



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ئەسمەر یارم جوانە (٢)

دەستی من وەبان کەلامولّلا بێ
لە تۆ شیرین‌تر مەگەر اللە بێ
ئەسمەر یارم جوانە وەک مانــگی تابانە
ئەسمەر ئەسمەر
ئەو ماڵەی هەمە نەزری اللە بێ
بەڵکو کۆچەکەت بەرەو دوا بێ
ئەسمەر یارم جوانە وەک مانــگی تابانە
ئەسمەر ئەسمەر
ماڵمان ماڵێکە دیوارمان بەینە
کەسمان تێناگا لەو کەین‌وبەینە
ئەسمەر یارم جوانە وەک مانــگی تابانە
ئەسمەر ئەسمەر
هەی داد هەی بێداد لــەو گەورە شارە
نە دەنگی یار دێو نە بۆ خۆی دیارە
ئەسمەر یارم جوانە وەک مانــگی تابانە
ئەسمەر ئەسمەر
سێ مانــگەی زستان بریا شەو بایە
دەم لەناو دەم‌و چاو بە خەو بایە
ئەسمەر یارم جوانە وەک مانــگی تابانە
ئەسمەر ئەسمەر



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# هەریرەو ئاگر بارانە




ئەی هەریرەو ئاگربارانە
موبارەکت بێ لاو لەرزانە
موبارەکت بێ ئەو خەنە بەندانە

باغی گوڵانت پێ دەسپێرم
خونچە بە خونچە دەی بیبژێرن
یەکی کەم بێ ێیت دەبژێرم
ئەی هەریرەو ئاگربارانە

سیو مراوی دە پۆڕن
بەسەر بەحراندا دەنۆڕن
کیژی ئەو عەسرەی کەم شەرتن
ئێجگار زوو قەۆلان دەگۆڕن
ئەی هەریرەو ئاگربارانە



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# ئای وەرە

دەک دلە ڕەنجەڕۆ بی کۆستی چەند ساڵەت کەوێ
زۆرم ئەو گوڵە خۆش‌دەوێ دڵ خۆشی‌یەکی من بەوێ
کوا ئەوە شەرتی ئینسافە من لێرە بم تۆ لەوێ
شەرتی خۆم ناشکێنم شەرتی خۆم دەبمە سەرێ

ئای وەرە گیـــان وەرە وەرە ئـەی نازەنینم
گەلێک لە یارێ جوانە پشتێندو دەسرەی سەری
تولە نەمامم چەقاند هاتبوو بـگاتە بەری
تیرێکی لە جەرگی دام خوێناوم دێ لە جگەری
خۆش بگوزەرێ باشترە لە دەردو کوێرەوەری

ئای وەرە گیـــان وەرە وەرە ئـەی نازەنینم
چەند سالان شێتی تۆ بوم بە بێ‌هەقو بە بێ‌کرێ
مدەتێک لەوەی پێشتر پەیمانمان بەست لە دەرێ
نە عەهدو نە پەیمانت قەد قەد نابەیە سەرێ
سیلەی روحمت بۆم ببزوێ با خودای من نەت‌گرێ
ئای وەرە گیـــان وەرە وەرە ئـەی نازەنینم

کەس نی‌یە بینێرمە کن یار بۆ باس‌و بۆ خەبەرێ
هەرکەس ئەتۆی لە من کرد با وەک منی بەسەرێ
سەرو ماڵم دەفرۆشم بۆ دوو چاوی دولبەرێ
ڕووی خۆت بێنە بەم‌لاوە با هەناسەم نەت‌گرێ
ئای وەرە گیـــان وەرە وەرە ئـەی نازەنینم



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# نایلۆنــه

دەڵێن لێو ئاڵ لێم زیزە بە کەس ئاشت نابێتەوە
کەژاڵ چۆتە سەفەرێ دوعام بۆ بـکەن بێتەوە
لە خودای دەکەم تەڵەبێ دەگەڵم ئاشت بێتەوە
دەی دەی نایلۆنە

نایلۆنە گیانە نایلۆنە ئاخر لەو نایلۆنی خەتخەتی
وەك بەختەکەی من ڕەشە خاڵەکەی سەر ڕوومەتی
بە سابڵاخێ پێك‌نایە موکریانە قیمەتی
دەی دەی نایلۆنە

لە لای خەڵکی بەهارە بۆ من خەزەڵ وەرێنە
زولفی ڕژانە کوڵمەی چەند جوان‌و دڵڕفێنە
ئەو دڵەم بەدایمە دەگری فرمێسك هەڵوەرێنە
دەی دەی نایلۆنە

نایلۆنە گیانە نایلۆنە نایلۆن نی‌یە مونتۆیە
خەڵك مەستی شەڕابێ ئەو دڵەی من مەستی تۆیە
بە پێشوازی باڵات بێ خەڵکی سابڵاخ‌و شنۆیە
دەی دەی نایلۆنە



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

زێرنۆكو مریەمۆكن بە گشت دەچنە خرنۆكێ
حەوت قەتاری ووشتران ناردومەتە كەركوكێ
بارخانەو باری باركەن خالس لە جلكی بوكێ
دەی دەی نایلۆنە

نایلۆنە گیانە نایلۆنە لەو نایلۆنی خەتخەتی
وەك بەختەكەی من ڕەشە خاڵەكەی سەر ڕوومەتی
بە سابلاخێ پێكنایە موكریانە قیمەتی
دەی دەی نایلۆنە



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# بارانەو بارانە

خودا داکـــەی بارانێ
شەو کزەی شەماڵ بێ بە شەو
بیـــدا لـــە خاڵی لەیلام
بەڵـکو ڕاپەرێ لە خەو
(ئەی) بارانەو بارانە
(ئەی) هەوای چۆمی مەجید خان
لەسەر باڵاکەی بەرزت
(ئەی) با بمکەن تیرە باران
(ئەی) دەستی منت بێ بەدامان

گیانە باران دەبارێ
(ئەی) هاوار فەسڵی ئێوارێ
( جوانێ گیان فەسڵی ئێوارێ )
گیانە زۆر پیس قەوماوە
ئەی هاوار لـــە منو لە یارێ
ئەی جوانێ لە منو لە یارێ
ئـــەی بارانەو بارانە



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

ئـەی هـەوای بارانـەی تـازە
لەبەرت زەحمەت نەبێ
ئەی تەشریف بێنە دەروازە

گیـانە باران دەبارێ
ئەی هاوار دە نیوە شەودا
جوانێ گیان دە نیوە شەودا
گیانە دەی دا لە یارێ
ئەی هاوار دەو خرپەی خەودا
جوانێ گیان دە شیرین خەودا
ئـەی بارانەو بارانە
ئەی هەوای چۆمی مەجید خان
لەسەر باڵاکەی بەرزت
ئەی با بمکەن تیرەباران
ئەی دەستی منت بێ بە دامان

گیـانە باران دەبارێ
ئەی هـاوار بەری بەیانە
جوانێ گیان بەری بەیانە
گیانە کەزیەی دە یارێ
ئەی هاوار پەخش و پەخشانە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

ئـەی بارانەو بارانە

ئەی هەوای بارانەی تازە

لەبەری زەحمەت نەبێ

ئەی تەشریف بێنە دەروازە

جا تەشریف بێنە دەروازە

www.mamle.net




Mamle Art Center

Mamle Art Center

# کاکە وا نابێ

ووتنی : ماملێ
هـۆنراوە : فۆلکلۆر




پرسیم لە سیروان تۆ بۆ وا لێڵی
پاییزو بەهار جێ ڕاوگەی خێڵی
کاکە بەقورئان بە خودای وا نابێ
سێو بە بێ مێخەک بۆ دیاری نابێ
بۆ ماچێکو دووان قیامەت ڕانابێ

پێم خۆشە بمرم نەڕوا گوڵەکەم
کـە ڕۆی دەبسێ بەندی دڵەکەم
کاکە وا نابێ بەخودای وا نابێ
سێو بە بێ مێخەک بۆ سەوقات نابێ
بۆ ماچێکو دووان قیامەت ڕانابێ



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

ڕۆژێک نەتدیبام بێشک دەمردی
لەیلا گیان تو خودا کێ وای لێ کردی
کاکە بەقورئان بە خودای وا نابێ
سێو بە بێمێخەک بۆ دیاری نابێ
بۆ ماچێک‌و دووان قیامەت ڕانابێ

مەقـــام :

ئاهو ناڵەی بێقەراریم عالەمی خستۆتە جۆش
گوڵ بە ناز پەروەردە بوو دڵ دەمێکی بسرەوە
من لە سەر خاکی دەری باری سەفاکەردە نەمام
نامرم ئەهلی بەهەشتێم گەر ژیانم بێتەوە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# دەڕوا بەجێم دێڵێ (٢)

بە توێی ئارەقچن ئەی هاوار نامهێڵێ
سەرو پەرچەمی دەڕوا بەجێم دێڵێ

دەڵێی شازادەی ئەی هاوار نەیهێشتم
ڕۆم و عەجەمی ڕۆیی بەجێی هێشتم

خۆم بە خۆم کرد ئەی هاوار نامهێڵی
بەردبارانم کەن دەڕوا بەجێم دێڵێ

وێڵ و ئاوارەی ئەی هاوار نەیهێشتم
نێوخاڵانم کەن ڕۆیی بەجێی هێشتم

هەوەڵی کارێ ئەی هاوار نامهێڵێ
بە بای بەیارم ڕۆیی بەجێی هێشتم

بوی بە باعیسی ئەی هاوار نەیهێشتم
دڵەکەی غەمبارم ڕۆیی بەجێی هێشتم



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# بڵێ بە یاری بێوەفا

دەمێك بە ئینتیزاری تۆ بە دڵ جەفا دەکێشم
بە سۆزی دڵ لەنێو گوڵان هەڵاڵە دێتە پێشم

دەڵێ لە ڕەنگی زەردی من مەپرسە بۆچی زەردم
لە جەوری بێویسالی تۆ لە قالبی پڕ لە دەردم

بڵێ بە یاری نەوڕەسم خەمی زەمانە تا کەی
بە عەهدی خۆی وەفا بکا بزانم کوا وەفاکەی

بڵێ بە یاری بێوەفا هەتا دەژیم لە دنیا
بە خالقی هەموو بەشەر بە ذاتی تاق و تەنها

کە خوێنی خۆم فیدا دەکەم لەسەر گوڵی سنەوبەر
ڕەبی ئۆباڵی دڵ کەوێ بەجووتە تیری دوو سەر

ئومێدێ توند بکا خودا کەریمە بۆمە
حەرامی کوللی عالەمە ئەو دڵە حەڵاڵی خۆمە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# کەمەرە شل

تا لە قەفەسدام کەمەرەشل ماومە نەفەسێ
بولبول بۆ گوڵێ کەمەرەشل ئەمن بۆ کەسێ
کەمەرەشل کەمەرەشل کەمبەرەت بۆ دێنم
شل شل بی‌بەستە تێت ڕادەمێنم

باری کەس نەبێ کەمەرەشل نەدامەتی نۆ
کەنگێ وای لێ هات کەمەرەشل بەینی من‌و تۆ
کەمەرەشل کەمەرەشل کەمبەرەت شاڵە
شەلکەی کەمەرەکەت کەمەرەشل خستمیە ئەو حاڵە
دڵەکەم مەخشووشە کەمەرەشل زیندەگیم تاڵە

هەی داد هەی بێداد کەمەرەشل مردم بەتەنێ
یان ماڵیم بارکەن کەمەرەشل یا ئەو گوڵەم دەنێ
کەمەرەشل کەمەرەشل کەمبەرەکەت شاڵە
شلکەی کەمەرەکەت خستمیە ئەو حاڵە
حاڵم مەخشوشە کەمەرەشل زیندەگیم تاڵە

ڕەنگم زەعفەران کەمەرەشل بەختم قەترانە
سڵاوی ناردبوو کەمەرەشل جەژنی قوربانە
کەمەرەشل کەمەرەشل کەمبەرەت بۆ دێنم
شل شل بی‌بەستە تێت ڕادەمێنم




Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# وەرە سورە گوڵ



برۆت وێنـەی کەوانی

لێوت وەکو قەیتانی

چەند جوانو شۆخو شەنـگی

چەندە لەبەر دڵانی

وەرە وەرە سورەگوڵ

ئاگرت بەرداوم لــە دڵ

مەیلی تۆ قەد قەد نانێم

تا دەمنێن لــە خاكو گڵ



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

به ناز چاوان هەڵدێنی
بۆ لێم زیزی نامدوێنی
سەر دەدەم لەپێناوت
جارێك دڵم نەشكێنی
ماچی خاڵی سەر لێوت
توران‌و ئێران دێنی
وەرە وەرە سورەگوڵ
ئاگرت بەرداوم لـــە دڵ
مەیلی تۆ قەد قەد نانێم
تا دەمنێن لە خاك‌و گڵ

بە شەو شەوبێداریمە
بە ڕۆژ گریان‌و زاری
وەك بارانەی بەهارێ
خوێن لـــە چاوم دەباری
تیری موژگانی تۆیە
لە جەرگم بوو بە كاری
وەرە وەرە سورەگوڵ
• • • • • • •



Mamle Art Center

Mamle Art Center

وەكو مەجنون لــــە كێوان
سەرم سوڕماوەو حەیران
وەكو فەرهاد لە بێستون
ناڵەو زاریمەو گریان
دڵ سوتاوو هەژارم
جەرگت كردومە بریان
وەرە وەرە سورەگوڵ

• • • • • • •



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

## هەی بەسێ (٢)

زولفی با دەی‌شەکێنێ لە بن بیدا نوستووە
حەسرەت‌و دەردی یارێ وەك دڕو لە دڵم هەڵچووە
ئەی گەلی موسوڵمانان چ خێرێ لە خودای بووە
ڕۆژێ جارێك دەسرۆکەی بە ئەسرینێ تەڕ کردووە
ئەی بەسێ عەمرم بەسێ دووت کوشتووە مەی‌کە بە سێ
بەسێ لەبەر بێلایە شیرنە تەشیێ دەرێسێ
هەرکەس وەك من بیبینێ شێت دەبێ‌و دەحەبەسێ

نەخۆش‌و پەرێشانم ئارامم نی‌یە ساتێ
سەفەرێکم کەوتە بەر ڕێ‌یە هات‌و نەهاتێ
چاوەڕێمە لە ڕێگا با کاروان بێ‌و بمگاتێ
یارم دەگەڵ کاروانی‌یە قەولە دوو ماچم داتێ
ئەی بەسێ عەمرم بەسێ دووت کوشتووە مەی‌کە بە سێ
بەسێ لەبەر بێلایە شیرنە تەشیێ دەرێسێ
هەرکەس وەك من بیبینێ شێت دەبێ‌و دەحەبەسێ




Mamle Art Center

Mamle Art Center

# رەعنــا

هەواو وتنێ : مامڵێ

هۆنراوە : سلێمان شاوەلە



لەنجەو لارت هەروەکو کۆترە باریکە ڕەعنا
شێتو شەیدای تۆم وەرە ناز مەکە ڕەعنا
بە غەمزەو نازی ، بە خۆت دەنازی
چاوی کەژاڵت ، لێوی بە خاڵت
لە دینی کردم ، هەی بۆ تۆ مردم

گۆزێــکی سوری پێیە دەچێ بۆ کانی ڕەعنا
شێتو شەیدای تۆم وەرە نازدنین ڕەعنا
بە غەمزەو نازی ، بە خۆت دەنازی
چاوی کەژاڵت ، لێوی بە خاڵت
لە دینی کردم ، هەی بۆ تۆ مردم



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

سەرمەستی ماچی دەمو لێوی ئاڵی تۆم ڕەعنا
کوژراوی غەمزەو نازی چاوی بازی تۆم ڕەعنا
بە غەمزەو نازی ، بە خۆت دەنازی
چاوی کەژاڵت ، لێوی بە خاڵت
لە دینی کردم ، هەی بۆ تۆ مردم



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ئایشیلێ مامان

وەتنی : مامڵێ
هۆنراوە : فۆلکلۆر

بە هەوران بەهارە
ئایشیلێ مامان
دەخوێنن کەوبارە
وێمدە شەمامان
یار کۆڵیم لێ دیارە
دەستی منت دامان

هەوری ڕەشی دێنێ
ئایشیلێ جوانێ
بارانەی دەڕژێنێ
وێمـــدا نیشانێ
لەسەرچی نامدوێنێ
بابان وێرانێ

چاوی دەچاوبازان
ئایشیلێ مامان



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

لێم‌ده‌گرن ڕێبازان
وێمده شه‌مامان
ده‌مکوژن به نازان
ده‌ستێ منت دامـــان

به هه‌وران پایزه
ئایشیلێ جوانێ
ده‌خوێنن ئازیزه
وێمـــــدا نیشانێ
یارکۆڵێم لێ زیزه
وا لـــه هه‌یوانێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# چەندی لێ پاڕامەوە

دەردت لـــە ماڵم نەسرین دانیشە تێر تێر بـگرین
ماڵ کاول کوڕیان بمرێ بێ‌هودە لێکیان کردین
ئەتۆ سەرمەستو بەکەیفی ئەمنیش غەمبارو غەمگین
چەندی لێ پاڕامەوە ئاوڕی وێ نەدامەوە
لە نەخۆش‌خانە کەوتوم بێ دکتۆر دەتلامەوە
زۆر نەخۆش بووم کەژاڵ گیـــان نەکرا بێی بەلامەوە

سڵاو لە بەژنێ باریك بینایی هەردوو چاوم
ئەمن بە دەستی یارێ دیلو ئەسیر کراوم
زولفت بۆتە کەمەندم بە داوی تۆ گیراوم
خودا بۆ خۆی دەزانێ لـــە عیشقت‌دا سوتاوم
چەندی لێ پاڕامەوە ئاوڕی وێ نەدامەوە
لە نەخۆش‌خانە کەوتوم بێ دکتۆر دەتلامەوە
زۆر نەخۆش بووم کەژاڵ گیـــان نەکرا بێی بەلامەوە

مەقـــام :

قەد لە دنیادا نەبوو بێجگە لـــە ناخۆشی بەشم
ماتو داماوو فەقیرو بێ‌کەسو چارەڕەشم
سەردەمێك ئاوارە بووم‌و موددەتێکیش دەربەدەر
نەم‌دی ڕووی ئاسودەگی هەر توشی گێرەو قەرقەشم



Mamle Art Center

Mamle Art Center

کوشتوومی شەش‌خانی ئومێدی لە من گرتووە حەریف
مۆرە هەڵداویم بێ‌هودە بە هەویای دووشەشم
خۆشەویستی گۆشەی تەنهایی هەر ئەژنۆکەمە
بۆیە ڕۆژو شەو وەها گرتوومەتە نێو باوەشم
نایەڵێ دوژمن بە رەنـگە زەردەکەی من پەی‌بەرێ
تا دەمی مردن ئەمن مەمنونی فرمێسکی گەشم

چبکەم خوم پێ‌گرتووە خوو عەقڵو هۆش‌و سەبرم چوو
چەندم حەول لەدوا دا جارێـکی بۆ من نەبوو
زۆر جەفام لەگەڵ کێشا ڕۆیی لە دەستم دەرچوو
بەدبەختی دەستی تۆمە ئەو ڕۆیی ئەویشم چوو
چەندی لێ پاڕامەوە ئاوڕی وێ نەدامەوە
لە نەخۆش‌خانە کەوتوم بێ دکتۆر دەتلامەوە
زۆر نەخۆش بووم کەژاڵ گیـــان نەکرا بێی بەلامەوە

دە بەر ئەو سینگەت دەمرم دەڵێی مایێ بەڕەختە
زۆر لـــە جێ‌ژوانی ماوم لێی‌داوم سەرماو شەختە
بۆم لـــەو بەندەی دەرنایە جێـگاکەی گەلێک سەختە
دۆست بە ماڵی زۆر نی‌یە بە ئیقباڵو بە بەختە
چەندی لێ پاڕامەوە ئاوڕی وێ نەدامەوە
لە نەخۆش‌خانە کەوتوم بێ دکتۆر دەتلامەوە
زۆر نەخۆش بووم کەژاڵ گیـــان نەکرا بێی بەلامەوە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

## هەرمێ وەی وەی هەرمێ

زۆر عەیبەو زۆر ئیرادە دینت بردوم بەبادا
جا گوڵەم فەرمووی دەبڕۆ تۆ گەدای من شا لێم لادە
خۆ من بۆ خۆم ڕازیمە بابم من بە تۆ نادا
تاکو لە دنیا مابی وەک من شێتو شەیدا بە

هەرمێ وەی وەی هەرمێ دەچم هەرمێت بۆ دێنم
لـە تارانو تەورێزان کراسی کرێمت بۆ دێنم
بەخودا ئینجا دێم بە زۆری لە بابت دەستێنم

سڵاو لە بەژنێ باریك جا بینایی هەردوو چاوم
خۆ من بە دەستی یارێ دیلو ئەسیر کراوم
خودا بۆ خۆی دەیزانێ لە عیشقتدا سوتاوم
هەرمێ وەی وەی هەرمێ دەچم هەرمێت بۆ دێنم

خاسەکەوێ جۆزەردان ناخۆشە دەست لێك بەردان
قەتت ڕاستی پێ نەگوتم هەر درۆ بوو و تەفرەدان
ئەگەر قەولم دەدیە بەڕاستی وەرە کەوان
دەنا بەو لەعنەتەی بی کە خودا کردی لە شەیتان



Mamle Art Center

Mamle Art Center

هەرمێ وەی وەی هەرمێ دەچم هەرمێت بۆ دێنم
هەرچەند دەکەم خەیاڵان قەت ئەو دڵەی من ناسرەوێ
جا گرِوی گرتوە وەك منداڵ هەر دەڵێ یارم دەوێ
رۆژی سەد جارم لێدەن لەکوێ بی من دێمە وێ
هەرمێ وەی وەی هەرمێ دەچم هەرمێت بۆ دێنم



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# بۆنی هەلالان دێ

ماڵیان لـــە پردی سووره
گەردنی دەڵێی بلوره
بو ماچێکم ناداتێ
کافرەو لە خوا بەدووره
بۆنی هەلالان دێ
سەدای چاو کالان دێ
لـــە گەوره مالان دێ
وەی وەی وەی با بێ
بە کراسی کەتان بێ

ئەرێ ئـەو مالەی هەمە
گیانە نەزری الله بێ
ئەرێ بەلـــکو کۆچەکەت
ئەی وەی بەرەو دوا بێ
گیـــانە بەرەو دوا بێ
بۆنی هەلالان دێ • • • •

ئەرێ نە نووشتی مەلا
گیانە نە شالی سەید



Mamle Art Center

Mamle Art Center

ئەرێ هیچی بە ڕازی
گیانە دڵەکەم نەگەیی
بۆنی هەڵاڵان دێ
سەدای چاوکاڵان دێ ....




www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

# گەوهەرێ

ووتنی : ماملێ
هۆنراوە . فۆلکلۆر




(ئەرێ وەی) دیسان دەردان سەر لێدام
خەم بەسەرمدا باری
هەڵناکەی لە دێهاتی
دەتفرێنم بۆ شاری
نازانم کێ بنێرم
برێکت بکا دڵداری
ڕازی نەبووی بەوکارەی
لێیان کردیە ئیجباری

وەرە وەرە گەوهەری
سینگت حەوزی کەوسەرێ
لێم گەڕێ وام بەسەرێ
سازبە سورە گوڵان دەچنین
هەی لەبەر ماڵی قەمتەرێ
داخودا لەسەر چاوی جوانت
جا چ پەندێکم بەسەرێ



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

ئەرێ وەی لەسەرچی نامدوێنی
بۆ لێم دەگری بەهانە
جا دەبوو زووت لێ حاڵی بام
کیژۆلە بێ‌بەقانە
ئەی لەمێژە لێت حاڵیمە
نەزەرت تەفرەدانە
تازە لەگەڵت تێك‌چووم
نەڵێی بووم پەشیمانە

وەرە وەرە گەوهەرێ
دەك دڵـە ڕەنجەڕۆ بی
کۆستی چەند ساڵەت کەوێ
زۆرم ئەو گوڵە خۆش دەوی
دڵ خۆشی منە بە ئەوێ
کوا ئەوە شەرتی ئینسافە
من لێرە بم ئەو لەوێ
شەرتی خۆم ناشکێنم
شەرتی خۆم دەبمە سەرێ

وەرە وەرە گەوهەرێ
سینگت حەوزی کەوسەرێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

لێم گەرێ وام بەسەرێ
سازبە سورە گوڵان دەچنین
هــەی لەبەر ماڵی قەمتەرێ
جا لەسەر چاوی جوانت
با لێم دەن بە خەنجەرێ

بە یادی تۆوە شادم
دانیشتوم گردەنشین
دوژمن دەورەیان لێدام
لێم دانیشتون لە کەمین
ئەو دنیایە وەفای نی‌یە
عاقبەتی هەر دەمرین
وەرە با خۆش بگوزەرێ
با تاوێــکی پێکەوە بین

وەرە وەرە گەوهەری
سینگت حەوزی کەوسەرێ
لێم گەڕێ وام بەسەرێ
سازبە سورە گوڵان دەچنین
هــەی لەبەر ماڵی قەمتەرێ
داخودا لەسەر چاوی جوانت
جا چپەندێــکم بەسەرێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# دولبەری چاومەست

گیانە خوڕەی ئاوی شەو دەنـگی بلوێرێ
نازی یاری بەوەفا کاتی شەو بێرێ
من لـــە عیشقی تۆ کزم
چاوڕەشەی کار مامزم
ئاخ بلبلی سەرمەست
بێنە کوڵمەت هەڵمژم
من لە هیجری تۆ دژم
ئاخ دولبەرەی چاومەست
خرمەی پولەکەو (ئاخ) مێخەکو گواران
شەوگەری شەوداوەتو یان هەوهەوی سواران
من لـــە عیشقی تۆ کزم
چاوڕەشەی کار مامزم

ئاخ بلبلی سەرمەست
بێنە کوڵمەت هەڵمژم
من لە هیجری تۆ دژم
ئاخ دولبەرەی چاومەست
(گیانە) بەزمی بلبلو (ئاخ) بازی کوێستانێ
قاسپە قاسپی خاسەکەو یان دەنـگی حەیرانێ
من لە عیشقی • • • • •



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

خۆشه یاری بەوەفا ئاخ بێتە سەر دینت
تا دەمری ساکن دەبێ ئاخ جەرگی خوێنینت

**مەقـــام :**

نامەکەت پڕسۆزە دیارە هەستی دڵداری دەکەم
شەرتە تا مردن لە دڵما عیشقی تۆ خامۆش نەکەم
عیشقەکەت مایەی ژیانم قەت لە دڵ دەرناکرێ
جا بەجارێك مەمکوژە گوڵ ، خودا هەڵناگرێ
شەرمی تاراندوە لە ڕووی من نازو عیشوەی دوڵبەرم
زۆر نەفام بووم نەمدەزانی من بە ڕازت پەیبەرم
گیانە جەرگم هەڵدڕن ئاخ پڕ لە زووخاوە
یاری شوخم ئاخ بۆچی تۆراوە
من لە عیشقی تۆ . . . . .

گیانە مەستی عیشقی تۆم شێتو شەیداتم
بۆچی تۆراوی لێم ئاخ تاقە ئاواتم
من لە عیشقی تۆ . . . . . .




Mamle Art Center

Mamle Art Center

# چاوی ڕەشی جوانە

ووتنی : مامـلـێ

هۆنراوە : مارف ئەمین




سینگت بەفری قەندیلی

بە شنەی شەماڵ دەتواوە

یارم دەگەڵ کاروانی‌یە

لەدوایە بەجێماوە

بە غەمو دەردی یارێ

شەوان سەرم دەناوە

چاوی ڕەشی زۆر جوانە

پیاوی دەکـا دێوانە

چین چینە زولفو پرچی

هێلانەی عاشقانە



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

سەرقافڵەچی کاروانی
سوێند دەدەم بەو خودایە
نە دایکو باب و برا
هیچیان دەگەڵی نایە
گەر چویە بۆ هەواری
ئاگات بێ لە لەیلایە
چاوی ڕەشی زۆر جوانە
ئەمنی کردوە دێوانە
دیتنی چاوی جوانی تۆ
ئاواتی دڵمە گیانە

قافڵە گەیە سەر مێرگان
چادرو چیغ هەڵدراوە
بەڵام حەیفێکو سەد حەیف
یاری من بەجێ ماوە
بە ئارەزووی لەیلا بووم
شەوم بە خەم سەرناوە
چاوی ڕەشی زۆر جوانە
پیاوی دەکـــا دێوانە
چین چینە زولفو پرچی
هێلانەی عاشقانە

دەستەو ئەژنۆ دانیشتوم



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

لەسەر ڕێیە کاروانی
تێی ڕامام لــە ڕێگایە
لە یاری خۆم دەڕوانی
یارم لەگەڵ سەرقافڵە
خستبویان لەسەر کانی
چاوی ڕەشی زۆر جوانە
پیاوی دەکــا دێوانە
چین چینە زولفو پرچی
هێلانەی عاشقانە


بۆ من عەبدی خودا نیم
خەم لەسەر من دەبارێ
یارم لەڕێی کاروانی
لێی ونبوون جوتێ گوارێ
دەچمــە کن زێرنـگەری
دروست کاتەوە گوارێ
جا با چاوجوان لە گوێی کا
بێتە دەرکی حەسارێ
چاوی ڕەشی زۆر جوانە
پیاوی دەکــا دێوانە
چین چینە زولفو پرچی
هێلانەی عاشقانە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ئامینێ سورە گوڵ




بەسمان لێ بگرە سەرانسوێی بانی

لە من ماڵی زۆر لە تۆش جوانی

کاری من و تۆ عالەم پێی زانی

ئامینێ سورە گوڵ چەند بە لەنجەو لاری

بە ڕەنگ بەگزادەی باشی هەوشاری

خۆزگەم بەو کەسەی هەر ئەتۆی یاری

ئاوێنەی دڵم تۆی تێ دەبینم

بێچارەی کردووم یاری شیرینم

ئامینێ سورە گوڵ چەند بە لەنجەو لاری

بە ڕەنگ بەگزادەی باشی هەوشاری

خۆزگەم بەو کەسەی هەر ئەتۆی یاری

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center


خۆزگەم بەو کەسەی دراوسێتانە
بە شەوو ڕۆژ ئاگای لێتانە
ئامینێ سورە گوڵ چەند بە لەنجەو لاری
بە ڕەنگ بەگزادەی باشی هەوشاری
خۆزگەم بەو کەسەی هەر ئەتۆی یاری

www.mamle.net



Mamle Art Center

# هەی نایە نایە (١)




ئەرێ بیکە بۆ خاتری گیانە عیشقی لە دەست چوو
کاڵێ سەرت هەڵێنە جوانێ ئاگرم تێ بەربوو
گیانە نە من ژن دێنم کاڵێ نە تۆ بکە شوو
هەی نایە نایە نایە دەنگی گوارە زێر نایە
ڕۆژێ جارێکم بەسە بیبینم لە بێڵایە
خاڵەکەی سەر ڕوومەتی جوانە نەخشی خودایە

ئەرێ نە چاو تێر دەبێ گیانە نە دل دەبیزێ
کاڵێ خۆم لێرە ماوم گیانە یار لە تەورێزێ
هەی نایە نایە . . . . .

سەرێکەو مەستی نازم دڵێکەو بۆت نەماوە
دڵم هەقی بەدەستە فتوای سەری دراوە



www.mamle.net

Mamle Art Center

لەعنەت لە یاری درۆزن وەفای بۆ کەس نەماوە
حەوت سالان یاری من بووی بۆ چیت نەکرد ماڵئاوا
ئەرێ دەردێکی داومێ گیانە دەرمانی نەکرد
کاڵێ شەماڵ بە بەفری زۆری کوێستانی نەکرد
هەی نایە نایە نایە • • • • •



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# هەی نایە نایە (٢)

ئەرێ چاوم پڕ خوێنە گیانە پڕ لە گریانە
جوانێ لە هەر چوار دەورەم دیدەم ئاگربارانە
گیانە لە هەر چوار دەورەم جوانی ئاگربارانە
هەی نایە نایە نایە دەنگی گوارە زێڕ نایە
ڕۆژێ جارێکم بەسە ببینم لە بێلایە
خاڵەکەی سەر ڕوومەتی جوانە نەخشی خودایە

ئەرێ ڕێگاکەم دوورە گیانە دوورکەوتۆتەوە
جوانێ مەیلی جارانت گیانە کەم کردۆتەوە
هەی نایە نایە نایە دەنگی گوارە زێڕ نایە
ڕۆژێ جارێکم بەسە بۆم بێتە بێلایە
خاڵەکەی سەر ڕوومەتی جوانە نەخشی خودایە

ئەرێ ڕەنگم زەرد نەبوو گیانە تۆ کردت بە بەی
جوانێ لە خوام تەڵەبە ڕەببی بە مەقسود نەگەی

**مەقـــام :**

کێژی مەناڵە لە ماڵە باوان چی دی مەڕێژە فرمێسکی چاوان



Mamle Art Center

Mamle Art Center

دایمه وەك تازیەداران چاو بە گریەو گرینم

کوانێك لە جەرگم هاتووە خوێن دەچۆڕێ لە برینم

کیژۆلەیێ ناسكو نەرم زۆر پەشێوت دەبینم

هەی نایە نایە نایە دەنـگی گوارە زێر نایە

ڕۆژێ جارێـکم بەسە ببینم لە بێلایە

خاڵەکەی سەر ڕوومەتی جوانەو نەخشی خودایە



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# هەواری خاڵی




جوانی باڵاو دەمو چاو
بەهرەی تاسەر لیمۆ کاڵ
هەزار چاو جوان قەدباریک
هاتبووم ببمە ئاواڵی
کەوتبوویە چاڵی تاریک

کەوتمە هەواری خاڵی
ئەی دڵە ڕەنجەڕۆ بی
هەروەکو ڕەنجەڕۆ بووی
من پێموابوو تۆ دۆستی
هاتبووم ببمە ئاواڵی
دۆستێکی سەربەخۆ بووی
کەوتمە هەواری خاڵی



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

لێم مەپرسن لێم گەڕێن
بەدوای مندا مەگەڕێن
ئێمە چاومان لەوی بوو
هاتبووم ببمە ئاواڵی
ئەو چاوی وا لەدەرێن
کەوتمە هەواری خاڵی

بەهار ڕۆیی گوڵ نەما
شادی بۆ بولبول نەما
بەرگ‌و نەوای گوڵ نەما
هاتبووم ببمە ئاواڵی
بەجێی هێشتم نەمزانی
کەوتمە هەواری خاڵی

بۆ دەت‌فەرموو بۆ تۆ نابم
چۆنی تۆ دەفەرمووی وا بم
کەوتبوومە بەندی‌خانێ
هاتبووم ببمە ئاواڵی
بە یادی تۆوە مابووم
کەوتمە هەواری خاڵی



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

# فەوزی یە

وەرە سەر دەرکێ وەکو مانگ لە سوێ
گوڵەکەم تاوێـک لەگەڵ من بدوێ

وا لە ڕێتایە سەری سەرگەردانم
چاو بە فرمێسکەوە لێت دەڕوانم

دڵ بەئاواتەوە بێتەوە لات
سەری داناوە لە ڕێی هاتو نەهات

فەوزی یە تاقە گوڵی نێوشاری
پەیـکەری جوانیو ئەتۆی گیانداری

جوتێ لیمۆ کە لەسەر سینگی تۆن
ویستو دڵخوازی منی تامەزرۆن

چ بڵێمو چەندە سروشت ئارەقی ڕشت
تا وەها جوتە مەمی تۆی داڕشت

تەمەنت گەیوەتە چواردە بە خەیاڵ
تازە زەرد هەڵگەڕاوە لیمۆی کاڵ

سینگ‌و مەمی تۆ بڵێ نەك زێرو زیو
زێرو زیوێـك بوو بۆ من ریشە بزێو




Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# ئای نەرمە نەرمە




دەسماڵی سەرت هەریری نەرمە

بە دڵم حەز لێکرد بە زارم شەرمە

ئای نەرمە نەرمە گشت گیانت نەرمە

چادرەکەت لادە چوەعدەی شەرمە

نە ڕوحمت پێمدا دێ نە لە خودات شەرمە

چاوێـکم دێشێ چا نابێتەوە

ئەو گوڵەم لێ زیزە ئاشت نابێتەوە

ئای نەرمە نەرمە گشت گیانت نەرمە

چادرەکەت لادە چوەعدەی شەرمە

نە ڕوحمت پێمدا دێ نە لە خودات شەرمە



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

چخودا بەرداره غەرقم کەی لە غەم
روحمێ خێرێت بێ یان زۆرو یان کەم
ئای نەرمە نەرمە . . . . .

دەشتی پشت قەڵاوە ڕازاوە بە گوڵ
عارەق دەڕێژم زەنگول بە زەنگوڵ
ئەتۆم خوش‌دەوێ بە گیان‌و بە دڵ
ئای نەرمە نەرمە . . . . .

هەناسەی ساردم دەماڵێو گەرێ
شادی‌یەت بێ من لێ وە شین گەڕێ
ئای نەرمە نەرمە . . . . .

خودا خودامە مانگ ببێ ئاوا
دەستێک بگێرم لە باغی ساوا
ئای نەرمە نەرمە . . . . .

ئەوە کە دەڕۆی خۆت‌و دڵەکەت
ئامانەتت بێ تاقە گوڵەکەت
ئای نەرمە نەرمە . . . . .



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

## لای لای کەوێ گەردن بە خاڵ

سەرم سەرگەردان پام دە کۆتێدا
هەر مانگێک دادێ غەمم زیاد دەکا
لای لای لای لای کەوێ گەردن بە خاڵی
وای وای وای وای کوشتمی باوەش و منداڵی
نەمام بۆ لێوی ئاڵی

خودا خودامە مانگ بێ بە ئاوا
دەستێک بگێرم لە باغی ساوا
لای لای لای لای . . . . .

لەگەڵ کەم شەرتان پای خۆم خستە چاڵ
نەجاتم نابێ ئازیزم تاکو هەزار ساڵ
لای لای لای لای . . . . .

لە شنەی داری بێ لە مەزەی قۆرە
خودا هەڵنەگرێ ئەو زوڵمە زۆرە
لای لای لای لای . . . . .



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

# کاتی بەهارە

هەواو وتنی : ماملێ
هۆنراوەی : ئیمامی

کاتی بەهارە چاوەکەم با بچینە باغی دووبەدوو
گوڵ بچنین بە هەر دوو دەست بێنینە سەما دۆستو جوو

ساقی بە هەڵپەرینەوە دێتو دەچێ لەنێو چەمەن
خونچە بە پێکەنینەوە دڵ دەرفێنێ زووبەزوو

بولبولو قومری هەر تەرەف سازی تەرەب دەکەن کەچی
لە شاخی گوڵ لە باخی دل خۆ دەنوێنێ کوندەبوو

عەرعەرو سەرو نارەوون پاکی بەدەم نەسیمەوە
بە رەقسو شەوقو زەوقەوە دێنو دەچن بەئارەزوو

ئەدەب زرا لە زیندەبەر تەرەب لە باغو گوڵشەنا
لە لای بەشەر لەبۆ دەوا نەما حەیاوو ئابروو

خۆشی‌یە کەیفە شادی‌یە بەزمە هەرایە چۆپی‌یە
بە عیشقی بوکی بولبولێ خونچە کە بووکە دڵ خەسوو

رازو نیازی دڵ دەکەن بولبولو قومری پێکەوە
هەردوو بە فکری زکرەوە خونچە بەیەک دەدەن بە شوو

هەر بەتەنێ ئیمامی‌یە بێبەشو بەهرە مایەوە
خەرمانی خەم بە با دەکا دەنگی ئەستەم دەکا بە توو



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

# تەنـــکە

وووتنی : ماملـێ
هەواو هۆنراوە : فـۆلـکلۆر

کفنەکەم ببڕن بە مەودای مقەست
شەرت‌بێ مەیلەگەت بەرنەدەم لە دەست
منوای تەنـکەوە تەنـکەی شیرازی
سەرپەنجەی سور کرد بۆ پەنجەبازی
بە ماڵی دنیا بۆم نابێ ڕازی

چاوم پڕ خوێنە دەکوڵێ هەناوم
چەندە بێڕوحمی من بۆت نەماوم
چەندە بێروحمی من بۆت سوتاوم
منوای تەنکەوە تەنکەی ماڵ وێران
یا بە دۆستم بی یا بە دەزگیران

تەنـکە بۆ خاتری حەزرەتی داوود
خۆ من شێتی تۆم سووتام لە تاوت
منوای تەنکەوە تەنکەی ماڵ وێران
یا بە دۆستم بێ یا بە دەزگیران

وەبیرت نایە شەوانی شادی
لە ڕێـگای تۆدا چەندم جەفا دی
منوای تەنکەوە تەنکەی ماڵ وێران
یا بە دۆستم بی یا بە دەزگیران



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# با وا بێ با وا بێ (١)

شەدەی بەستوە بێریانی دەسرۆکەی کرد خێڵەکی
ناوێرم ناوی بێنم لەبەر زبانی خەڵکی
با وا بێ با وا بێ دەستم دە مەمکێ دابێ
ئەگەر زەدەی بێبێنم سەرپەنجەم کۆلەوار بێ

بۆ خۆم دوورم نایگەمێ کەس نی‌یە وەڵامێی دەمێ
سەبرو هۆشی لێ بڕیوم کەوتومە بەحری غەمێ
دوو برۆی ڕەشی هیلالی کەوتوونە ژێر پەرچەمێ
با وا بێ با وا بێ . . . .

ڕاوەستا لەسەر بیرێ لەبەر دەسماڵ هەریرێ
چەندی خۆم مەجبوور دەکرد دەستم بۆ هەڵناگیرێ
با وا بێ با وا بێ . . . .
چاوێکم دێشێ دەی دەی چا نابێتەوە
ئەو گوڵەم لێ زیزە وەی وەی ئاشت نابێتەوە
با وا بێ با وا بێ . . . .

سی شەوەی ڕەمەزانێ فەرزە لەسەر ئوممەتێ
سینگ کاغەزی مەرجانێ مەلا لێ‌یدەدا خەتێ
لەدنیادا بۆم نەبی چتلێبکەم لە قیامەتی
با وا بێ با وا بێ . . . .



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# لایەلایەت بۆ دەکەم

دەشتی پشت قەڵا ڕازاوە بە گوڵ
ئەتۆم خۆش‌دەوێ بە گیان‌و بە دڵ
لایەلایەت بۆ دەکەم بەڵکو خەو بتباتەوە
دەست‌خەمە نێو مەمکوڵانت
شەوو ڕۆژ من بەلاتەوە
یان خڕخاڵ بم شەو بە پاتەوە
چنرو لاولاو سەریان بوون بە گیر
من بۆچی دەگریم بە چیم دەکەن ژیر
لایەلایەت بۆ دەکـــەم ٠ ٠ ٠

ڕەنـگم زەرد نەبوو تۆ کردت بە بەی
لە خودام تەڵەبە بە مەقسود نەکەی
چاوجوانێ خۆم ڕێم نی‌یە بڕۆم
لە خودام تەڵەبە بە مەقسود نەکەی
یاخودا هەڵکەنی ئەو کێوە لە بن
بەڵـکو پێیدا بێ عەمرو دیدەی من
چاوجوانێ خۆم ڕێم نی‌یە بڕۆم
بەڵـکو پێیدا بێ عەمرو دیدەی من
چاوجوانێ خۆم ڕێم نی‌یە بڕۆم



Mamle Art Center

Mamle Art Center

دیسان باری غەم نیشتوە لە لێوم
بەزەیی‌یەکت بێ بەو دڵەی پەشیۆم
چاوجوانێ خۆم ڕێم نی‌یە بڕۆم
بەزەیی‌یەکت بێ بەو دڵەی پەشیۆم
چاوجوانێ خۆم ڕێم نی‌یە بڕۆم
دەردێـکی داومێ دەرمانی نەکرد
شەماڵ بە بەفری کوێستانی نەکرد
لایەلایەت بۆ دەکــەم ٠ ٠ ٠

ئەو شەو دوو شەوە دوور لە یارانم
وەك باخچەی بێ ئاو عاشقە بارانم
لایەلایەت بۆ دەکــەم ٠ ٠ ٠



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# حەسارە چکۆڵە (١)

هەناسەی ساردم دەماڵێو گەڕێ
ئەو شادی‌یەت بێ من لێ وە شین گەرێ
نازدارەی خۆم ڕێم نی‌یە بڕۆم
ئەو شادی‌یەت بێ من لێ وە شین گەرێ
چاوجوانێ خۆم ڕێم نی‌یە بڕۆم

حەسارە چکۆڵەی دارە سێو تێدا
گەردنی چاوجوانێم قەتارەی تێدا
چاوجوانێ خۆم ڕێم نی‌یە بڕۆم

گەردنی چاوجوانێم قەتارەی تێدا
چاوجوانێ خۆم ڕێم نی‌یە بڕۆم



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# حەسارە چکۆڵە (٢)

حەسارە چکۆڵەی دارە سێو تێدا
گەردنی چاوجوانێم قەتارەی تێدا
چاوجوانێ خۆم ڕێم نی‌یە بڕۆم

هەوەڵی کارێ نەبای بە یارم
بوی بە باعیس دڵەکەی غەمبارم
چاوجوانێ خۆم ڕێم نی‌یە بڕۆم

لەکوێوە هاتوی خەڵکی کام شاری
تاکو من بۆت کەم گەلێ خەمخواری
ئەوە کە دەڕۆی خۆتو دڵەکەت
ئامانەتت بێ تاقە گوڵەکەت
چاوجوانێ خۆم ڕێم نی‌یە بڕۆم

دیسان باری خەم نیشتوە لە لێوم
بەزەیی‌یەکت بێ بەو دڵەی پەشێوم
چاوجوانێ خۆم ڕێم نی‌یە بڕۆم



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ڕیحانەی دەم ئاشی‌یە

سەلاکەکەی خارایە رایێژنە ڕابیعایە
دە بنوە بنوە کۆرپەڵەم خەوی نایە
من چی‌بکەم خەوی نایە

ریحانەی دەم ئاشی‌یە جێژنەیە چەند خۆشی‌یە
یارەبی بەخێریتەوە جامەنی جندرقاشی‌یە

لە پردی سور بەولاوە پاوو پۆزی هەڵداوە
پاوو پۆز دەڵێی زێرە پاوانەی تێ کراوە
دەنا پاوانەی تێ کراوە

ماڵیان لە پردی سورە گەردنی دەڵێی بلورە
یارەبی بەخێریتەوە مامزەی چەکمەسورە

کەوای بەری ماهوتە دوگمەکەی تاق‌و جووتە
یارەبی موبارەکت بێ دەگەڵ یاری گرتووتە

ریحانەی دەم ئاشی‌یە جێژنەیە چەند خۆشی‌یە
یارەبی بەخێرینەوە جامەنی جندرقاشی‌یە

لە پردی سور بەولاوە پاوو پۆزی هەڵداوە
پاوو پۆز دەڵێی زێرە پاوانەی تێ کراوە
دەنا زەنگیانەی تێ کراوە



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

# زمزیــلان

بەهاران خۆشە زمزیلان
لە شیوو دۆڵ دەبنە گیران
تێکەڵبوون دۆستو دەزگیران
ئەی یار ئەی یار دوورە یارم
بێ وی تاریــکە ڕۆژگــارم
ئەی یار ئەی یار دوورە یارم
تیرەو تاریکە ڕۆژگارم

هاوین خەرمان لەبەر بایە
شەماڵ کەوتووە زریان نایە
هەڵیان بڕیم لە لەیلایە
ئەی یار ئەی یار . . .

مەقــــام :

قەتاریك هاتووە گەوهەر باریەتی
خورشیدەی خاوەر سەرقەتاریەتی
سورمەی عیشقی دڵدارە
پایزە لە منی ماڵ وێران



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

نه دۆستم بو نه دەزگیران
گەڕی دیلانێم بۆ گیران
ئەی یار ئەی یار ٠ ٠ ٠ ٠

**مەقـــام :**

تۆفیق بدەی پێم رەب العالمین
شاد بم بەوەسلی خەرامانی چین
سەر بە هەوای عیشق خەرامانەوە
دڵ بە غەمو دەرد بێسامانەوە
سەر لێشێواوی عیشقیدڵدارم
سا من بە سەودای چیمو چ کارم
گوڵ بە شاباشی مەردی دیوان کەن
پێشکەشی باڵای لەعلو مەرجان کەن



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ئازیزەکەم (٢)

بۆ من لە جوملەی ئازیزەکەم عەبدی خودا نیم
سەعاتێك لە دەست هەردوو دیدەم مەینەت ڕەها نیم
سەعاتێك لە دەست ئازیزەکەم غەمێك ڕەها نیم

**مەقـــام :**

لەو هاتنە بێ هودەیە بیرم شاشە
سەرباری خەمان بیرو خەمی ئەولاشە

مەیگێر وەرە قوڵ هەڵکە گڵێنەت بێنە
خەم چڵـکی دڵەو بە مەی بشۆریت باشە
بێ دولبەرو مەی تەمەن بەسەرچوون هیچە
دڵتەنگی جەهەندەمیۆ بەئاواتی بەهەشت
دایناوە خوا کوێندرەێ باش لێـکیدەوە

دڵتەنـگی مەرگ نابێ ئەوەی لێزانە
ئەو مانەوەمان ووچانی ڕاگوێزانە

زستانە هەتا ڕوودەکەمە مەیخانە
هەرلاسکی گوڵەو لە دەوری ئاگردانە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

وادیاره لە یاری جوان ڕووخۆشە جیهان
تۆڵەی دەمی پێکەنینە ئەو سوتانە

مەیگێر بەسەرت پردی سیراتیش کەڵکە
سەیرانی بەهەشت سەیری دوو چاوی بەڵکە

زۆرم لە خوا ویستو کەمیشی نەگەیی
هەر تۆبەیە دەمداتێ ئەویش نەمگەرەکە

چاوم پڕخوێنە ئزیزەکەم دەکوڵێ هەناوم
چەندە بێڕوحمی هەردوو دیدەم من بۆت نەماوم



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# چاوڕەش

زۆرم بێخۆشە میوانم بی ئەوشۆ
وەرە مەشکێنە دڵ چاوڕەش
بۆت دەناڵم شێت و شەیدای چاوکاڵم
سەرمەستم من شوشەی دڵەکەم شکاوە
بێ تۆ بیمارو بێحاڵم ئەوشۆ
بێ تۆ بیمارو عەبداڵم ئەوشۆ

غەمزەی چاوی مەستت کوشتومی ئەوشۆ
لارەی مەمکەکانت کوشتومی ئەوشۆ
بڕۆ دڵمت شکاند نازدار ئەی ئازیزم
بە خودای من لە تۆ زیزم ....
سەرمەستم من شوشەی دڵەکەم شکاوە
بێ تۆ بیمارو بێحاڵم ئەوشۆ
بێ تۆ بیمارو عەبداڵم ئەوشۆ

**مەقـــام :**

شەوان تا بە ڕۆژ گریان مەیلمن
یەکجار پەژارەی دووری لەیلمن



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

هەورەکەی رەحمەت وا بەحەواوە
وا منیش هاتمەوە بەڕووی سیاوە

ساقی بۆم تێکە شەڕابی حەوت سالە
بیخۆم بەسەلامەتی ئەو چاوکالە
لە دلی شکاوی من دەنگی سوتانم دێ
خرمەی بازنەی یارم دێ
سەرمەستم من شوشەی دلەکەم شکاوە
بێ تۆ بیمارو بێحالم ئەوشۆ
بێ تۆ بیمارو عەبدالم ئەوشۆ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# دەڕوا بەجێمدێڵێ (٣)

بە توێ ئارقچن ئەی هاوار نامهێڵێ
سەرو پەرچەمی دەڕوا بەجێمدێڵێ
دەڵێی شازادەی ئەی هاوار نەیهێشتم
ڕۆمو عەجەمی ڕۆیی بەجێی‌هێشتم

هەر کۆچ کۆچت بوو ئەی هاوار نامهێڵێ
کۆچت کرد بە راست ڕۆی بەجێمدێڵێ
کەم هیمەتت کرد ئەی هاوار نەیهێشتم
ماڵئاوات نەخواست ئەی هاوار نەیهێشتم

لە شنەی دارەبی ئەی هاوار نامهێڵێ
لە مەزەی قۆرە دەڕوا بەجێمدێڵێ
خودا هەڵنەگرێ ئەی هاوار نامهێڵێ
ئەو زوڵمە زۆرە دەڕوا بەجێمدێڵێ
قەڵای مەریوان ئەی هاوار نەیهێشتم
پاڵمدا پێوە ڕۆیی بەجێی‌هێشتم

قەڵاکەم ڕووخا ئەی هاوار نامهێڵێ
پاڵدەم بەکوێوە ڕۆیی بەجێمدێڵێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

هەی داد هەی بێداد ئەی هاوار نەیهێشتم
لەو گەورە شارە ڕۆیی بەجێیهێشتم

نە دەنگی یار دێ هاوار نامهێڵێ
نە بۆ خۆی دیارە دەڕوا بەجێمدێڵێ
ماڵێك باری کرد ئەی هاوار نامهێڵێ
کەس نەیگێڕاوە ڕۆیی بەجێمدێڵێ
بۆ خۆم دانیشتم ئەی هاوار نەیهێشتم
دڵخۆشیم داوە ڕۆیی بەجێیهێشتم



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# هەر یەسە




ئەرێ ساقی سەد دەخیل ئەی وەی وەفریادم ڕەس
ئەرێ بە ڕووی نازەوە دەی دەی جام بگرە بەدەس
هەر یەسە هەر یەسە نازدارەکەی مەدرەسە
ڕۆژێ جارێك بتبینم بۆ منی بێچارە بەسە

ئەرێ بەس بێمە جەنبوش وەی وەی هەروەکو جاران
ئەرێ بنۆشین جامێك وەی وەی بە یادی یاران
هەر یەسە هەر یەسە . . . .

ئەرێ تا یارم زانی وەی وەی ڕیشەی جەرگمە
ئەرێ بێکەس خۆم بێکەس وەی وەی وا سەرمەرگمە
هەر یەسە هەر یەسە . . . .



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

ئەرێ ئازیز بە مەرگت وەی وەی دڵ خرۆشیمە
ئەرێ ئارەزووی خەدەنگ وەی وەی پەنجەی کۆشیمە
هەی یاری هەی یاری بەگزادەی کوردەواری
لە گەرمێن و کوێستانان جوانێ ناوقەد زوراری

ئەرێ تا لە قەفەس دام وەی وەی ماومە نەفەسێ
ئەرێ بولبول بۆ گوڵێ وەی وەی ئەمن بۆ کەسێ
هەر یەسە هەر یەسە • • • •



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

# شەمامەو شلێرە

وووتنی : ماملێ
هۆنراوە : فۆلکلۆر

شەمامەو شلێرە ، شلێرە شەمام تەنکی
ناردم بێتە ئێرە دەنا ئێرە شەمام تەنکی
ماچ کردنی خێرە دەنا خێرە ناسک و تەنکی

شەڕ نی یە حەسەنەتە حەسەنەتە شەمام تەنکی
سەدەقەی براتە ، براتە ناسک و تەنکی
ڕوحم جانفیداتە جانفیداتە شەمام تەنکی

شەمامەو شلێرە ، شلێرە شەمام تەنکی
ناردم بێتە ئێرە دەنا ئێرە شەمام تەنکی
ماچ کردنی خێرە دەنا خێرە شەمام تەنکی

شەمام لە بۆکانی لە بۆکانی شەمام تەنکی
بابێتە هەیوانێ هەیوانێ ناسک و تەنکی
بەناز چاو دەڕوانێ دەڕوانێ ناسک و تەنکی



Mamle Art Center

Mamle Art Center

شەمامەی خەت‌خەتە ، خەت‌خەتە شەمام تەنکی
گولێ بەقیمەتە بەقیمەتە ناسکۆ تەنکی
ماچ‌کردن حەسرەتە حەسرەتە شەمام تەنکی

شەمام لەبەرنانی لەبەرنانی شەمام تەنکی
پێم‌نا لە کلدانی لە کلدانی ناسکۆ تەنکی
عەوام بووم نەمزانی نەمزانی شەمام تەنکی

شەمامەو شلێرە ، شلێرە شەمام تەنکی
ناردم بێتە ئێرە دەنا ئێرە شەمام تەنکی
ماچ‌کردنی خێرە دەنا خێرە شەمام تەنکی

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# وەی وەی بارانە

وەك قومری سەربالْم شینە
كارو پیشەم هەر گرینە
ئەسمەران خوێنیان شیرینە
وەی وەی وەی وەی بارانە

دیسان شەو هات بۆ حالْی من
لەو دلْەی پڕ خەیالْی من
گەڕەك نانوێ لە نالْەی من
وەی وەی وەی وەی بارانە
ئاخ پایزە گەلاڕێزانە

خودا كاران هەروا دەكا
خونچەی لە خاك پەیدا دەكا
ئەمنی پێ مبتەلا دەكا
وەی وەی وەی وەی بارانە
ئاخ پایزە گەلاڕێزانە

لە سابلاخێ وەدەركەوتم
لە گولْە زەردان وەسەركەوتم
وەدوای كۆچی لەیلای كەوتم



Mamle Art Center

Mamle Art Center

وەی وەی وەی وەی بارانە
ئاخ پایزە گەڵاڕێزانە

بەو قورعانەی لەسەر دەستم
لەتلەت کرێم لەسەر پۆستم
نانێم مەیلی کۆنە دۆستم
وەی وەی وەی وەی بارانە
ئاخ پایزە گەڵاڕێزانە

قەسەم بە ڕەحمانو ڕەحیم
هەتا لە دنیایە دەژیم
مەیلت نانێم یاری قەدیم
وەی وەی وەی وەی بارانە
ئاخ پایزە گەڵاڕێزانە

قەستەم بە سوڕەتی عەممە
دایمە دڵەکەم پڕ لە غەمە
نایەڵێ ماچکەم ئەو دەمە
وەی وەی وەی وەی بارانە
ئاخ پایزە گەڵاڕێزانە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# با وا بێ با وا بێ (٢)

دەتفەرموو بۆ تۆ نابم چۆنی تۆ دەڵێی وا بم
کەوتبومە بەندیخانێ جا بە یادی تۆوە مابووم
یارەبی کۆستی دڵ کەوێ گەر ساتێ لێت جودا بم
با وا بێ با وا بێ دەستم دە مەمکی دابێ
ئەگەر زەدەی پێ بێنم سەرپەنجەم کۆڵەوار بێ

سەرێکەو مەستی نازم جا دڵێکەو بۆت نەماوە
دڵم هەقی بەدەستە فتوای سەری دراوە
حەوت ساڵان یاری من بووی بۆ چیت نەکرد ماڵئاوا
با وا بێ با وا بێ بۆ دەبێ تەوەلا بێ
زەردەخەندێکت بێتێ خۆ دنیا خەراب نابێ

وەکی لە من قەوماوە یا ڕەبی لە کەس نەقەومێ
لە وڵاتی موکریانی کەس نی‌یە هاواری بەرمێ
دایكو باوکی لێوئاڵێ توڕەن نامدەنێ نەرمێ
لەسەر ئەو حاڵەش لەیار زۆری لێ دەکەم شەرمێ
با وا بێ با وا بێ بۆ دەبێ تەوەلا بێ
زەردە خەندێکت بێتێ خۆ دنیا خەراب نابێ



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# ئەی وەی لەنجەیە

ئەریێ وەی گوڵو ریحانەم دەسك كرد
جا لەكن كولمەی یارێم ڕاگرت
هاوارت‌كرد ئابڕوی منت برد
ئەی وەی لەنجەو هاوار لەنجەیە
جا لەنجەت بە سەری پەنجەیە

ئەریێ وەی گوڵو ریحان بوونە برا
جا گوڵ لە ڕیحانەی جوانترە
ڕیحانە بۆنیان خۆشترە
ئەی وەی لەنجەو هاوار لەنجەیە
جا لەنجەت بە سەری پەنجەیە

ئەریێ وەی چەند هەناسان هەڵدێنم
تێكەڵ دەبێ گۆشتو خوێنم
ئەریێ وەی دەترسم بمرم نەتبینم
ئەی وەی لەنجەو . . . .

ئەریێ وەی شەو گەیشتە حاڵی جاران
بۆم‌بڵێن بەشای وەفاداران
ئەریێ وەی زوو بێتە سەر دەردەداران
ئەی وەی لەنجەو . . . .



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# سەرتەنە

ئەرێ ماڵێک باری کرد هەی باری کرد
گیانە کەس نەیگێڕاوە دیدەکەم کەس نەیگێڕاوە
ئەرێ بۆ خۆم دانیشتم هەی دانیشتم
گیانە دڵخۆشیم داوە دیدەکەم دڵخۆشیم داوە
عەمرەکەم وەی چاوەکەم هەی دیدەکەم
عەزیزەکەم سەرتەنە هەی دیدەکەم سەرتەنە
ڕەببی مبارەکت بێ هەی مبارەک بی
گوڵو گوارەو زێرچەنە هەی گوڵو گوارەو زێرچەنە

ئەرێ خودا دەیزانێ هەی دەیزانێ
گیانە بۆ تۆ نەخۆشم دیدەکەم بۆ تۆ نەخۆشم
ئەرێ خەڵکی غەم دەکڕێ دەی غەم دەکرێ
گیانە من غەم دەفرۆشم دیدەکەم غەم دەفرۆشم

ئەرێ تا ممکین دەبێ هەی وەی دەبێ
دەنا هەر بە عیشوەیە دیدەکەم هەر بە عیشوەیە

ئەرێ لە وولاتی خۆمان وەی وەی خۆمان
گیانە کێوێك دیارە دیدەکەم کێوێك دیارە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

ئەرێ بەقەد ئەو کێوەی وەی ئەو کێوەی
گیانە غەم لە دڵم بارە دیدەکەم غەم لە دڵم بارە
عەمرەکەم وەی چاوەکەم هەی دیدەکەم
عەزیزەکەم سەرتەنە هەی دیدەکەم سەرتەنە
ڕەببی مبارەکت بێ هەی مبارەك بی
گوڵو گوارەو زێرچەنە هەی گوڵو گوارەو زێرچەنە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# هەی زێرینێ

سەرێکەو مەستی نازم دڵێکەو بۆت نەماوە
دڵم هەقی بەدەستە فتوای سەری دراوە
چەند سالآن یاری من بووی بۆ چیت نەکرد ماڵ ئاوا
هەی زێرینێ زێرینێ گۆیە خۆشە با بچینێ

لەنگۆ یار پەیدا نابێ پەیدا بێ وەفای نابێ
سەد خونچە بپشکوێ بێ بولبول بەهار نابێ
جبکەم دڵ گرتوویەتی بە کەس تەوەلا نابێ
هەی زێرینێ زێرینێ گۆیە خۆشە با بچینێ

دایمە وەک تازی‌یەداران چاو بە گریەو گرینم
کوانێك لە جەرگم هاتووە خوێن دەچۆڕێ لە برینم
کیژۆڵەی ناسكو نەرم زۆر پەشێوت دەبینم
هەی زێرینێ زێرینێ گۆیە خۆشە با بچینێ

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ئەی وەی لە ڕبابە




نەخۆش‌و دەردەدارم تەمەنم گەیوەتە چلی
هەموو تەستیقی بۆبکەن دەستی بۆ بدەن لەملی
ئەیٚ وەی وەی لە ڕبابە دەم دێنم زولفت لابە
تۆ بە غەمزە مەمکوژە سەد جار تو عالقەی کابە
بەم نازەو بەم عیتابە • • • •

نە بێ‌هۆشم نە مەستم مبتەلای چاوی مەستم
عاشقی باڵای لێوئاڵێم شێت بووم بە خۆم ناوەستم
دوگمەی بەڕۆیم دەترازاند مەمکۆڵەی کەوتە دەستم
لێوی هێنا بێ‌مژم لەباتی مژتنی گەستم
ئەی وەی وەی • • • •



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

بۆ خۆم دوورم نایگەمێ کەس نی‌یە وەڵامێ‌ی دەمێ
سەبرو هۆشی لێ‌بڕیوم کەوتومە بەحری غەمێ
دوو برۆی ڕەشی هیلالی کەوتوونە ژێر پەرچەمێ
ئەی وەی وەی • • • • •

بۆم بانگ کەنە شەماڵی دەمێك دێ‌و دەمێك نایە
دەی دا لە زولفی یارێ گوارەی دێنە سەمایە
گەر بێت‌و ئیعدامم کەن ڕوحمت بە من‌دا نایە
ئەی وەی وەی • • • • •

دوێنی وەڵامی ناردبوو دەچمە خزمەت یارەکەم
فەرمووی دەچمە سەفەرێ دەبێ بچم بەڕێ‌ی کەم
گریانم گرانە ساتێك لە دڵی دەرناکەم
بێتو درەنگ بێتەوە خاکی کوێ وەسەرکەم
ئەی وەی وەی • • • • •



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# گرتمت بەستمت(٢)

لەبەر سەیزادەی شاڵ چین ڕاستە قەول‌و پەیمانی
توند دە باوەشی دەگرم دمژم سەرکوڵمانی
گرتمت بەستمت کوشتمت سوتاندمت
بە زیندەی چاوەکانت لەژێر خاك چەقاندمت

وەکی لە من قەوماوە ڕەببی لە کەس نەقەومێ
لە وولاتی موکریانێ کەس نی‌یە هاواری بەرمێ
باب‌و دایکی لێوئاڵێ تورەن نامدەنێ نەرمێ
گرتمت بەستمت کوشتمت سوتاندمت
بە زیندەی چاوەکانت لەژێر خاك چەقاندمت

دەڵێی سوێندێکت بۆ بخۆم سوێند بە مزگەوتی واوان
کە لێرە دوژمنم بن تا سەهەندو سۆلاوان
شەرتە دەست‌بەردارت نیم شەرت‌بێ بە شەرتی پیاوان
گرتمت بەستمت • • • •

هەم نارنجەو هەم سێوە هاوار یا شێخی کرێوە
غەم‌و مەراقی یارێ ئیشکی کردوم بە پێوە
یارەبی نەبارێ باران تاقە گوڵەکەم بەڕێوە
گرتمت بەستمت • • • •



Mamle Art Center

Mamle Art Center

نەخۆش و پەرێشانم ئارامم نییە ساتێ
سەفەرێکم کەوتە بەر ڕێیە هاتو نەهاتێ
مونتەزیرم لەڕێیە با کاروان بێو بم گاتێ
یارم دەگەڵ کاروانییە قەولە دوو ماچم داتێ
گرتمت بەستمت ٠ ٠ ٠ ٠ ٠



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

## گەوھەرێ (٢)

وا چاکە وا سەلاحەت تاوێک بێیە ئامێزێ
هاوار حەزرەتی غەوس ئەو گوڵەم بپارێزێ
قەولە دیاریم بۆ بێنێ گوڵم وا لە تەورێزێ
ئەی وەرە وەرە گەوھەرێ
سینگت حەوزی گەوسەرێ
لیم گەرێ وام بەسەرێ
ساز بە سورە گوڵان دەچنین
لەبەر ماڵی قەمتەرێ
داخودا لەسەر چاوی جوانت
جا چ‌پەندێکم بەسەرێ

غەمگین‌و پەرێشانم ئارامم نی‌یە ساتێ
سەفەرێکم کەوتە بەر ڕێیە هات‌و نەهاتێ
مونتەزیرم لە ڕێیە با کاروان بێ‌و بم گاتێ
ئەی وەرە وەرە گەوھەرێ
سینگت حەوزی ٠٠٠٠٠


دایمە وەك تازیە داران چاو بە گریەو گرینم
کوانێك لە جەرگم هاتووە خوێن دەچۆرێ لە برینم
کیژۆڵەی ناسك‌و نەرم زۆر پەشێوت دەبینم
ئەی وەرە وەرە گەوھەرێ
سینگت حەوزی ٠٠٠٠٠



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

# خاڵەی ڕێبوار (١)




بۆ خۆم بە خۆم کرد بەردبارانم کەن
وێڵو ئاوارەی نێو خاڵانم کەن
هۆی خاڵەی ڕێبوار دەی دەی ڕێم لەبەرناچێ
بۆ جوابت کردم دەی دەی بۆ تەنیا ماچێ

تۆ چرای نەوتی دەی دەی من ئاگر بە دەست
تا ئاوڕم داوە گیانە گڕ بڵێسەی بەست
هۆی خاڵەی ڕێبوار دەی دەی ڕێم لەبەرناچێ
بۆ جوابت کردم دەی دەی بۆ تەنیا ماچێ

شەرت بێ تا دەمرم بە دڵ بۆت بگریم
تا ناڵەم دەڕوا بۆ عەرشی عەزیم
هۆی خاڵەی ڕێبوار ڕێم بەرامبەرە
دوعام لێ مەکە مانگی سەفەرە



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ئای نیزام

گیانە باقەی دەستەگوڵ جوانێ زانیم دڵـگیری
جوانێ پەی پەی زیادکرد دیدەم پەژارەی پیری
ئەرێ نیزامو خۆم نیزام جا نیزامی تۆمە لێرە
ئەو دوو چاوی خومارت گیانە پێبەندی کردم لێرە
ئەوا کەژال بوو ڕۆیی یا نە من زەینم کوێرە

گیانە عیشقی لەیلایە جوانێ کەوتۆتە سەرم
گیانە بۆیە ئاوارەو جوانێ من دەربەدەرم
ئەرێ نیزامو خۆم نیزام جا نیزامی تۆمە لێرە
ئەو دوو چاوی خومارت گیانە پێبەندی کردم لێرە
ئەوا کەژال بوو رۆیی یا نە من زەینم کوێرە

جوانێ دەفعەیەك نەمدی گیان کە تۆ من یادکەی
یا نە ڕۆژێك دڵم دەی دیدەم خۆش‌و شاد کەی
یا نە ڕۆژێکی دڵم خۆش‌و ئازاد کەی
ئەرێ نیزامو خۆم نیزام جا نیزامی تۆمە لێرە
ئەو دوو چاوی خومارت گیانە پێبەندی کردم لێرە
ئەوا کەژال بوو ڕۆیی یا نە من زەینم کوێرە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# هەر تۆم دەوێ

کابانی ئەوڕۆ گیانە مەڕدۆشی جاران
وەسەر سەرت گەڕێ سەد یاری جاران
سەرتای بە پای زێڕ بێ
بێدەنگ‌و بێ باس بێ
وەك مانــگی چواردەی بێ
هەر تۆم دەوێ تۆ

باوانەکەی باوم هێزی هەناوم
تاکو ئەتۆ بی گیان بینایی چاوم
سەرتای بە پای زێڕ بێ
بێدەنگ‌و بێ باس بێ
وەك مانــگی چواردەی بێ
هەر تۆم دەوێ تۆ

با بچینە سەیرانگا وەختی بەهارە
خونچە بوو بە گوڵ گیان بولبول خومارە
سەرتای بە پای زێڕ بێ
بێدەنگ‌و بێ باس بێ
وەك مانــگی چواردەی بێ
هەر تۆم دەوێ تۆ



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

من شێت نەبوم گیانە تۆ شێتت کردم
بە نێو زیندوم‌و گیانە بە قالب مردوم
سەرتای بە پای زێڕ بێ
بێ‌دەنگ‌و بێ باس بێ
وەك مانــگی چواردەی بێ
هەر تۆم دەوێ تۆ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# هەی لە منو هەی لە کێ (١)

زۆر کەس نەمامی چەقاند گیانە نەی خوارد لە بەری
خەڵفی داری من شین بوو گیانە هاتبوو بگاتە بەرێ
فەرمووی ئیستێکی بگرە گیانە شەرتی بۆم دەبمە سەرێ
وەرە دەرکی دەروازەی گیانە بۆ دانیشتووی لە سەرێ

هەی لە منو هەی لە کێ گیانە ئەی لە لەنجەی لەیلایە
کاری منو بەژنێ باریک گیانە وا زوو کۆتایی نایە
شەرتە قەت مەیلت نانێم تا بمێنم لە دنیایە

حەوت ساڵان شێتی تۆ بووم گیانە بە بێ هەقو بێ کرێ
مودەتێك لەوەی پێشتر گیانە پەیمانمان بەست لە دەرێ
نە عەهدو نە پەیمانت گیانە قەت قەت نابەیە سەرێ
سیلەی ڕەحمت بۆم ببزوێ با خودای من نەتگرێ

هەی لە منو هەی لە کێ گیانە ئەی لە لەنجەی لەیلایە
کاری منو بەژنێ باریک گیانە وا زوو کۆتایی نایە
شەرتە قەت مەیلت نانێم تا بمێنم لە دنیایە

-١٩٩٦-

www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

بۆچی ماڵئاوایی کرد گیانە لەمێژە چۆتەوە
لەوڕۆژە کە ڕۆیشتوە گیانە شەوم ڕۆژ نەبۆتەوە
خودا بۆ خۆی دەیزانێ گیانە کە دڵخۆشی من ئەوە
ماوەتە ڕوحمێ خودای کە یار بگەڕێتەوە

هەی لە منو هەی لە کی گیانە هەی لە لەنجەی مەلەکێ
مەلەك وەك مانگی چواردەی گیانە کلی لە چاوان دەتکێ
شێتو شەیدای باڵای بوم ڕاوەستای لەبەر دەرکێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# خاڵەی ڕێبوار (٢)

سەرسەوزو بۆرشین گیانە نیشتون لە دیارە
لەو ماڵە غەریب گیانە من ماوم تەنیا
هۆی خاڵەی ڕێبوار گیانە خۆ منیش ڕێبوارم
ئەمنیش وەکو تۆ هاوار دڵ بریندارم

ئەگەر حەزدەکەی گیانە قیامەتت بێ
دڵەکەی منت لەکنە گیانە ئامانەتت بێ
هۆی خاڵەی ڕێبوار گیانە خۆ منیش ڕێبوارم
ئەمنیش وەکو تۆ هاوار دڵ بریندارم

ساڵەهای ساڵە گیانە من ڕەنجەڕۆی تۆم
بە نانو گیانە جلوبەرگی خۆم
هۆی خاڵەی ڕێبوار گیانە خۆ منیش ڕێبوارم
ئەمنیش وەکو تۆ هاوار دڵ بریندارم

هۆی خاڵەی ڕێبوار گیانە ڕێم بەرامبەرە
دوعام لێ مەکە گیانە مانگی سەفەرە



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# وا مەکە وا مەکە




دوێنێ دیم لە ڕێی کانی دەستم برد بۆ مەمکانی
پێم گوت عاشقی باڵای تۆم بۆ بە دەردم نازانی
فەرمووی ئەمنیش بەدڵی تۆم چون عەشق ماڵوێرانی
وا مەکە وامەکە وامەکە دایکم دیارە
با لەسەر باڵای بەرزت با بدرێم لە سێدارە

وا چاکە وا سەلاحەت تاوێك بێیە باوەشم
بەژنێ باریك لیم زیزە دەتکێ فرمێسکی گەشم
لە دنیا خۆشیم نەدی بەدبەختو چارەڕەشم
وا مەکە وا مەکە وا مەکە دایکم دیارە ئابڕووم چوو
لەسەر باڵای بەرزت لیم دەن بە تفەنگی برنوو



Mamle Art Center

Mamle Art Center

بۆ خۆم دوورم نایگەمێ کەس نییە وەڵامێ دەمێ
سەبرو هۆشی لێ بڕیوم کەوتومە بەحری غەمێ
دوو برۆی ڕەشی هیلالی کەوتونە ژێر پەرچەمێ
سوچی چادرەکەت لادە با مانگ بێتەدەر لە تەمێ
وا مەکە وامەکە وامەکە دایکم دیارە
با لەسەر بالآی بەرزت با بدرێم لە سێدارە

ڕاوەستا لەسەر بیرێ لەبەر دەسمال هەریرێ
چەندی خۆم مەجبور دەکرد دەستم بۆ هەڵناگیرێ
دەڵێم بمدەیە ماچێك جارێ دەکا تەکبیرێ
وا مەکە وامەکە وامەکە دایکم دیارە
با لەسەر بالآی بەرزت با بدرێم لە سێدارە



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

# دەنگی یار نایە

چاوان مەڕێژە هێشتا مندالْی
سێوی نەگەیوی هەلْوژەی کالْی
دەنگی یار دەنگی یار دەنگی یار نایە
ناسکۆلْێ ناسکۆلْێ خرکۆلْێی دایە

ئەو سەرزەمینەی بۆنی تۆی لێ نایە
ئاوری تێ بەربێ هەر شەو لە لایە
دەنگی یار دەنگی یار دەنگی یار نایە
ناسکـۆلێ خرکۆلێ ناسکۆلەی دایە

بیکە بۆ خاتری عیشقی لەدەستچوو
سەرت هەلْێنە ئاورم تێ بەربوو
ناسکۆلْێ ناسکۆلْێ ناسکـۆلەی دایە
خرکۆلێ ناسکۆلێ ناسکـۆلەی دایە
هەرچەند نوێژ دەکەم نوێژم بەتالْە
تەحیات دەخوێنم تۆم لە خەیالْە
دەنگی یار دەنگی یار دەنگی یار نایە
ناسکـۆلێ خرکۆلێ کـۆرپەلەی دایە

چاوێکم دێشێ چا نابێتەوە
ئەو گولەم لێ زیزە ئاشت نابێتەوە
دەنگی یار دەنگی یار دەنگی یار نایە
ناسکـۆلێ خرکۆلێ کـۆرپەلەی دایە



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

# بۆ لێم زیزی

گوڵێکی بۆ جەفا خەڵق کراوی
بە ئاوی دڵ ڕفێنی ئاودراوی
بە عەتری بێوەفایی خۆش کراوی
چەند ڕۆژە نەمدیوە دنیا زیندانە

بۆ لێم زیزی لەسەرچی تۆراوی
بۆچی بژیم بە بێ گوڵم نامەوێ ئەو ژیانە
دەڵێ جەفا بە بەژنی من بڕاوە
لە بێوەفای گوڵ دڵم شکاوە
دڵم بە خوێنە تاقەتم نەماوە
چەند ڕۆژە نەمدیوە دنیا زیندانە

بۆ لێم زیزی لەسەرچی تۆراوی
بۆچی بژیم بە بێ گوڵم نامەوێ ئەو ژیانە
حەڵاڵە گەردنم بە بێقسوری
دەبێ نەزانی دەردی دووری
ڕەوا نییە لە جورمی من نەبوری
چەند ڕۆژە نەمدیوە • • • •



Mamle Art Center

Mamle Art Center

گوڵێکی خەمڕەوێنی ڕوو بە خاڵێ
دڵی منە بە تیری تۆ دەناڵێ
قەسەم بە عیشقی پاکی تۆ کەژاڵێ
چەند ڕۆژە نەمدیوە • • • •

لە لوتقی تۆ دەمێکە بێمرادم
لە هیجری خاڵەکەت کزو کەسادم
بە لوتفی تۆوە سەربڵندو شادم
چەند ڕۆژە نەمدیوە • • • •

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ناسکۆڵێ گیان مەگری

ناسکۆڵێ گیـــان مەگری
خرکۆڵێ گیـــان مەگری
جا وەرە سـەر قەبرم
بە دڵو بە گیان بـگری

چاوت ئەستێرە ڕوو لە کۆ دەکا
ئەو دڵەم وەسوەسەی باڵای تۆ دەکا
ناسکۆڵێ گیـــان مەگری
خرکۆڵێ گیـــان مەگری
جا وەرە سـەر قەبرم
بە دڵو بە گیان بـگری

هێندەم نەماوە بمنێنە قەفەس
نە چاو تێر دەبێ نە دڵ دەڵێ بەس
ناسکۆڵێ گیـــان مەگری
خرکۆڵێ گیـــان مەگری
جا وەرە سـەر قەبرم
بە دڵو بە گیان بـگری



Mamle Art Center

Mamle Art Center

یا جوابێك بەخێر یا دڵنیام کە
بەس لەوەی زیاتر شێتو شەیدام کە
ناسکۆڵێ گیـــان مەگری
خرکۆڵێ گیـــان مەگری
جا وەرە سـەر قەبرم
بە دڵو بە گیان بـگری

ئەوا هات رابرد یاری من شۆڕە
یان یاری خۆمە یان زەینم کوێرە
ناسکۆڵێ گیـــان مەگری
خڕکۆڵێ گیـــان مەگری
جا وەرە سـەر قەبرم
بە دڵو بە گیان بـگری



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# خرنگە خرنگە

عەمرو چاوەکەم یارە زێڕی هەژدە عەیارە
لەسەر بالآی بەرزت با بدرێم لە سێدارە

ئۆف خرنگە خرنگە خرنگە خرنگەی بازنەکانی
دەڵێم بمدەیە ماچێك پڕ بە دڵی من جوانی

شەدەی بەستوە بێریانی دەسرۆکەی توزێك تیلە
بەرۆکت بۆ دەرزیلە قامکت بۆ ئەنگوستیلە
لەسەر چیم لێ زیزی زیزبونت بێ‌دەلیلە

ئۆف خرنگە خرنگە خرنگە خرنگەی بازنەکانی
دەڵێم بمدەیە ماچێك پڕ بە دڵی من جوانی

بە ڕۆژ لەبەر خەیالآن بە شەو بۆت شێتو شەیدام
دەڵێن نەخۆشە لێوئاڵ دەردت لە ماڵی دنیام

ئۆف خرنگە خرنگە خرنگە خرنگەی بازنەکانی
دەڵێم بمدەیە ماچێك پڕ بە دڵی من جوانی

چاوت ئەستێرەی ڕۆژێ دەگەڵ مانگی دەگەڕێ
برینانم دەرمان کەن بە دەستی نیلوفەڕێ



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

ناوێرم کوڵمەی ماچکەم لێم وە عەیب دەگەڕێ
ئۆف خرنگە خرنگە خرنگەی بازنەکانی
دەڵێم بمدەیە ماچێك پڕ بە دڵی من جوانی

دەتفەرموو بۆ تۆ نابم چۆنی تۆ دەڵێی وابم
کەوتبوومە بەندیخانێ بە یادی تۆوە مابووم
یارەبی کۆستی دڵ کەوێ گەر ساتێ لێت جودا بم
ئۆف خرنگە خرنگە خرنگەی بازنەکانی
دەڵێم بمدەیە ماچێك پڕ بە دڵی من جوانی

جووتێ گوارەی بۆ دەکڕم لە عالەمێ مەشهور بێ
کەڵەبابەی مرواری پڕپڕەی زێڕی سور بێ
با لێوئاڵ لەگوێی کا بەڵکو دنیا خاپور بێ
ئۆف خرنگە خرنگە خرنگەی بازنەکانی
دەڵێم بمدەیە ماچێك پڕ بە دڵی من جوانی



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# لانەو لانت کەم

ووتنی :ماملێ
هۆنراوە : فۆلـکلۆر

دیسان شەو هات با بـکەم ناڵە
لە سوێی تۆ حاڵم بێحاڵە
لەتۆ جوانە بەژنو باڵا
لانەو هـــەی لانت کەم
شانەو هـــەی شانت کەم
پاموره جوانی خاڵ لە لێوانێ

بەو قورئانەی لەسەر دەستم
لەت لەت کرێم لەسەر پۆستم
نانێم مەیلی کۆنە دۆستم
لانەو هـــەی لانت کەم
شانەو هـــەی شانت کەم
پاموره جوانی خاڵ لە لێوانێ

سەری کوڵمت دەگرم بەدەم
تۆ خاتوو زین من کاکە مەم
لانەو هـــەی لانت کەم
شانەو هـــەی شانت کەم
پاموره جوانی خاڵ لە لێوانێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# هەر یەسە (٢)

ووتنی : ماملێ
هۆنراوە : فۆلکلۆر

تۆم توولە نەمام گیانە عەسای دەستمی
من کەسم نی‌یە گیانە تۆ گشت کەسمی
هەر یەسەو هەر یەسە نازدارەکەی مەدرەسە
ڕۆژی جارێک بت‌بینم بۆ منی بێچارە بەسە

تۆ چرای نەوتی گیانە من ئاگر بەدەست
تا ئاورم داوە گڕ بڵێسەی بەست
هەر یەسەو هەر یەسە نازدارەکەی مەدرەسە
ڕۆژی جارێک بت‌بینم بۆ منی بێچارە بەسە

ئەوا بەهارە گیانە کەژو کێو ڕەنگین
دڵەکەی ئالەم شاد گیانە دڵەکەی من غەمگین
هەر یەسەو هەر یەسە نازدارەکەی مەدرەسە
جوانێ بۆ ڕەزای خودا تەفرەدان بەسە
ڕۆژی جارێک بت‌بینم بۆ منی بێچارە بەسە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ئامینێ سورەگوڵ

وتنی : ماملێ
هۆنراوە : فۆلكلۆر

هەوەڵی کارێ نەبای بە یارم
بوی بە باعیسی دڵەکەی غەمبارم
ئامینێ سورەگوڵ چەند بە لەنجەو لاری
بەڕەنگ بەگزادەی باشی هەوشاری
خۆزگەم بەوکەسەی هەر ئەتۆی یاری

شێتان شێت دەبون دەچنە کەس نەزان
خۆ من شێتی تۆم سپڵەی بێ نەزان
خۆ من شێتی تۆم بەسیە بێ نەزان
ئامینێ سورەگوڵ چەند بە لەنجەو لاری
ئامینە گیان سورەگوڵ چەند بە لەنجەو لاری
بە ڕەنگ بەگزادەی باشی هەوشاری

دەنگم نایگاتێ دیوارمان بەینە
کەسمان تێ ناگا لەو کەین و بەینە
ئامینێ سورەگوڵ چەند بە لەنجەو لاری
ئامینە گیان سورەگوڵ چەند بە لەنجەو لاری
بە ڕەنگ بەگزادەی باشی هەوشاری



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# گوڵەکەم (٢)

ڕووت ڕەش بێ لەگەڵ قەرارت گوڵەکەم
ڕەبی کوێر بێ سەبەبکارت گوڵەکەم
چاوی ڕەش‌و دوو هەنارت
ڕەبی کوێر بێ سەبەبکارت
یاخودا کوێر بێ سەبەبکارت
هەی هەی لەبەر نازی تۆ
هەی لەبەر چاوی جوانی تۆ

دیسان شەو هات بۆ حالی من گوڵەکەم
لەو دڵەی پڕخەیاڵی من
گەڕەك نانوێ لە ناڵەی من گوڵەکەم
هەی هەی لەبەر نازی تۆ
هەی لەبەر چاوی جوانی تۆ

باغی گوڵانم پێ بسپێرە گوڵەکەم
خونچە بە خونچە بیبژێرە
یەکیان کەم بێ پێم بژێرە گوڵەکەم
هەی هەی لەبەر نازی تۆ
هەی لەبەر چاوی جوانی تۆ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

سەد جار فاتم کچی شای بێ گوڵەکەم
جوقەیی شایی لەسەردا بێ
بە قامکێکی لەیلام نابێ گوڵەکەم
هەی هەی لەبەر نازی تۆ
هەی لەبەر چاوی جوانی تۆ

دیسان عاشقان مەجلیسیان گرت گوڵەکەم
بە عام ناردیان ساقیان بانگ کرد
ساقی مەست بوو پیاڵەی پڕکرد
هەی هەی لەبەر نازی تۆ
هەی لەبەر چاوی جوانی تۆ



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

# هەوارە

بۆ خۆم دوورم نای گەمێ
کەس نی‌یە وەڵامێ‌ی دەمێ
سەبرو هۆشی لێ بڕیوم
کەوتوومە بەحری غەمێ
دوو برۆی ڕەشی هیلالی
کەوتوونە ژێر پەرچەمێ
سووچی چادرەکەت لادە
با مانگ بێتە دەر لە تەمێ
هەوارە هەی هەوارە
گیانە هاواری سەرو ماڵم
یارەبی لە دۆستم دەرچی
دەنا یارەبی ببی‌یە ئاوەڵم

شەدەی بەستوە بریانی
دەسرۆکەی تۆزێك نیلە
بەرۆکت بۆ دەرزیلە
قامکت بۆ ئەنگوستیلە
لەسەرچی لێم تۆراوی
گیانە زیزبوونت بێ‌دەلیلە



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

هەوارە هەی هەوارە
گیانە ساز بە بچینە هەواری
پێش‌بار بڕۆن لە پێش‌دا
گیانە دابنیشین دەگەڵ یاری

سڵاو لە بەژنێ باریك
جا بینایی هەردوو چاوم
خۆ من بە دەستی یارێ
دیل‌و ئەسیر کراوم
خودا بۆ خۆی دەیزانێ
گیانە دە عیشقدا سووتاوم
هەوارە هەی هەوارە
گیانە ساز بە با بچینە هەواران
پێش‌بار با بڕۆن دە پێش‌دا
گیانە با دانیشین دەگەڵ یاران

پەشێو‌و دڵ شکاوم
وێڵی شاخ‌و کێوانم
دەستەو ئەژنۆ دانیشتووم
موتنەزیری کاروانم
ئارامی لێ هەڵگرتووم



Mamle Art Center

Mamle Art Center

گیانه دەڕوا ئارامی گیانم
هەوارە هەی هەوارە
گیانه هاواری سەرو ماڵم
ڕەبی لە دۆستم دەرچی
گیانه یارەبی ببیە حەڵاڵم



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# پێم بڵێ مەزەدار

وووتەی : مامڵێو حسنی مامڵێ
هۆنراوە : فۆلکلۆر

چ‌خودا بەرداره غەرقم کەی لە غەم
روحمی خێرت بێ یان زورو یان کەم
پێم‌بڵێ مەزەدار تۆ بۆچی دەگری
ئەو جووتە سێوەت بۆ کێ هەڵدەگری

ڕەنگم زەعفەران بەختم قەترانە
سەلامی ناردبوو جەژنی قوربانە
پێم‌بڵێ مەزەدار تۆ بۆچی دەگری
ئەو جووتە سێوەت بۆ کێ هەڵدەگری

ماڵێك باری کرد کەس نەی‌گێڕاوە
بۆ خۆم دانیشتم دڵخوشیم‌داوە
پێم‌بڵێ مەزەدار تۆ بۆچی دەگری
ئەو جووتە سێوەت بۆ کێ هەڵدەگری

یا جوابێك بەخێر یا دڵنیام کە
بەس لەوەی زیاتر شێت‌و شەیدام کە



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

بەس موحتاجی شیخ‌و مەلام کە
پێم‌بڵێ مەزەدار تۆ بۆچی دەگری
ئەو جووتە سێوەت بۆ کێ هەڵدەگری

لە وولاتی خۆمان کێوێك دیارە
بە قەد ئەو کێوەی غەم لە دڵم بارە
پێم‌بڵێ مەزەدار تۆ بۆچی دەگری
ئەو جووتە سێوەت بۆ کێ هەڵدەگری

ماڵ لە مەریوان دڵ لە دەروشان
مردن خۆشترە لە ئاخ‌هەڵکێشان
پێم‌بڵێ مەزەدار تۆ بۆچی دەگری
ئەو جووتە سێوەت بۆ کێ هەڵدەگری

بڵێ بە دایکی چاوی لە کوڕ بێ
بۆ ماڵی دنیا کوڕ نەفەوتێنێ
پێم‌بڵێ مەزەدار تۆ بۆچی دەگری
ئەو جووتە سێوەت بۆ کێ هەڵدەگری



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# چارۆکێ و چارۆکێ

ووتنی : ماملێ
هەواو هۆنراوە : فۆلکلۆر

هەوران تێکیان خوڕی دەبا بێ بەتاوێ چارۆکێ
مەمکیان کراسیان دڕی ئەوە هات بەتاوێ چارۆکێ
کوشتمی دایکی کوڕی دەبا بێ بەتاوێ چارۆکێ
دەبا بێ دەبا بێ دەبا بێ ئەوە هات بەتاوێ دەسرۆکێ
سبحەی نیوەڕۆیە ساز بە بچینە مەندۆکێ

هەوران کۆیە کۆیە دەبا بێ بەتاوێ دەسرۆکێ
دەخوێنن هەڵۆیە ئەوە هات بەتاوێ دەسرۆکێ
یارم چاو هەڵۆیە دەبا بێ بەتاوێ دەسرۆکێ
شلکەو تەنکەو گرێ‌ی‌دە دەنا بەینی دەسرۆکێ
سبحەی نیوەڕۆیە ساز بە بچینە مەندۆکێ

لەسەر مەحمود کانی دەبا بێ بەتاوێ چارۆکێ
خەنجەرم دەڕژانێ ئەوە هات بەتاوێ دەسرۆکێ
لەسەر چاوی جوانێ ئەوە هات بەتاوێ دەسرۆکێ
شلکەو تەنکەو گرێ‌ی‌دە دەنا بەینی چارۆکێ
سبحەی نیوەڕۆیە ساز بە بچینە مەندۆکێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

هەوری ڕەشی دێنێ دەبا بێ بەتاوێ چارۆکێ
بارانەی دەڕژێنێ ئەوە هات بەتاوێ دەسرۆکێ
شلکەو توندی کەو گرێ‌ی‌دە دەنا بەینێ دەسرۆکێ
سبحەی نیوەڕۆیە ساز بە بچینە مەندۆکێ



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

# ئەمان دکتۆر

سەبری نازدارە ناز دەکا
بۆ ڕێبوار کوشتن وادەکا
با پرچی پەرێشان دەکا ئەمانە ئەمان
بۆ عاشق کوشتن وادەکا
ئەمان دکتۆر عەمرو چاوم دکتۆر وەرە دەردم چارە کە
بە من دەردی تۆ چا نابێ بە دڵت چارەی کە
دەی دەی بە دڵت چارەی کە

سەبری چوو بۆ نەخۆشخانە
زۆری تێدان پەرێشانە
ئەی وەی وەی پەرێشانە
زولفی وەك کەزییەی پەریانە
دیارە نەی کردووە بە شانە
ئەی وەی وەی بە شانە
ئەمان دکتۆر عەمرو چاوم دکتۆر وەرە دەردم چارە کە
بە من دەردی تۆ چا نابێ بە دڵت چارەی کە
دەی دەی بە دڵت چارەی کە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

سی‌و مراوی ده پۆڕن
به‌سه‌ر به‌حراندا ده‌نۆڕن
کیژی ئێستێ که‌مشه‌رتن
یه‌کجار زوو قه‌ولان ده‌گۆڕن
ئه‌مان دکتۆر عه‌مرو چاوم دکتۆر وه‌ره ده‌ردم چاره که
به من ده‌ردی تۆ چا نابێ به دڵت چاره‌ی که
ده‌ی ده‌ی به دڵت چاره‌ی که



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# كۆلوانە هەولێری یە

یارم چەکمە لەپێ دەکا
لەبنەوە چاوم لێ دەکا
وامزانی حەزم لێ دەکا
بەنەعلەت بێ درۆیە دەکا
کۆڵوانە هەولێری یە
چارۆکە هەولێری یە
ئەو گوڵە قۆڵی هەڵماڵیوە
یەقین شەنگەبێری یە

دەڵێ لە دڵت مەگرە غەمێ
منداڵم تازە دەگەمێ
گەورە بم ماچت دەدەمێ
دەبی یە خۆش بەختی عالەمێ
کۆڵوانەکەی گازرە
چارۆکەکەی گازرە
ئەو گوڵە قۆڵی هەڵماڵیوە
دایکی لەوێ حازرە



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

زیز مەبە یاری دوور وولآت
پایز ڕۆیی زستان هات
بزەت بۆ من بۆتە ئاوات
کۆڵوانە هەولێری‌یە
چارۆکە هەولێری‌یە
ناوێرم دوو قسەی پێ بڵێم
دایـکی لەوێ حازرە

ئەوشۆ هەوەڵی پایزە
سینگ بە خشڵو گوێ بە زریزە
بەینێکە یار لە من زیزە
کۆڵوانە هەولێری‌یە
چارۆکە هەولێری‌یە
ئەو گوڵە قۆڵی هەڵماڵیوە
یەقین شەنـگەبێری‌یە

هەوەڵ ڕۆژی دە بەهارێ
ڕێژنە بارانێک دەبارێ
غەمو پەژارە دەتارێ
کوڵوانەکەی گازرە
چارۆکەکەی گازرە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

ناوێرم دوو قسەی پێ بڵێم
دایـکی لەوێ حازرە

قوربانت بم چاکی پیرێ
گەرەکێ مە بە قوڕێ گیرێ
شەیتان زۆرن دۆستناگیرێ
کۆڵوانە هەولێری‌یە
چارۆکە هەولێری‌یە
ئەو گوڵە قۆڵی هەڵماڵیوە
ئەقین شەنـگەبێری‌یە



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

# هەوری لەکۆڵ

هەی داد هەی بێداد جوانی گیان هەی لە زوڵمی سەختم
خەتای کەس مەگرن جوانێ گیان من خـۆم بەدبەختم
هەوری لەکۆل
بازنە لەقۆڵ
سینگ نەرم‌ونۆڵ
وەختە لەسوێت بمرم
بەری بەیانان پێم‌خۆشە
لە باوەشێت بـگرم
هەموو بەیانان پێم‌خۆشە
دە ئامێزێت بـگرم

با بچینە سەر وەیس جوانێ گیان بپاڕێینەوە
خەرمانێك لە غەم نازەنین بماڵینەوە
هەوری لەکۆل

• • • • • • •

• • • • • • •

گەرەکێ خوارێ نازەنین خۆت‌و خوداتان
یارم غەریبە ئەی هاوار کەوتۆتە لاتان
قەدری واجبە نازەنین لەسەر هەموانتان
هەوری لەکۆل



Mamle Art Center

Mamle Art Center

. . . . . . .

. . . . . . .

بۆ من لە جوملەی نازەنین عەبدی خودا نیم
سەعاتێك لەدەست ئەی هاوار منەت رەها نیم
هەوری لەکۆل
بازنە لەقۆڵ
سینگ نەرم‌ونۆڵ
وەختە لەسوێت بمرم
بەری بەیانان پێم‌خۆشە
لە باوەشێت بگرم
هەموو بەیانان پێم‌خۆشە
دە ئامێزێت بگرم



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# گەزیزە

تایەك لە زولفت جوانێ دێ بەدەستمەوە
بەندی دڵ دەپسێ جوانێ پێی دەبەستمەوە
شلێرە گیان شلێرە ، شلێرە گیان شلێرە
بۆنی دێ وەك کەنێرە ، بۆنی دێ وەك کەنێرە

وەسفی شاییەکەت گیانە بە زەهری مار بێ
تۆزی ڕێگاکەت جوانێ لە دیدەم بار بێ
گەزیزە گیان گەزیزە ، گەزیزە گیان گەزیزە
ئەسمەر جوانێم لێ زیزە ، ئەسمەر جوانێم لێ زیزە
ئەگەر بێتوو لێم زیز بی ئەگەر بێتوو لێم زیز بی
بەهارم لێ پایزە بەهارم لێ پایزە

ئەرێ باڵا بەبەرزی ئەرێ باڵا بەبەرزی
گیانە قەد بە باریکی گیانە قەد بە باریکی
ئەرێ ئەستێرەی جوانێ کەوتە تاریکی
جوانێ کەوتە تاریکی

شلێرە گیان شلێرە ، شلێرە گیان شلێرە
بۆنی دێ وەك کەنێرە ، بۆنی دێ وەك کەنێرە
لە سەد کەسیم زانیوە لە سەد کەسیم زانیوە
شلێر خەڵکی هەولێرە شلێر خەڵکی هەولێرە
لە بەگزادەی هەولێرە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ئەوبەرەو بەرە

ئەوا هەڵیاندا سێدارە بۆ من
یارم دەیفەرموو ببیەخشن بە من
ئەوبەرەو بەرە ناسکە دولبەرە
بە دەم جوێن‌دەدا بە چاو دەڵێ وەرە

چەندم ئاخ کێشا ئاخی نیانی
دڵ دە دەروندا بوو بە بریانی
ئەوبەرەو بەرە ناسکە دولبەرە
بە چاو لێم زیزە پێم‌ناڵێ وەرە

ئەوە کە دەڕۆی خۆت‌و دڵەکەت
ئامانەتت بێ تاقە گوڵەکەت
ئەوبەرەو بەرە ناسکە دولبەرە
بە چاو لێم زیزە پێم‌ناڵێ وەرە

هەناسەی ساردم کێو لە بن دێنێ
داخودا خودای من چت وەسەردێنێ
ئەوبەرەو بەرە ناسکە دولبەرە
بە چاو لێم زیزە پێم‌ناڵێ وەرە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# لانەولانم کە

نەخودا دەمداتێ مەرگێك بە ئاسان
نە دڵ لە لای تۆ دەبێ هەراسان
وەرە وەرە لانم‌کە دەست لەملانم کە
خۆ من شێت‌و شەیدای تۆم حەواڵەی لوقمانم کە
خۆ من شێت‌و شەیدای تۆم جارجار دەست لە ملانم کە

گەڕەکێ خوارێ خۆت‌و خوداتان
یارم غەریبە کەوتۆتە لاتان
قەدری واجبە لەسەر هەموانتان
وەرە ئەو لانم لانم کە دەست لە ملانم کە
خۆ من شێت‌و شەیدای تۆم حەواڵەی لوقمانم کە
خۆ من شێت‌و شەیدای تۆم حەواڵەی شێخانم کە


دایکت خەجاڵەت باوکت ڕووسیاه
تویان لە من کرد بۆ ماڵی دنیا
وەرە ئەولانەولانم کە چوکەڵە دەست لە ملانم کە
خۆ من شێت‌و شەیدای تۆم حەواڵەی لوقمانم کە
خۆ من دەردەداری تۆم جارجار دەست لە ملانم کە



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

# باران بارانە




هەتا بمێنم منەتباری تۆم
خودا دەیزانێ منەتباری تۆم
باران بارانە دەبارێ باران
لە چی دەگەڕای لە گوڵی بەهاران
هەموو ئێواران یار یار

گوڵی دڵەکەم دێ وەك بارانێ
من لێرە ماوم یار لە تارانێ یار لە تارانێ
باران بارانە نم نم تەڕمی کرد
چاوێ کەژاڵێ لە دین دەرمی کرد
لە دین دەرمی کرد یار یار



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

بیکە بۆ خاتری حەزرەتی داود
خۆ من شێتی تۆم سوتام لەتاوت
سوتام لەتاوت یار یار
باران بارانە دەبارێ باران
لە چی دەگەڕای لە گوڵی بەهاران
هەموو ئێواران یار یار



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# لیمۆکەی کاڵە

هەی داد هەی بێداد کەس دیار نی‌یە
کەس لە دەردی کەس خەبەردار نی‌یە
ناوێرم بگوشم بمژم لیمۆکەی کاڵە
دەستیان لێ مەدە سەریان بە خاڵە
دەستیان لێ مەدە شلکەو منداڵە

هەر لە قەڵاگە تا بۆگەلەستی
هەمووی بەقوربان دوو چاوی مەستی
هەمووی بەقوربان بازنەکەی دەستی
ناوێزم بگوشم بمژم لیمۆکەی کاڵە
دەستیان لێ مەدە سەریان بە خاڵە
دەستیان لێ مەدە شلکەو منداڵە

جا چۆن شێت نەبم نەدەم بەخۆمدا
چۆن خاکی عالەم نەکەم بەسەردا
ناوێرم بگوشم بمژم لیمۆکەی کاڵە
دەستیان لێ مەدە سەریان بە خاڵە
دەستیان لێ مەدە شلکەو منداڵە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# خۆ من پیر نەبووم

خۆ من پیر نەبووم عەزیزەکەم تۆ پیرت کردم
پیری موحتاجی عەزیزەکەم بێوەفات کردم

خۆ من عەزیزەکەم پیرییەکەی تۆمە
پیری مەیلی عەزیزەکەم بێوەفای تۆمە

مەقـــام :

دلبەرم جەژنی قوربانە سەرم قوربانتە
جەژنی قوربان چونکە شەرتی دیتنی مانگینەوە

ئاهو ناڵەی بێقەراریم عالەمی خستۆتە جۆش
گوڵ بە ناز پەروەردە بوو دڵ دەمێکی بسرەوە

کەسێک کە پیر بێ عەزیزەکەم پاکی دڵ نادا
حەیفە بۆو عومرەی عەزیزەکەم بۆ تۆم بە با دا

لە کەممەیلەکەت عەزیزەکەم دەست لە دڵم نێ
یا چاکم بکە عەزیزەکەم یا دە گڵم نێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ئازیزەکەم (٣)

ڕاوکەری بەدخوو (ئازیزەکەم) خوێنڕێژو خوێنخۆر
بۆ ڕەزای خودای (ئازیزەکەم) بەسی‌یە زوڵمو زۆر

هەر سەیزادیکی (ئازیزەکەم) شاڵ کرمانی بێ
نەمبیستوە لە کەس (ئازیزەکەم) جوانی وای دیبێ

ئەی دڵە ناشاد بی (ئازیزەکەم) ناشادت کردم
موحتاج بە دۆستی (هەردوو دیدەم) بێوەفات کردم

بە جوانیت قەسەم (ئازیزەکەم) پرشنگی دێنێ
چەرحی زەمانە (ئازیزەکەم) تۆش دەشەمزێنێ
ئەو جوانی‌یەی هەتە (ئازیزەکەم) بە تۆش نامێنێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# هەی بێ (١)

چاوت ئەستێرە گیانە ڕوو لە تۆ دەکا
ئەو دڵەم وەسوەسەی گیانە باڵای تۆ دەکا
هەی بێ دە بڵێ بێ گیانە یارم دە نیوەشەودا
ئەرێ ئەو دەستە کێیە گیانە دە شیرین خەودا
ئەرێ کزو کەلەلام گیانە گردەنشینم
چون ڕۆژێ جارێك گیانە باڵات ببینم
هـــەی بێ • • • •

راوەستا لەسەر بیرێ
لەبەر دەسماڵ هەریرێ
چەندی خۆم مەجبور دەکرد
دەستم بۆ هەڵناگیرێ
هـــەی بێ • • • •

سەد نەعلەت لەو کەسەی بێ
دەست لە مەمکت نەکا گیر
قەد جارێـکی پێت نەگوتم
با بیکەین ڕاوو تەکبیر
جا چبو ماڵێ بابم
ئەتۆ جحێڵو ئەمن پیر
هـــەی بێ • • • •



Mamle Art Center

Mamle Art Center

## ئەی مەگری مەگری

سوێندم خواردووه لەگەڵ یارێ
بۆخۆی داوی‌یە بەڵێنێ
لە سینگ‌و مەمکان ئیزنی
هەرچی بەسەریان دێنی
هەر ئەورۆم لەبیرماوه
خۆیان پێ بخافڵێنی
خۆ من زۆرم پێخۆشه
ئەوشۆ لەکنم بمێنی

ئەی مەگری مەگری مەگری
مەگری گیانی شیرینم
هەرچەند بەکزیت دەبینم
دەکولێنەوه برینم
خۆ من وەك کاکەمەمی
عاشق بە خاتو زینم

دیسان دەردان سەر لێدام
غەم بەسەرمدا باری
هەڵناکەی لە دیهاتی



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

دەڕۆم دەتبەم بۆ شاری
نازانم کێ بنێرم
بڕێکت بکا دڵداری
ڕازی نەبووی بەوکارەی
لێیان کردی یە ئیجباری

ئەی مەگری مەگری مەگری
مەگری گیانی شیرینم
هەرچەند بەکزیت دەبینم
دەکولێنەوە برینم
خۆ من لەو دینایەیدا
هەر تۆی ئومێدی ژینم

لەسەر چی نامدوێنی
بۆ لێم دەگری بەهانە
دەبو زووت لێ حاڵی بام
کیژۆڵە بێبەقانە
لەمێژە لێت حالیمە
نەزەرت تەفرەدانە
تازە لەگەڵت تێکچوم
نەڵێی بۆم پەشیمانە



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

ئەی مەگری مەگری مەگری
مەگری گیانی شیرینم
هەرچەند بەگزیت دەبینم
دەکولێنەوە برینم
خۆ من لەو دینایەیدا
هـەر تۆی ئومێدی ژینم

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# زارا

گریان لە هەور فێربوم پێکەنین لە وەنەوشە
تێکچون لەگەڵ یارێ ئاشتبوونەوەی خۆشە
جارجارە دیدەم زارا
بەم ئێوارە شەدەی لارە
گرۆی لێ گرتووم زارا
دەڵێ لەگەڵت نایەم
بۆم نەکڕی گوڵو گوارە

لەسەر باڵای لەیلایە بووم بە پەندی دنیایە
مردم بە گریانو زاری شەوو ڕۆژم خەو نایە
زولفت ڕەشە ریحانە سینگت کارگی کەمایە
خۆ منیش وەکو مەجنونی نەماوم بۆ لەیلایە

خزمینە لۆمەم مەکەن تازەم گرتووە ئەو یارە
لە بەژنێ باریك جوانە گوڵو گوارەو قەتارە
غەمی دنیایە لە منو لەو دڵەی بێچارە بارە
جارجارە دیدەم زارا
بەم ئێوارە شەدەی لارە
گرۆی لێ گرتووم زارا



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

دەڵێ لەگەڵت نایەم
بۆم نەکڕی گوڵو گوارە

فەسڵێکی زۆر دڵگیرە نێوان مانــگی بەهاران
کوێستان دەڕازێنەوە خێل هەڵدەکشن بۆ بناران
دوو شت هێجگار زۆر خۆشن بۆ سێبوری دڵداران
گەڕەلاوژەی شەوانە هەڵپەرینی ئێواران
جارجارە دیدەم زارا
بەم ئێوارە شەدەی لارە
گڕوی لێ گرتووم زارا
دەڵێ لەگەڵت نایەم
بۆم نەکڕی گوڵو گوارە

نێوان مانــگی بەهاران وەختی خێڵ بەرەو ژووران
لە هاڕەی ئاو هەڵدێری کوێستانی سەرسنوران
وورشەی بازنەو پاوانە خرمەی گوارەو بەرموران
قاقای کیژە عیلاتیان لەنێو گوڵاڵە سوران
جارجارە دیدەم زارا
بەم ئێوارە شەدەی لارە
گڕوی لێ گرتووم زارا
دەڵێ لەگەڵت نایەم
بۆم نەکڕی گوڵو گوارە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

عەمرو چاوەکەم یارە زێری هەژدە عەیارە
گەلی دۆستو برادەران تەکبیر بکەن لەو کارە
بابی زیندانی کردووە دەورەی سیمی خاردارە
ناوێرێ بێتە ژوانێ کۆستو قەڕەول دیارە
جارجارە دیدەم زارا
بەم ئێوارە شەدەی لارە
گڕوی لێ گرتووم زارا
دەڵێ لەگەڵت نایەم
بۆم نەکڕی گوڵو گوارە



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

# سەبری

سەبری گیان هەستە بەیانە
درەنگە بۆ خەستەخانە
خەستە حاڵیان پەرێشانە
دەرمانیان کە بەو پەنجانە
ئەمان لێ‌لێ وەی سەبری‌یە
چاو ڕەشەی چل کەزی‌یە
ئاگات لە حاڵی من نی‌یە
ڕۆژی حەشرێ جوابت چی‌یە

خۆزگەم بە دوێنێ نیوەڕۆ
سەبری‌یان برد بۆ تانجەڕۆ
زنجیریان بۆ کرد لە گوڵە هێرۆ
ئەمان ئەمان ئەی زەمزەمە
هەرچەند ماچی بکەی کەمە
ناوی دڵم پڕ لە غەمە
بەهەشت بێ تۆ جەهەننەمە

سەبری دەڵێ من شوو ناکەم
جلی کوردی لەبەر ناکەم



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

دڵی عاشقان غەمگین ناکەم
ئەمان ئەمان ئەی سەبری‌یە
چاو ڕەشەی چل کەزی‌یە
ئاگات لە حاڵی من نی‌یە
ڕۆژی حەشریٚ جوابت چی‌یە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# سەراسەر جەرگم (٢)

دیسان شەو هات بۆ حاڵی من
لەو دڵەی پڕ خەیاڵی من
گەڕەك نانوێ لەناڵەی من
ئاخ سەراسەر جەرگم پەیکانە پەیکانە پەیکانە
بۆچ نەما ئەو عەهدو پەیمانە پەیمانە پەیمانە

باغی گوڵانم پێ بسپێرە
غونچە بە غونچە بی بژێرە
یەکی کەم بێ پێم بژێرە
ئاخ سەراسەر جەرگم پەیکانە پەیکانە پەیکانە
بۆچ نەما ئەو عەهدو پەیمانە پەیمانە پەیمانە

ڕەببی ساقی شووشەت کون بێ
جامی دەستت سەرەو بن بێ
بەڵکو فایدێکت بۆ من بێ
ئاخ سەراسەر جەرگم پەیکانە پەیکانە پەیکانە
بۆچ نەما ئەو عەهدو پەیمانە پەیمانە پەیمانە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

ڕووت ڕەش بێ دەگەڵ قەرارت
نەما شەرتو وەفای یارت
ڕەبی کوێر بێ سەبەب کارت
ئاخ سەراسەر جەرگم پەیکانە پەیکانە پەیکانە
بۆچ نەما ئەو عەهدو پەیمانە پەیمانە پەیمانە

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ئامۆزا گیـان

چەندم پێ گوتی بە تەکبیرم‌بی ئامۆزا گیان
بە قسەت نەکردم خودا گیرم بی ئاموزا گیان
ئامۆزا لەوبەری چۆمی
ئەی هاوار جیرانی خۆمی
ئامۆزا تۆ بالاّ بەرزی
ئەی هاوار تۆ بۆ من فەرزی

نە چاو تێر دەبێ نە دڵ دەبێزێ ئامۆزا گیان
خۆم لێرە ماووم یار لە تەورێزێ ئامۆزا گیان
ئامۆزا تۆ بالاّ بەرزی
ئەی تۆ بۆ من فەرزی
ئامۆزا زۆرم پێ تەرزی
ئەی هاوار گشت گیانم لەرزی

ئەوشۆ لە بەختم مانگەشەو تارە ئامۆزا گیان
هەر جێیەک دەچم سایەم دیارە ئامۆزا گیان
کفنەکەم ببرن لە کراسی زارا ئامۆزا گیان
ئامۆزا تۆ بالاّ بەرزی
ئەی تۆ بۆ من فەرزی
ئاموزا زۆرم پێ تەرزی
ئەی هاوار گشت گیانم لەرزی



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# هەی لێ لێ

لەلای خەڵکی بەهارە
هەی لێ لێ هەی لێ لێ هەی لێ لێ لێ
زوڵفی ڕژانە کوڵمەی چەند جوانو دڵ ڕفێنە
ئەو دڵەم بەدایم دەگری فرمێسك هەڵوەرێنە
لێ لێ جوانێ لێ لێ
لەبەر بێری بانە مەڕان
هەی لێ لێ هەی لێ لێ هەی لێ لێ لێ
شلشل دەڕوا بۆ لاپەڕان

غەمی خۆم نی‌یە غەمی‌تۆمە
غەمبارم ڕەنجەڕۆمە
دەڵێ کوڕە غەمێ مەخۆ
خەونم دیوە ئی تۆمە
سۆیلە جوانێ لێ لێ لێ
سلاو لە بەژنێ باریك

هەی لێ لێ هەی لێ لێ هەی لێ لێ لێ
جا بینایی هەردوو چاوم
خۆ من بە دەستی یارێ
دیلو ئەسیر کراوم
خودا دەیزانێ بۆخۆی



Mamle Art Center

Mamle Art Center

دە عیشقی‌دا سوتاوم
لێ لێ جوانێ لێ لێ

حاڵی‌بووی لە لەرزینم
هەی لێ لێ هەی لێ لێ هەی لێ لێ لێ
گیان یەخەت لادە بتبینم
چم کردووە لێو ئاڵێ
دەکولێنی‌یەوە برینم
خۆ من وەك کاکەمەمی
عاشق بە خاتو زینم لێ لێ
لەبەر بێری بانە مەڕان . . . . . . .

گەلی کیژۆڵان سازبوون
هەی لێ لێ هەی لێ لێ هەی لێ لێ لێ

دەڕۆن دەچنە مەندۆکێ
حەوت قەتاری ووشتران
ناردوومەتە کەرکوکێ
بارخانەو باری بارکەن
خالس لە جلکی بوکێ
لێ جوانی لێ لێ
لەبەر بێری بانە مەڕان . . . . . .



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# فاتمۆکێ

فاتموکێ کوێستان چەند خۆشن کوێستان
کێل گەردن سینگی تۆم باغ و بێستان
فاتمۆکێ پاش تۆ ناگرم هیچ دۆستان
کێل گەردن ماچێکم بۆ خۆم ئەستاند

فاتمۆکێ چەند بە چۆماندا هاتم
کێل گەردن شەختەی پایزێی ئەنگاوتم

فاتمۆکێ دە نێو بەحراندا دوڕی
کێل گەردن جەرگی عالەمێت بڕی
فاتمۆکێ ڕەبی بابت زەردکا
کێل گەردن لە جەڵەبێ کاوڕی

فاتمۆکێ کوێستانمان دە تەمێدا
کێل گەردن سوتام ئاوڕێکم وێدە
فاتمۆکێ دوگمەی بەرۆکێم کردەوە
کێل گەردن زیز بوو ئاشتم کردەوە
فاتمۆکێ ئاوڕی بەخێرێم وێدە
کێل گەردن سوتاوم لە عیشقێدا

فاتمۆکێ کوێستانمان کێلە شینە
کێل گەردن بۆت دەردەچم لەو دینە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# هەی بەسێ (٣)

شەدەی بەستوە بێریانی دەسرۆکەی تۆزێك تیلە
بەرۆکت بۆ دەرزیلە قامکت بۆ ئەنگوستیلە
لەسەرچی لێم زیزی گیانە زیزبوونت بێ دەلیلە
هەی بەسێ عەمرم بەسێ دووت کوشتوە مەی کە بەسی
بەسێ لەبەر بێلایە جوانە تەشێ دەڕێسێ
هەرکەس وەك من بیبینێ شێتدەبێو دەحەبەسێ

بەو گوارەی بەگوێتەوە وەختە سوێم بۆت بێتەوە
سینگت بەفری قەندیلی بە شنێك با دەتوێتەوە
یارم چۆتە سەفەرێ گیانە مونتەزیرم بێتەوە

ئەی بەسێ عەمرم بەسێ
جا بەسێ بە من ڕازی‌یە
دوو بسكو چل کەزی‌یە
ئەو بەسێ‌یەی من دەڵێم
قەد عەتیکەی وا نی‌یە

بەوگوارەی بەگوێتەوە وەختە سوێم بۆت بێتەوە
دەگەڵ کەژالێ تێکچوم کەس نی‌یە ئاشتمان کاتەوە
لە خودای دەکەم تەڵەبێ دەگەڵم ئاشتبێتەوە
هەی بەسێ عەمرم بەسێ دووت کوشتوە مەی کە بەسێ
بەسێ لەبەر بێلایە جوانە تەشێ دەڕێسێ
هەرکەس وەك من بیبینێ شێتدەبێو دەحەبەسێ



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

# وەرە ئەی گوڵی سوورم

ووتنی : مامڵێ
مەلا حسێن

هـــەتا زستانە غەمگینم
گوڵی سوورم کە نابینم

بەتەمای وەسڵی دڵدارم
لە غەمم دڵ بریندارم

دڵم مات‌و غەمبارە
کـــە گوڵی من لە گوڵزارە

ئەوە فەسڵی گوڵە ئەی دڵ
کـــە دەچی بۆ تەوافی گوڵ

وەرە تەنیا گوڵی سوورم
کـە دەمێکە لـــە تۆ دوورم

لـــە چەمەندا مەکە زاری
وەکو من دڵ برینداری



Mamle Art Center

Mamle Art Center

شەو هەتا ڕۆژ نیە حاڵم
کە ڕموودەی خەتو خاڵم خەتو خاڵم خەتو خاڵم

لەچەمەن ئینتیزاری تـۆم
گوڵی سوورم وەرە ماڵم

وەرە شەرتێك بکە ئەی دڵ
کە دەچی بۆ تەوافی گوڵ

وەرە ئەی بولبولی شەیدا
گوڵی من بۆ نەبوو پەیدا

وەرە ئەی بولبول لە غەمی گوڵ
مەکەزاری مەکە زاری

دەبێ عاشق لە تۆ فێر بن
هەموو دەرسی وەفاداری



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# شەرتی حەوتساڵە

گوڵ عومری هەفتەیەکە
دڵداری سەردەمێکە
ساقی بە دەستی ڕەنگین
لەو جامی بادە تێکە
تەنیا من دەگریم یار بێخەیاڵە
شەرتم بردە سەر شەرتی حەوت ساڵە

جەورو غەمی زەمانە
لێم دیارە بەنیشانە
ساقی خوماری بادەم
هەستە بەری بەیانە
تەنیا من دەگریم یار بێخەیاڵە
شەرتم بردە سەر شەرتی حەوت ساڵە


چاوت ئەستێرەی ڕۆژێ
لەگەڵ مانگێ دەگەڕێ
برینانم دەرمان کەن
بەدەستی نیلوفەڕێ
تەنیا من دەگریم یار بێخەیاڵە
شەرتم بردە سەر شەرتی حەوت ساڵە



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

# جەلسـە




لەنـگۆ یار پەیدا نابێ پەیدا بێ وەفای نابێ
سەد ساڵ غونچە بپشکوێ بێ‌بولبول بەهار نابێ
چبکەم دڵ گرتویەتی بە کەس تەوەلا نابێ
ئاخ جەلسە جەلسەی کاری سەقزی دێمە ژوانێ بەدزی
مێردەکەی نابەدڵ کرد بەو مەلعونەی ڕاپزی

ئاخ ماڵی بابم حەلیمێ ناسکۆڵەی نازەنینێ
دەردێکی‌وای داومەتێ کافر حاڵم نەبینێ
وەختە سەرپەنجەم شین کەم هەڵیم بۆ فەلەستینێ

ئاخ جەلسە جەلسەی کاری تارانێ تەر نابێ بە بارانێ
هەڵی‌دا نەشمیلانێ چۆن لەسەرم واجب بوو
وەك ڕۆژوی ڕەمەزانێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

توو خودا دڵم مەشکێنە تاژێك وەرە باوەشم
بەژنێ باریك لێم زیزە دەتکێ فرمێسکی گەشم
لە دنیا خۆشیم نەدی بەدبەختو چارەڕەشم
لە قیامەتێ نازانم لەو دنیایە بێ بەشم

ئاخ جەلسە جەلسەی کاری مياندواوێ
خۆ تەڕ نابێ بە ئاوێ
سێبەر لە من حەرام بێ با بسووتێم لەبەر تاوێ

شەدەی بەستووە بێریانی دەسرۆکەی کرد خێڵەکی
ناوێرم ناوی بێنم لەبەر زووبانی خەڵکی
سابڵاخم با دەمفرۆشت بۆ گوڵو گوارەو کرمەکی
ساز بە بۆ باب هەیدەری گەییە زینوێ شەبەکی

ئاخ جەلسە جەلسەی کاری تارانێ تەر نابێ بە بارانێ
هەڵیدا نەشمیلانێ چۆن لەسەرم واجب بوو
وەك ڕۆژی ڕەمەزانێ
دەبرۆ زیندانیم بکە نەشکێنی پردی خانێ

چاوی ئەستێرەی ڕۆژێ لەگەڵ مانگی دەگەڕێ
برینانم دەرمانکە بە دەستی نیلوفەرێ
داوای ماچێکم لێ کرد هات دەگەڵم بەشەڕێ
روحم تەرێکی زیزە ڕەبی دەسەرت گەڕێ

ئاخ جەلسە جەلسەی کاری سەقزی دێمە ژوانێ بەدزی
مێردەکەی نابەدڵ کرد بەو مەلعونەی ڕاپزی



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# بەگوڵانو بەگوڵان

سەرم سەودای عیشقی دڵدارە
سا من بە سەودای چیمو چ کارە
بە گوڵانو بە گوڵان بە گوڵی کەنیرێ
ئەو گوڵەی هەڵدەگرم دەچمە هەولێرێ

هەر تۆبێك دەی کەم تۆبەم بەفێڵە
کراسێکی بدرو ڕۆی دەستم بێڵە
داخودا چارەنوس بەدوای کێ وێڵە
بە گوڵانو بە گوڵان بە گوڵی کەنیرێ
ئەو گوڵەی هەڵدەگرم دەچمە هەولێرێ

ڕازی نیم هێندە پشتێندی شل دەبەستی
زەحمەتە بەربێ دەستم لە دەستی
بە گوڵانو بە گوڵان بە گوڵی کەنیرێ
ئەو گوڵەی هەڵدەگرم دەچمە هەولێرێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# تەنــکە (٢)

شەرت‌بێ گوڵی کەس نەکەم بەبۆوە
تا گوڵم بۆ دێ لە خزمەت تۆوە

تەنکە وەی تەنکە تەنکەی ماڵوێران
یا بە دۆستم بی گیانە یا بە دەزگیران

ئەگەر بە بێ تۆ شادیم لە دڵ بێ
عومری جوانیم گیانە ئاوێتەی گل بێ

منوای تەنــکە وە تەنکەی شیرازی
سەرپەنجەت سور کە بۆ پەنجەبازی

سەد جار بەقورئان بە مەستی چاوت
بە کۆسەی عەزیز گیانە نەم‌بردووە ناوت
خۆ من گاور نیم گیانە کەوتوومە داوت

منوای تەنــکە وە تەنــکەی شیرازی
سەپەرنجەت سور کە بۆ پەنجەبازی
خاڵان خزیان کرد پیرۆزە وون بوون
گەوهەر لە شاران گیانە قیمەتیان کەم بوون

منوای تەنــکە وە تەنــکەی ماڵوێران
یا بە دۆستم بی گیانە یا بە دەزگیران



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# چاوجوانێ خۆم (٢)

دەستی من وەبان کەلاموڵڵا بێ
لە تۆ شیرین‌تر مەگەر ئەڵڵا بێ
چاوجوانێ خۆم ڕێم نی‌یە بڕۆم
لە تۆ دڵگیرتر مەگەر ئەڵڵا بێ
چاوجوانێ خۆم ڕێم نی‌یە بڕۆم

دەشتی پشت قەڵا ڕازاوە بە گوڵ
هەر تۆم خۆش‌دەوێ بە گیان‌و بە دڵ
چاوجوانێ خۆم ڕێم نی‌یە بڕۆم

هەر تۆبێك دەیکەم تۆبەی من فێڵە
کراسێکی بدرو ڕێی دەستم بێڵە
چاوجوانێ خۆم ڕێم نی‌یە بڕۆم

چاوت ئەستێرە ڕوو دە کۆ دەکا
ئەو دڵەم وەس‌وەسەی باڵای تۆ دەکا
حەسارەی چکۆڵەی دارە سێو تێدا
گەردنی چاوجوانێم بەرمورەی تێدا
چاوجوانێ خۆم ڕێم نی‌یە بڕۆم



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# دەستەی عاشقان

سێ کەس ماچیان دەدا بە دڵ ئەمان ئەمان
فاتم و ئامین و ئایشە گوڵ
هەرکەسێك وەك من بیانبینێ ئەمان ئەمان
ئەی مەقسودی دەبێ حاصل

دەستەی عاشقان لە دوور دیارن ئەمان ئەمان
ڕەنگیان زەردو لێو بەبارن
مەنعیان مەکەن ساحیب‌یارن ئەمان ئەمان
بە دەردی دڵ گرفتارن

خودا کاران هەروا دەکا ئەمان ئەمان
خونچەی لە خاك پەیدا دەکا
ئەمنی پێ مبتەلا دەکا

دەستەی عاشقان لە دوور دیارن ئەمان ئەمان
ڕەنگیان زەردو لێو بەبارن
مەنعیان مەکەن ساحیب‌یارن ئەمان ئەمان
بە دەردی دڵ گرفتارن



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# بازی بێریان




بازی بێریان دووره دەسته ئەمان ئەمان
بێری دێن دەسته به دەسته
هەرچی ڕادەبرێ چاو مەسته ئەمان ئەمان
ڕادەبرن دڵ دەبەن به غەمزەی چاوان
به برژانگ کون دەکەن جەرگ و هەناوان

بازی بێریان دووره دێیه ئەمان ئەمان
بێری دێن شیر مەشکیان پێیه
خۆم ڕاوەستام لەسەر ڕێیه
یارکۆڵی خۆم چاوی لێیه



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

ڕادەبرن دڵ دەبەن بە غەمزەی چاوان
بە برژانگ کون دەکەن جەرگ و هەناوان

بازی بێریان چێرو چێوە ئەمان ئەمان
بێری دێن بێری دێن گوارەیان زێوە
تەشی دەرێسن بەڕێوە
ڕادەبرن دڵ دەبەن بە غەمزەی چاوان
بە برژانگ کون دەکەن جەرگ و هەناوان

بازی بێریان لە دەرئاوان ئەمان ئەمان
لەنێو گیابەندو گیاخاوان
قیبلەی ئاواتە بۆ لاوان ئەمان ئەمان
ڕادەبرن دڵ دەبەن بە غەمزەی چاوان
بە برژانگ کون دەکەن جەرگ و هەناوان



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

# وەرە شەماڵ وەرە

جا چۆن شێت نەبم نەدەم بە خۆمدا
چۆن خاکی عالەم نەکەم بەسەردا
حەیفە بۆ من و تۆ دەستمان لێک بەردا
ئەرێ وەرە شەماڵ وەرە
دەردی دڵەکەم بۆ یار بەرە
لە دەردی دڵەکەم
یار بێ خەبەرە

کردت بە عادەت پەنجەرە نیشتن
مژۆڵ بوون بە تیر بۆ ڕێبوار کوشتن
ئەرێ وەرە شەماڵ وەرە
دەردی دڵەکەم بۆ یار بەرە
لە دەردی دڵەکەم
یار بێ خەبەرە

**مەقـــام :**

مانگی یەک شەو بۆیە دایم زیاد ئەکاو ئەشکێتەوە
تا جوانێ ڕووی خۆی وەکو ڕووی تۆ بڕازێنێتەوە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

تا دەگاتە چواردەهەم شەو تێدەگا ناگا بە تۆ
تا دەگاتە چواردەهەم خۆی تێدەگا ناگا بە تۆ
لەداخا ووردە ووردە کەمدەکاو دەتوێتەوە

سوتیان نەسوتیان لە هەردوو سەر بێ
نەك یەك بسوتێ یەك بێخەبەر بێ
ئەرێ وەرە شەماڵ وەرە
**دەردی دڵەکەم بۆ یار بەرە**
لە دەردی دڵەکەم
یار بێخەبەرە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# بەم‌لارو لەنجە

نە ماڵم دەوێ نە گەنجی دنیا
باڵای تۆم دەوێ بە تاقی تەنیا
بەم لارو لاری بەم لارو لەنجە
خۆ من چیم نەگوت تۆ دڵەکەت ڕەنجا

ئەو کچە لەو ماڵە قەولی داوە پێم
دەرك و دەروازە داخراوە لێم
بەم لارو لاری بەم لارو لەنجە
خۆ من چیم نەگوت تۆ دڵەکەت ڕەنجا

ئەگەر دەم‌زانی تۆ لەکوێ دەنوستی
سینگەکەم دۆشەك بۆم ڕادەخستی
بەم لارو لاری بەم لارو لەنجە
خۆ من چیم نەگوت تۆ دڵەکەت ڕەنجا



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ناسکۆڵێ گیان مەگری (٣)

خوڵیم وەسەرکەن بە نوکی بێڵێ
لە من مەعلوم بووە لێم کەوتۆتە فێڵێ
یار لە غەریبی‌دا بۆ بەجێم دێڵێ
ئەرێ ناسکوڵێ مەگری خرکۆڵێ گیان مەگری
جا وەرە سەر قەبرم بە دڵو بە گیان بگری

ئەرێ قورئانم خوێندوە پەرێکم ماوە
هێشتا مەیلی تۆم بە کەس نەداوە
ناسکۆڵی مەگری خرکۆڵێ گیان مەگری
جا وەرە سەر قەبرم بە دڵو بە گیان بگری

بیکە بە خاتری باوە سەی‌شوکرە
بە ناز ڕامەبرە ئیستێکی بگرە
گۆزەکەت دانێ ئیستێکی بگرە
ناسکۆڵێ مەگری خرکۆڵێ گیان مەگری
جا وەرە سەر قەبرم بە دڵو بە گیان بگری

چاوم پڕ خوێنە پڕ لە گریانە
لە هەر چوار دەورەم ئاگربارانە
ناسکۆڵێ مەگری ٠ ٠ ٠ ٠


ڕێبوار هەی ڕێبوار ڕێم بەرامبەرە
دوعام لێ مەکە مانگی سەفەرە
ناسکۆڵێ مەگری ٠ ٠ ٠ ٠



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ئەی یــار



پایز کاتی زەماوەندە
لــــە دێهات شاییو گۆوەندە
بۆ منی بەدبەخت کۆتو بەندە

ئەی یار ئەی یار دوورەیارم
بێ وی تاریــکە ڕۆژگارم



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

زستان مانــگی ڕێبەندانێ
لێم گیرا ڕێــگەی لاجانێ
دە کۆتێدام لە زیندانــێ

ئەی یار ئەی یار دوورەیارم
بێ وی تاریــکە ڕۆژگارم
ئەی یار . . . . .

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# چەندە بەعەیشی

پێمخۆشە بمرم ئەمان یارێ نەڕوا گوڵەکەم
کە ڕۆیی دەپسێ شلومل گیان بەندی دڵەکەم
چەندە بەعەیشی ئەمان یارێ چەندە بەنۆشی
تازەم زانیوە شلومل گیان غەمزە دەفرۆشی
چاوم چاوەڕێ ئەمان یارێ دەرکی حەسارێ
کەنگێ دێتەوە شلومل گیان قاسیدی یارێ
چەندە بەعەیشی شلومل گیان چەندی بەنۆشی
تازەم زانیوە ئەمان یارێ دوربێ نەخۆشی
ئەوا تۆ دەڕۆی ئەمان یارێ بەخودام سپاردی
خۆم پێمنەکرا بێم شلومل گیان دڵم بۆ ناردی

**مەقـــام :**

کزو کەلەلام گردەنشینم
چون ڕۆژێ جارێك باڵات ببینم
شەرت بێ تا دەمرم بە دڵ بۆت بگریم
تا ناڵەم دەڕوا بۆ عەرشی عەزیم
با لە دڵ دەرکەین فرمێسکی غەمگین
ئیتر نەبینین شیوەنو گرین
شەوان شیوەنمە ڕۆژان ڕۆڕۆمە
یەکجار پەژارەی دوری‌یەکەی تۆمە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# له شۆڕه مانێ

ئەگەر بە بێ تۆ شادیم لە دڵ بێ
شادییەکەم خۆشیم بۆ بن گلی بێ
ئەی لە شۆڕە مانێ تەسکی بەرهەیوانێ
تاقانەکەی دایكو بابی بۆ لێم دەگری مانێ
ئەی لە شەدە لاری لە چاوی بەخوماری
لەسەر کوڵمانی نیشتووە تۆزی ڕێگای شاری
بیکە بە خاتر باوە سەی شوکرە
بە ناز ڕامەبرە ئیستێکی بگرە
ئەی لە شۆڕە مانێ تەسکی بەرهەیوانێ
تاقانەکەی دایكو بابی بۆ لێم دەگری مانێ

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# هەواره (٢)

بۆ خۆم دوورم نایــگەمێ
کەس نی‌یە وەڵامێ‌ی دەمێ
سەبرو هۆشی لێ بڕیوم
کەوتوومە بەحری غەمێ
دوو برۆی ڕەشی هیلالی
کەوتوونە ژێر پەرچەمێ
سوچی چادرەکەت لادە
با مانگ بێتەدەر لە تەمێ

هەوارە هەی هەوارە
گیانە هەواری سەرو ماڵم
یارەبی لە دۆستم دەرچی
جوانی ببی‌یە حەڵاڵم

چەند ساڵان شێتی تۆ بووم
بە بێ‌هەق‌و بێ‌کرێ
مودەتێك لەوەی پێشتر
پەیمانمان بەست لە دەرێ
نە عەهدو نە پەیمانت



Mamle Art Center

Mamle Art Center

قەتقەت نابەیە سەرێ
سیلەی ڕوحمت بۆم بزوێ
با خودای من نەتگرێ

هەوارە هەی هەوارە
گیانە هەواری سەرو ماڵم
یارەبی لە دۆستم دەرچی
جوانی ببی‌یە حەڵاڵم

ئەی یارێ یارێ یارێ
لە دەمی شەکر دەبارێ
بای شەماڵ بیکاتەوە
گۆشەی دەرکی حەسارێ
چاوەڕوانی یارەکەم
تاوێکی بێتە خوارێ
بەڵکو کەمێك ببینم
گۆشێکی چاوی یارێ

هەوارە گیان هەوارە
ساز بە بچینە هەواری
کیژگەل با بڕۆن دە پێشمدا
دابنیشن دەگەڵ یاری



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

# دەمێك ساقی (١)

وتنی : مامڵێ

دەمێك ساقی دەمت بێنە دەخیلی چاوەکانت بم
بە جامێك دەستی من بگرە فیدای پیری موغانت بم

لە دو لا مەستو حەیرانم ، بە قووەی جەزبە نازانم
نە سەرگەردی سەرو گەردەن ، نە قوربانی لەبانت بم

چ خۆشە وەجدی سەروو گوڵ ، بە دینی قومری یو بولبول
دەمێك شەیدای قەدو باڵات ، دەمێك شێتی دەهانت بم

لە نیشانەی پەڕەی جەرگم نەوەستا تا نەگەییە دڵ
بە قوربانی خەدەنگی دەستو بازووی چاوەکانت بم

شیفای دام غەمزەکەی چاوت کەوا خوێنی دڵی گرتم
بەقوربانی موداوایی حەکیمی حاڵزانت بم . . . .

---

(١) دیوانی وەفایی ـ میرزا عبدالرحیم سابلاخی ـ ٩١٧٨
لاپەڕە ـ ٥٢ ـ ٥٣ .



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

به بێ ئیمدادی خاڵی گەردەنت دەردم شیفای نایە
مەگەر بێم دەست‌و دامانی گەلاوێژی بەیانت بم

لــــە وەصلی ڕویی تۆی کردم حیجابی پێچشی زولفت
هەتا کەی دڵ شکستەی دەردو طەعنەی باغەبانت بم

بە یادی زولف‌و روی تۆ وەك (وەفایی) هەر دەناڵێنم
دەبێ تا رۆژی مەحشەر تازیەدارو ڕەوضەخواتت بم



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

# گا دەگریێم (١)

گا دەسوتێم گا دەگریێم غەرقی ئاوو ئاورم
ئاخ لەبەر بەختی سیا ! نازانم ئەز بۆچ نامرم ؟

هەر کە دەتبینم دەڵێی تۆ شەمعو من پەروانەتم
تا سەراپا ئەبمە کۆی زووخاڵ قەد ئارام ناگرم

هەر رەگەم تاریکە ناڵەی دێ لە شەوقی روویی تۆ
عەندەلیبم ، موطریبم ، خۆش خوان ، گوڵ ڕاموشگەرم

حەقمە خوێن بگریم لە بێدادی خەطو جەوری نیگاه
من کە گیرۆدەی فەرەنگ ، یەخسیری دەستی کفرم

پێکەنینت جەزبی کردم بۆ سەرو زوڵفی سیاه
تووتی‌یی شیرین کەلام پابەندی داوی شەککەرم

گا پەرێشانی روخو گا دڵشکستەی قامەتم
هەر دە زولفی تۆ دەچم سەرگەشتەو سەوداسەرم

گەر بە ناز هەر دەمکوژی با تێر ببینم چاوەکەت
لێم گەڕێ جارێ بە کوچەی مەیفرۆشان ڕابرم

دور لە تۆ زۆر بێقەرار بوم تا (بە) لوطفی چاوەکان
زەحمەتتدا بەر طەبیبان هاتی ئەمڕۆ چاترم

---

(١) دیوانی وەفـایی ـ میرزا عبدالرحیم سابڵاخی ـ ١٩٧٨
لاپەڕە ٥٩ ـ ٦٠ .



Mamle Art Center

Mamle Art Center

## ئەو چاوانە وا خوماری نازن (١)

ئەو چاوانەی وا خوماری نازن
بە ئیما ئیمانم دەخوازن

هاتەدەر وەك رۆژ شای شەكەرلێوان
غەمزەكەو رەمزەی توركی پێش تازن

دەستی هێنا دەر پێی لە سەمادا
چاو مەستی چاوبەستن یا سیحرسازن ؟

زوهرەی یەغما كرد موشتەری كێشا
خرنگەی خرخاڵ ، چرنگەی بازن

نەوبەهار نۆبەرەی شكۆفەو گوڵن
یا غونچای دوگمەكەی سینەكەی وازن

بە نەسیم دەپشكون با غونچەی مێوان
بە با لە ئاهی من دوگمە دەترازن

---


(١) دیوانی وەفایی ـ میرزا عبدالرحیمی سابلاخی ـ ١٩٧٨
لاپەرە ٨٨ ٠



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

# هاته خوار با بێته خوار




ئەرێ عەمرو چاوەکەم یارە
زێڕی هەژدە عەیارە
جا لەسەر باڵای بەرزت
با بدرێم لە سێدارە
ئەرێ با بێتە خوارو بێتە خوار
هاتە خوارێ لە دارێ
باسکم وەبن سەری دە
ناسکۆڵەو مەزەدارێ

ئەرێ جا وەکی لە من قەوماوە
یارەبی لە کەس نەقەومێ
لە وولاتی موکریانێ
کەس نی‌یە هاواری بەرمێ
بابو دایکی لێوئاڵێ
تووڕەن نامدەنێ نەرمێ



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

جا لەسەر ئەو حاڵەش لە یار
زۆری لێ دەکەم شەرمێ

ئەرێ با بێتە خوارێو بێتەخوار
هـــاتە خوارێ حەلیمێ
باسکم وەبن سەری دە
بڵێ ناسکۆڵەو نازەنینێ
ئەرێ دەردێـکی وای داومەتێ
کافر حاڵم نەبینێ
جا گەلی دۆستو برادەران
بۆم بـگێڕن گەرمە شینێ
ئەی دەڵێن لێرە نەماوە
چووە بۆ چینو ماچینێ

ئەرێ با بێتە خوارێو بێتەخوار
هاتەخوارێ لە دارێ
دنیام لێ بووە بە زرێبار
هەی لەبەر شەدە لارێ
کەس نی‌یە بینێرمە کن یار
بۆ باسو بۆ خەبەرێ
هەرکەس ئەتۆی لە من گرت



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

با وەك ئەمنی بەسەرێ
جا سەرو ماڵم دەفرۆشم
بۆ دوو چاوی دولبەرێ
ئەرێ با بێتە خوارێو بێتە خوار
هاتە خوارێ لە دارێ
دنیام لێ بووە بە زرێبار
هەی لەبەر شەدە لارێ

ئەرێ فەسڵێکی گەلێک خۆشە
نێوان مانــگی بەهاران
کوێستان دەڕازێنەوە
خێل هەڵدەکشن بۆ بناران
دوو شت هێجگار زۆر خۆشن
بۆ سێبوری دڵداران
جا گەڕەلاوژەی شەوانە
هەڵپەرینی ئێواران
ئەرێ با بێتە خوارێو بێتە خوار
هاتە خوارێ حەلیمێ
باسکم وەبن سەری دە
ناسکۆڵەو مەزەدارێ

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# مەستورە

ئەو ساڵ حەوت ساڵە غەمم ڕەفیقە
مەستورە ئامان مەستورە گیان
شادی بێمەیلە دێ بە دەقیقە
مەستورە ئامان مەستورە گیان
مەستورەی مەستان سێوی سەر دەستان
مەستورە ئامان مەستورە گیان
پاشی باڵای تۆ ناگرم هیچ دۆستان
مەستورە ئامان مەستورە گیان

غەریب لە شاران غەریبی یارن
مەستورە ئامان مەستورە گیان
جێگای غەریبان گۆشەو کەنارن
مەستورە ئامان مەستورە گیان
مەستورەی مەستان سێوی سەر دەستان
مەستورە ئامان مەستورە گیان
پاشی باڵای تۆ ناگرم هیچ دۆستان
مەستورە ئامان مەستورە گیان
بە سەیدی سادات بە موسای کاظم
مەستورە ئامان مەستورە گیان



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

تۆ خۆت دەیزانی من بە تۆ بازم
مەستورە ئامان مەستورە گیان
مەستورەی مەستان سێوی سەر دەستان
مەستورە ئامان مەستورە گیان
پاشی بالآی تۆ ناگرم هیچ دۆستان
مەستورە ئامان مەستورە گیان

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center

## لەوڕۆژەوە (١)

لەو ڕۆژەوە کـــە دور بۆتەوە سایەت لە سەری من
سوتاوە لە تاوت هەموو گیانو جگەری من

جەرگم هەموو لەتلەت بوو بە سێڵاوی سروشکم
چبکەم کە بە دەریا چوە لەعلو گەوهەری من ؟

دەیفەرمور لەسەر خاکی دەری خۆی کە منی کوشت
جەننەت بەسە بۆ خوێنی شەهیدی نەزەری من

قەد وا دەبێ خاکی دەری تۆ تاجی سەرم بێ ؟
ئەو دەوڵەتە بۆ من نیە ، ئەی خاك بەسەری من !

زوڵفت کە وەکوو شامی غەریبانە لەوێدا
حاڵی چییە داخۆ دڵەکەی دەربەدەری من ؟!

وەك بولبولی شەیدا بە هەزار نەغمە دەناڵم
جارێکی گوڵم گوێ بدە ناڵەی سەحەری من

---

دیوانی وەفـایی ـ میرزا عبدالرحیمی صابلاخی ـ ١٩٧٨
لاپەڕە ٩١ ـ ٩٢



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

دیم هاتە عەیادەت دەمی پڕخەندە بوو یەعنی
ڕووحو دڵی بیمارە دەوای گوڵشەکەری من

بێ‌نۆرە دڵم هیندە لەسەر یەك مەشکێنە
ڕوو وا بــکە شەوقێکی بدا تا فەنەری من

زولفت سەبەبی جەزبی دڵم بوو بە برۆی تۆ
کافر بوە بۆ قیبلەیی من ڕاهبەری من

خۆش بەودەمە ساقی لەدەری مەیکەدە فەرمووی
ئەو جامە لە من بــگرە (وەفایی) بە سەری من



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# له باغی ساوا

یاره جوانه‌کەم ، یاره جوانه‌کەم گوڵی شۆخ‌و شەنگ
خونچیلانه‌کەم ، دڵ‌گۆشای دڵتەنگ
لەباغی ساوا له باغی ساوا پاوانی سینه
پەنجەم سەرگەرمی لیمۆ گوشینه

سەرکوڵمەی گەشت ، سەرکوڵمەی گەشت بەرەوبەری گوڵ
خوا داوی‌یه بەشت گشت نیازی دڵ
لەباغی ساوا له باغی ساوا پاوانی سینه
پەنجەم سەرگەرمی لیمۆ گوشینه

ئەوشۆ وادیاره ، ئەوشۆ وادیاره قەدری دڵانه
مانگی بەهارەو جەنگەی گوڵانه
جەنگەی بەهارەو مانگی گوڵانه
لەباغی ساوا له باغی ساوا پاوانی سینه
پەنجەم سەرگەرمی لیمۆ گوشینه

بە قژی زێرینت بە قژی زێرینت بە لیمۆی ئاڵت
بە چاوی شینت بەدانەی خاڵت
تۆی شلك‌و ناسك تۆی شلك‌و ناسك تۆی و نەرم‌و تۆڵ



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

تۆی سڵ وەك ئاسك تۆی وا خڕو خۆڵ
لەباغی ساوا لە باغی ساوا پاوانی سینە
پەنجەم سەرگەرمی لیمۆ گوشینە

ئەو سینەی نەرمت ئەو سینەی نەرمت لە دڵ چەسپاندم
تارمایی شەرمت لە ڕوو تاراندم
لەباغی ساوا لە باغی ساوا پاوانی سینە
پەنجەم سەرگەرمی لیمۆ گوشینە

**مەقـــام :**


ئاخ شێتات شێت دەبوون دەچنە هەورامان
خۆ من شێتی تۆم کەسم دەستێ منت دامان
بێژن وە گوڵاڵە سورەکان سەر دەربێنن لە خاك
چونکو دڵەکەی من نیشتووە غەمناك



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# گەردە




دەڵێن لێوئاڵ لێم زیزە بە کەس ئاشت نابێتەوە
کەژاڵ چۆتە سەفەرێ دوعام بۆ بـکەن بێتەوە
لە خودای دەکەم تەڵەبێ لەگەڵم ئاشت بێتەوە
ئەی گەردەو گیانم گەردە گەردن هەڵاڵەی زەردە
وەرە مەردو مەردانە دەست لە بەدکاران بەردە

دەتفەرموو بۆ تۆ نابم چۆنی دەفەرمووی تا وابم
کەوتبومە بەندیخانێ بە یادی تۆوە مابووم
ڕەببی کۆستی دڵ کەوێ گەر ساتێ لێت جودا بم
ئەی گەردەو گیانم گەردە گەردن هەڵاڵەی زەردە
وەرە مەردو مەردانە دەست لەو بەدکارەی بەردە

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center

خزم‌و قه‌ومم به‌جێ‌هێشت له ده‌شتی شاروێرانێ
ده‌چنه سوێسنه‌و هه‌ڵاڵان کیژۆڵه‌ی کوردوستانی
بڵێین به له‌یلای ئازیز مه‌جنون زه‌خمی هانیانی
مردن چاتره له‌و حاڵه‌ی نامه‌وێ زینده‌گانی
ئه‌ی گه‌رده‌و گیانم گه‌رده گه‌ردن هه‌ڵاڵه‌ی زه‌رده
وه‌ره مه‌ردو مه‌ردانه ده‌ست له‌و به‌دکاره‌ی به‌رده

زۆر له‌مێژه لێم وونه ئه‌و دڵه‌م که‌وته وه‌س‌وه‌سه
لێو ئاڵم زۆر نه‌خۆشه‌و که‌وتووه زۆر بێ‌که‌سه
ڕۆژێ جارێك ببینم بۆ منی بێ‌چاره به‌سه
ئه‌ی گه‌رده‌و گیانم گه‌رده گه‌ردن هه‌ڵاڵه‌ی زه‌رده
وه‌ره مه‌ردو مه‌ردانه ده‌ست له‌و به‌دکاره‌ی به‌رده

شێتی چاوی جوانی تۆم خودا بۆخۆی ده‌یزانێ
خۆ من وه‌ك کاکه‌مه‌میم عاشقی جزیرو بۆتانێ
هه‌ڵوه‌دای چاوی ڕه‌شم له گه‌رمێن‌و کوێستانێ
ئه‌ی گه‌رده‌و گیانم گه‌رده گه‌ردن هه‌ڵاڵه‌ی زه‌رده
وه‌ره مه‌ردو مه‌ردانه ده‌ست له‌و به‌دکاره‌ی به‌رده



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

# ماڵێ بابم بێوەفا

وەتنی : مامڵێ
هەواو هۆنراوە : فۆلکلۆر

ماڵێ بابم بێوەفا
سەبرم نەما تا کەی جەفا
سینگت باغی با سەفا
لێم زیزە لێم زیزە چاوجوانم
گەوهەری یەکدانەیە
دەم قەندو ڕووماهی تابانم

★ ★ ★

ناڵەی عیشقە بەشم
من عاشقی چاوی ڕەشم
زیزە یاری مەهوەشم
لێم زیزە لێم زیزە چاوجوانم
گەوهەری یەکدانەیە
دەم قەندو ڕووماهی تابانم

★ ★ ★

دەردی عیشقم کاری‌یە
وا خوێن لە چاوم جاری‌یە
من بەشم غەمباری‌یە
لێم زیزە لێم زیزە چاوجوانم
گەوهەری یەکدانەیە
دەم قەندو ڕووماهی تابانم



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# به عینوانی




(ئەرێ) گوڵ پەیدابوون (گیانە) لە موکریان
غونچە پشکوت (گیانە) بە بای زریان
(ئەرێ) بەتزێك عاشق ( گیانە ) بۆی دەگریان
(ئەی) بە عینوانی (چاو جوان) چەندە جوانی
پێشکەشت بێ (جوانێ) باغی خانێ

(ئەرێ) وەك ئەوساڵ لە من قەوماوە
خەم لەجێی ژوان (گیانە) نەشێواوە
(ئەرێ وەی) ڕوحی بردووم قاڵبم ماوە
(ئەی) بە عینوانی (چاوجوان) چەندە جوانی
پێشکەشت بێ (دەی دەی) باغی خانی



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

(ئەرێ) بۆ بێ کەسێ (گیانە) خۆم دەناڵم
سەد جار کافر (گیانە) بێ بە حاڵم
(ئەرێ) بەجێما یاری چاوکاڵم
(ئەی) بەعینوانی حەوسەت چەندەجوانی
پێشکەشت بێ (گیانە) باغی خانی

(ئەرێ) هەرچەند فکرانی لێ دەکەم
ئەوسال سەرم (گیانە) خەلاس ناکەم
(ئەرێ) دەڵێن لێم زیزە لەیلاکەم
(ئەی) بەعینوانی حەوسەت چەندەجوانی
پێشکەشت بێ باغی خانی



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# دەچمە سەری قەڵاتێ

دەچمە سەری قەڵاتێ دەڕوانمە بەردی گوێزێ
سوێسنەو هەڵاڵەی لێنە لەگەڵ گوڵی نەورۆزێ
ئای وەرە گیان وەرە کیژی کوردی نازدنین
من فەرهادم تۆ شیرین

دەچمە سەری قەڵاتێ دەڕوانمە پەڵاساوێ
شلێر تازە دەرکەوتون لەگەڵ گوڵی گوڵاوێ
ئای وەرە گیان وەرە کیژی کوردی نازەنین
من فەرهادم تۆ شیرین

دەچمە سەری قەڵاتێ دەڕوانێتە سپیلکان
دەست لە یارێ هەڵناگرم لێم‌دەن بە تەماتیکان
ئای وەرە گیان وەرە کیژی کوردی نازەنین
من فەرهادم تۆ شیرین



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# بابچینە مێرگۆڵان

دەبا بچینە مێرگۆڵان وەی وەی مێرژینان
کیژگەل دەچنن وەنەوشان
ئارەقی بەرهەینانت دەی دەی دێنەخوار
تەڕدەکەن پانی‌یەی کەوشان
کابان بێنە ڕاتموسم وەی وەی بتمژم
خەتام نەگری لەپاشان
یارەکەی بەنەرمو هێدی وەرە وەرە پاڵم وێدە
هیچی منو هیچی تۆ دەستم لە بەرۆکێ بەردە

مەقـــام :

وەرن مەشکێنن شوشەی مەینەتم
هەم دنیاشم چوو هەم قیامەتم
تیغی بێمەودا بنێن لە گەردن
جارێبدەن لە شار قوربانیم کەردن
تیغی بێمەودا بنێن لە گەردن
مردن خۆشترە لە تانەی مەردم



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# باران بارانە

ووتنى : مامليَو احمد شمالٓ

تۆم لەسەر شەرتەکەی نیوە تەمامت
خۆ من ئەسیرم قەسەم بە نامت
باران بارانە سەحرای کرد ڕەنگین
یار خودا حافیز بە دڵێکی غەمگین
وەرگەڕام لـــە دین

قەسرو خانەقین سەرحەدی ئێران
هەمووی بەقوربان چاوەکەی جەیران
باران بارانە هەورو هەوایە
لێم گەڕێن با من بمرم یار بەتەنیایە

خۆ تۆ سوێندت خوارد کە من کەمشەرت نیم
کەمشەرتی یەکەت بە چاوی خۆم دیم
باران بارانە دەبارێ باران
لە چی دەگەڕای لە گوڵی بەهاران
هەموو ئێواران



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

هەر خۆم چاکم کرد دڵەکەم بەستەوە
نەمدا بە دەستی هەموو کەسەوە
باران بارانە هەورو بارانە
یار خودا حافیز دەست لێك بەردانە
ئاوری تێبەردام ئەو بە مەحرەمانە
بمدەرێ ماچێك ماڵ بێ کابانە

بە تۆبە تۆبە تۆبەی من فێڵە
کراسێکی بدرو ڕێی دەستم بێڵە
داخودا چارەنوس بەدوای کێ وێڵە

باران بارانە سەحرای کرد ڕەنگین
یار خودا حافیز بە دڵێکی غەمگین
وەرگەڕام لە دین

بە جواب‌دانەکەت هەر منەت‌بارم
باران بارانە هەورو هەوایە
لێم گەڕێ با من بمرم یار بەتەنیایە

قەڵای مەریوان پاڵم دا پێوە
قەڵاکەم ڕووخا پاڵ‌دەم بەکوێوە
باران بارانە دەبارێ باران
لە چی دەگەڕای لە گوڵی بەهاران
هەموو ئێواران



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

# کۆڵان بەکۆڵان

مەقـــام :

قەدری شەو چا بگرە عاشق شەمعو پەروانە دەڵێن
سوزی گریەی شەمعە هەر شەو سوتنی پەروانە شەو

ئاخ کۆڵان بە کۆڵان
جادە بە جادە
شەرمی پێ ناوێ ئازیزم
چارەکەت لادە
شەرمێ پێ ناوێ جوانێ گیان
چادرەکەت لادە
خانم نازناکا ماتو مەلولە
نە چاوی ڕشتووە جوانی گیان
نە گۆنای سورە

کۆڵان بە کۆڵان
جادە بە جادە
شەرمێ پێ ناوێ جوانێ گیان
پەچەکەت لادە
شەرمێ پێ ناوێ جوانێ گیان
چارشێوت لادە



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

## به چاوان غه‌مزه‌وو ئیما (١)

به چاوان غه‌مزه‌وو ئیما مه‌فه‌رموو
به قه‌تلی عاشقی شه‌یدا مه‌فه‌رموو
ئه‌من کوشته‌ی جه‌ماڵی تۆم عه‌زیزم
له باغی جنة المأوی مه‌فه‌رموو
ئه‌تۆ موو سونبول‌و ڕووئافتابی
له حوسنی ته‌لعه‌تی له‌یلا مه‌فه‌رموو
ده‌مت وا بێنه قیبله‌م تۆی ته‌بیبم
به ته‌شریفی ده‌می عیسا مه‌فه‌رموو
من‌و یه‌ك له‌حظه شه‌و ئارام‌و تاقه‌ت
له دووری ماهی شه‌وئارا مه‌فه‌رموو
بۆ خۆت بمکوژه نه‌ك به‌و چاوه مه‌سته
به جه‌للادانی بێ‌په‌روا مه‌فه‌رموو
وه‌فایی عاشقی ئه‌ندامی تۆیه
شه‌هیدی قامه‌تی توبا مه‌فه‌رموو

---

(١) دیوانی وه‌فایی – میرزا عبدوره‌حیمی سابلاخی – ١٩٧٨ لاپه‌ره ١٠٨ – ١٠٩



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# هاتەوە با بێتەوە

ئەرێ کزێك  لە شەماڵ گیانە کزێك لە جەرگم
ئەرێ ئەتۆم خۆش‌دەوێ دیدەم قەسەم بە مەرگم
هاتەوە با بێتەوە یار لە سەفەر هاتەوە
بڵێن بە یاری عەزیز یارەبی بەخێربێتەوە
بڵێن بە یاری عەزیز ئەو دڵەی خۆی بباتەوە

ئەرێ خۆزگەم بەو مەڕەی گیانە شیر دێ لە گوانی
ئەری جوانێ دەیدۆشێ دیدەم بەو پەنجەی جوانی
هاتەوە با بێتەوە یار لە سەفەر هاتەوە
بڵێن بە یاری عەزیز یارەبی بەخێربێتەوە

ئەرێ غەریب‌و غەمناك دیدەم کوچەی شارانم
ئەرێ زۆر بە ئینتیزار دیدەم دیدەی یارانم
هاتەوە با بێتەوە یار لە سەفەر هاتەوە
بڵێن بە یاری عەزیز یارەبی بەخێربێتەوە
ئامانەتێکی هەیە جوانێ بێ بیباتەوە

ئەرێ چاوم چاوەڕێ دیدەم دەرکی حەسارێ
ئەرێ لەنگێ دێتەوە دیدەم قاسیدی یارێ



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

هاتەوە با بێتەوە یار لە سەفەر هاتەوە
بڵێن بە یاری عەزیز بەخێربێتەوە
ئامانێکی هەیە بڵێن بێ بیباتەوە

ئەرێ ئەوە بەهار هات گیانە گوڵ دەبوون پەیدا
ئەرێ هەرچی عاشقن گیانە شێت دەبوون شەیدا
هاتەوە با بێتەوە یار لە سەفەر هاتەوە
بڵێن بە یاری عەزیز یارەبی بەخێربێتەوە
ئامانەتێکی هەیە بێت بیباتەوە

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ڕاوچیان ڕاوه

ووتنی : ماملێ
هۆنراوه : سلێمان شاوەلە

ڕاوچیان ڕاوه ئەی چڕاوه
ڕاو له دەشتی لاجانــێ
ئەسپان زین کەن ئەی لغاوه
تانجیان بەرنه سەرلانێ
سەفێ سواران چەند جوانه
لەبەر ماڵی مەشکانێ

ڕاوچیان ڕاوه ئەی چڕاوه
ئەی ڕاو له بنەی بەردی گوێزێ
ئەسپان زین کەن ئەی لغاوه
ئەی تانجیان بەرنه دەڕیزێ
چاوی سەرم بن ڕاوچی‌یه

ڕاوچیان ڕاوه ئەی چڕاوه
ئەی نۆبەی ڕاوی دەشتێیه
سەر ڕاو زۆر چاك بڕوانه
ئەی ئەوه دانی شەوێیه
سەری ئەسپت لەپێش بێ
با باش ڕاو نەکا لەو جێیه



Mamle Art Center

Mamle Art Center

ڕاوچیان ڕاوە ئەی چڕاوە
ئەی ڕاو لە دەشتی بیتوێنێ
ئەسپان زین کەن ئەی لغاوە
ئەی تانجیان بەرنە سەر شوێنێ
بۆم بانــگ کەنە بەر راوێ
ئەی لە لانێی هەڵبستێنێ
ڕاوچیان ڕاوە ئەی چڕاوە
ئەی ڕاو گەیشتە پارزینێ
ئەسپان زین کەن ئەی لغاوە
ئەی خۆ باوێنە سەر زینێ
ئەی وەرن سەیری تانجیان کەن
ئەی لەگەڵ کەروێشکە شینێ

شینکی دە لانێدایە
ئەی کەوتووە بە بێدەنــگی
بەر ڕاو هەڵیبستێنە
ئەی با شەقەی دە ئاوزەنــگێ
جا با ڕاومان بەتاڵ کەین
ئەی بەرزین کەوتە درەنــگێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# وەرە با ئاشتبینەوە

ووتنی :ماملێ

تۆفیق ئەی بدەی پێم ڕب‌العالمین
نە فەغفوور ماوون نە خاقانی چین
هەورەکەی رەحمەت وا بە هەواوە
منیش هاتبوم بە ڕووی سیاوە
جارکێش جارکێشن لە کوچەو بازار
سبەی خەرامان دەچێ وە گوڵزار

هاوار هاوارە بەرن هاوارم
دەستی شکاوم تۆراوە یارم
ئەوساڵ بۆم نایە
سەد جار خۆزگە بە پارم
وەرە با ئاشتبینەوە کوڵی دڵەکەم
هەر تۆی گوڵەکەم بێ تۆ هەڵناکەم
تۆی ئاواتەکەم

نە جێژنەم ئازیز وەکو جێژنەدارانە
نە برینم وەکو گیانە بریندارانە
نە دۆستم وەکو دۆستی جارانە
من لێرە ماوم گیانە یار لە شارانە
وەرە با ئاشتبینەوە کوڵی دڵەکەم
بێ‌تۆ هەڵناکەم هەر تۆی گوڵەکەم



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# خونچە گوڵەکەم

کچم مایەی ژیانم یادگاری
شەبابم نۆبەرەی شیرینی داری
نەمامی کەمدەوامی عومری لاویم
دلۆپی خوێنی گەرمی ئاگراویم
خونچە گوڵەکەم بەندی دڵەکەم ڕاکاوی
باغەوان ئێشتیبای کرد ئاوی داوی

جگەرگۆشەی عەزیزم نوری چاوم
سەری تاڵە دەزوی ئاواتی خاوم
چ زوو مردی چ زوو هاتی کچی خۆم
چ زوو مردی چ زوو کەوتیتە بن گۆم
خونچە گوڵەکەم بەندی دڵەکەم ڕاکاوی
باغەوان ئێشتیبای کرد ئاوی داوی

چ زوو کەوتی‌یە بن گۆمی عەدەم خۆ
بە ئۆخەی تەڕ نەبوو لێوم ووتم ڕۆ
دەمێ پشکوتی تێر بۆنم نەکردی
گوڵاڵەی خۆشەویست درلەحظە مردی
خونچە گوڵەکەم بەندی دڵەکەم ڕاکاوی
باغەوان ئێشتیبای کرد ئاوی داوی



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

کچێکم بۆ کچێ تەنها کچێ بەس
ئەویشت ئاخری کوشت چەرخی ناکەس
قەبر ئەی خاکی ڕەش ئەی چاڵی تاریك
دڕندەی لاشەخۆری باوكو دایك
خونچە گوڵەکەم بەندی دڵەکەم ژاکاوی
باغەوان ئێشتیبای کرد ئاوی داوی

کچم خۆ تۆ نەماوی تا ببینی
کە باوکت چەند بە ناسۆرە برینی
نە تۆی پێ دێتەوە نە ئاقڵی ئەبڕێ
لەسەر تۆ کام یەخە کام ئەستۆ بگرێ
خونچە گوڵەکەم بەندی دڵەکەم ژاکاوی
باغەوان ئێشتیبای کرد ئاوی داوی



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# خاكی كوچەی یارەكەم

خاكی كوچەی یارەكەم وەك شیری ساغیو ژینمە
جوانی ڕوخسارو نیگاری هێزی ئەژنۆو تینمە

بۆچی بەم دەردەم ئەبەی تۆ خۆت ئەزانی حاڵەكەم
پۆ قژی ژاكاوو لوولت دایمە هەر شینمە

هەروەكو پووشو پەڵاش كەوتووم لە كوچەی یاردا
گێژەڵوكەش نامفڕێنێ چونكە كابەی دینمە

گەر بە بێ تۆ بچمە باغو سەیری سەروو شۆڕەبی
تف لە سەروو شۆڕەبی بێ تۆ لە هەردوو قینمە

خەڵك ئەڵێن كفرە مەكە بەم تەرحە مەدحی یاری خۆت
گوێ گرانی خۆشەویست من یارەكەم ئایینمە

كەی خەیاڵم بێتەدی یاران بڵێم ئۆخەی منم
وا كە قۆڵی یاری خۆم ئیمشەو لەژێر بالینمە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# شیرین تەشی دەڕێسێ




تایێکی ڕیشەیی دڵ بە نوکی غەمزەدا دا
دەستێکی بۆ سەما برد روبەندی ماهی لادا
وەك شاخی گوڵ بەلادا شیرین تەشی دەڕێستی
هـــــاوار شیرین گیـــان

نافەی گوڵی عەیان بوو عەطری بەدەم صەبا دا
باریكو لوسو ناسك وەك زولفی خاوی بادا
هـــــاوار شیرین گیـــان



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

دوگمەی کراسی بەربوو بزوت هەوری بەهاری
سەودای بە عاشقان دا باغی گوڵو هەناری
هـــاوار شیرین گیـــان

وەك زوهرە دەستی کێشا کە بەندی قەوسی زیوە
وەچەرخی خستو گێڕای بە رانی صافیدا دا
هـــاوار شیرین گیـــان

عەیان بوو پەنجەیی ڕۆژ بە خەتی ئیستیوادا
بە سوبحی صادق ئەنگوت زەغەب لەنێو سەمادا
هـــاوار شیرین گیـــان

---

دیوانی وەفایی - میرزا عەبدورەحیمی سـابلاخی - ۱۹۷۸
(بە دەستکاری‌یەوە ) لاپەرە ۱۹۲ - ۱۹۳ ۰



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# شیرین تەشی دەڕێسێ

تاێکی ڕیشەیی دڵ بە نوکی غەمزەدا دا
دەستێکی بۆ سەما برد روبەندی ماهی لادا
هـــاوار شیرین گیـــان

نافەی گوڵی عەیان بوو عەطری بەدەم صەبا دا
باریكو لوس و ناسك وەك زولفی خاوی بادا
وەك شاخی گوڵ بەلادا شیرین تەشی دەڕێسێ

کە کەوتە چەرخو گەردش تەشی بە دەستی ڕەنگین
هەودای لە لێوو دەمدا خورشیدی سینە نەسرین
هـــاوار شیرین گیـــان

سەمای بە زوزەنەب دا کەفی خەضیبی شیرین
گرتی خەتی مودارا شەفەق بە عەقدی پەروین
سیحرێکە بۆ دڵو دین ـ شیرین تەشی دەرێسێ

نوکی تەشی بە گەردش قوتبێکی چەرخی پێوە
موجریب بوو بە داوی کە چەرخی کەوتە نێوە
شیرین تەشی دەڕێسێ



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

وەك زوهرە دەستی کێشا کە بەندی قەوسی پێوە
ئەستێرە ماهی داگرت ثابت کرا بەپێوە
عەرەق بە ڕو بەڕێوە ـ شیرین تەشی دەڕێسێ
**هـــاوار شیرین گیـــان**

---

دیوانی وەفایی ـ میرزاعەبدو رەحیمی ســـابلاخی ـ ١٩٧٨
( بە دەستکاری‌یەوە ) لاپەڕە ١٩٢ ـ ١٩٣ ٠



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# کانێ مردان




ئەرێ دەچمە سەر کانێ مرادان دەی دەی
ئەی شەرعی خۆم دەکەم های تەواوە
ئەوساڵ حەوت ساڵە بەندم دەی دەی
هەی بۆ خونچە گوڵێکی دە ساوا
گەر خونچە گوڵیم های نەدەنێ دەی دەی
ئاخ دەوڵەت زیادو ماڵ ئاوا

خۆشە لێنێین پێش باران دەی دەی
ئای هەواری کەندو بەندان
خێڵی زێوکەو مەشکانات دەی دەی
ئای هەڵیان‌دا لە سامڕەدان
کابان بێنەو ڕات‌موسم دەی دەی
ئای لە شاییو زەماوەندان

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# گیانو گیان (١)

ووتنی : ماملێ

هۆنراوە : فۆلکلۆر




هەتا بمێنم بۆ تۆ دەمێنم
زەکاتی ماچان گیانو گیانو گیان
لەتـۆی دەستێنم
تۆ خۆت دەیزانی گیانو گیانو گیان
من قەرزداری تۆم ئاخ وەی قەرزداری تۆم
لە دەردی عیشقو لە تاوی دووری
هەرچەندی دەیکەم گیانو گیانو گیان وەی نابم سێبوری
ئاخ وەی نابم سێبوری
ئازیز بیستومە زۆر پەرێشانی
بە شەوو بە ڕۆژ گیانو گیانو گیان وەی چاو بەگریانی
ئاخ وەی چاو بەگریانی



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# گیانو گیان (٢)

**ووتنی : ماملێ**

**هۆنراوە : فۆلکلۆر**

هەتا بمێنم منەتباری تۆم
تۆ خۆت دەیزانی گیانو گیانو گیان وەی قەرزداری تۆم
ئاخ وەی قەرزداری تۆم

لە دەردی عیشقو لە تاوی دووری
هەرچەندی دەیکەم گیانو گیانو گیان وەی نابم سێبوری
ئاخ وەی نابم سێبوری

تەنیا ماومەوە نەخۆشو ڕەنجوور
لە دۆستو ڕەفیق گیانو گیان گیان وەی کەوتوومەوە دوور
ئاخ وەی کەوتومەوە دوور

ئازیز بیستومە زۆر پەرێشانی
بەشەوو بە ڕۆژ گیانو گیانو گیان وەی چاو بەگریانی
ئاخ وەی چاو بە گریانی

سا بەس بۆ ڕەقیب شینو گریان کە
جارێکیش دۆستی گیانو گیانو گیان وەی قەدیمیت یاد کە
ئاخ وەی قەدیمیت یادکە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# گیانو گیان (٣)

هەتا بمێنم بۆ تۆ دەمێنم
زەکاتی ماچان گیانو گیانو گیان وەی لە تۆی دەستێنم
ئاخ وەی لە تۆی دەستێنم

لە دەردی عیشقو لە تاوی دووری
هەرچەندی دەیکەم گیانو گیانو گیان وەی نابم سێبوری
ئاخ وەی نابم سێبوری

تەنیا ماومەوە نەخۆشو ڕەنجوور
لە قەوم لە خوێش گیانو گیانو گیان وەی کەوتوومەوە دوور
ئاخ وەی کەوتوومەوە دوور



www.mamle.net
Mamle Art Center

Mamle Art Center

# دینێ وەرە دینێ

ووتنی : ماملێو احمد شماڵ
هـۆنراوە : فۆلکلۆر

چاوت ئەستێرەی بەیانی دینێ وەرە دینێ
هەڵدێ لە سیلەی سوڵتانی خاڵەکەی ئامینێ
چاوت ئەستێرەی بەیانی دینێ وەرە دینێ
هەڵدێ لەسەر سلیمانی خاڵەکەی ئامێنێ

مەمکت دوو میمو کافێکە دینێ وەرە دینێ
لە باڵای سینە سافێکە دینێ وەرە دینێ
هەر ماچێکت تەوافێکە خاڵەکەی ئامینێ

ئەو چاوانەی لە من زویرن وەرە دینێو دینێ
بە ناز سورمەی تێدەرژێنێ خاڵەکەی ئامینێ

غەمبارم غەمی تۆمە دینێ وەرە دینێ
غەمبار بی من ڕەنجەڕۆمە دینێ وەرە دینێ
ماڵ وێرانی چاوەکەی تۆمە خاڵەکەی ئامینێ

قەسەم بە ڕەحمانو رەحیم دینێ وەرە دینێ
تاکو لە دنیای ڕوون دەژیم خاڵەکەی ئامینێ



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

خۆش بوو دوێنێ پارشێوێ وەرە دینێو دینێ
وێکرِا نوستبووین بە چارشێوێ دینێ وەرە دینێ
لێکیان کردین ماڵیان شێوێ خاڵەکەی ئامینێ

ئەبرۆی ڕەشن چاوی کاڵە دینێ وەرە دینێ
مەمکی وێنەی پرتەقاڵە وەرە دینێو دینێ
تازە مەمکی کرد گەڵاڵە وەرە دینێو دینێ
شێتی کردم وەی دینێو دینێ
خاڵەکەی ئامینێ دینێ وەرە دینێ

مەمکت دوو میمو کافێکە وەرە دینێو دینێ
لە باڵای سینە سافێکە دینێ وەرە دینێ
هەر ماچێکت تەوافێکە خاڵەکەی ئامینێ

قوربانت بم ئەی بای شەوێ دینێ وەرە دینێ
خەوبێ لە چاوم ناکەوێ دینێ وەرە دینێ
شێتی کردم خاڵەکەی ئامینێ دینێ وەرە دینێ

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# خەجێ خەزێنە

نە خودا دەمداتێ مەرگێك بە ئاسان
دیدەکەم مەرگێك بە ئاسان
نە دڵ لە لای تۆ دەبێ هەراسان
دیدەکەم دەبێ هەراسان
خەجێ خەزێنە پێ بنێ لەسەر گلێنە
زەردە لیمۆت وا بێنـــە
غەریبم دڵم مەشکێنە

وەسڵی شاییەکەت بە زەهری مار بێ
دیدەکەم بە زەهری مار بێ
تۆزی رێــگاکەت لە دیدەم بار بێ
هاوار لە دیدەم بار بێ
خەجێ خەزێنە پێ بنێ لەسەر گلێنە
زەردە لیمۆت وا بێنـــە
غەریبم دڵم مەشکێنە

لە دوور دیارە پەرچەمی خاوی
دیدەکەم پەرچەمی خاوی
دێوانەی کردوم بە گوشەی چاوی



Mamle Art Center

Mamle Art Center

دیدەکەم بە گۆشەی چاوی
خەجێ خەزێنە پێ بنێ لەسەر گلێنە
زەردە لیمۆت وا بێنــە
غەریبم دڵم مەشکێنە

سەد مەجنون سەودای عیشقمن
دیدە سەودای عیشقمن
دووری‌یەکەی تۆ بێ‌مەیلمن
دیدەکەم بێ‌مەیلمن
خەجێ خەزێنە پێ بنێ لەسەر گلێنە
زەردە لیمۆت وا بێنــە
غەریبم دڵم مەشکێنە



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# خەجێ خەزێنە (٢)

ئەرێ داد هەی بێداد گیانە لەو گەورە شارە
ئەی خرێ لەو گەورە شارە
ئەرێ نە دەنگی یار دێ گیانەکەم نە بۆ خۆی دیارە
ئەی خرێ نە بۆ خۆی دیارە
ئەرێ خەجێ خەزێنە پێ بنێ لەسەر گلێنە
زەردە لیمۆت وا بێنــە
ئەی غەریبم دڵم مەشکێنە

ئەرێ هەستە بەیانە گیانەکەم خرمەی فنجانە
ئەی خرێ خرمەی فنجانە
ئەرێ ئەگریجەو لاولاو گیانەکەم تاوتاو شەڕیانە
ئەی خرێ تاوتاو شەڕیانە
ئەرێ خەجێ خەزێنە پێ بنێ لەسەر گلێنە
زەردە لیمۆت وا بێنــە
ئەی غەریبم دڵم مەشکێنە

زۆر لەمێژە لێك دوورین ئەو دڵەم کەوتە وەس‌وەسە
ڕۆژێ جارێك ببینم بۆ منی بێ‌چارە بەسە
ئەرێ خەجێ خەزێنە پێ بنێ لەسەر گلێنە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

زەردە لیمۆت وا بێنــە
ئەی غەریبم دڵم مەشکێنە

لەسەر ئەو چاوە جوانە پێنج فەرزەی نوێژێم چووە
بەژنت وەکو چنارە هەی دە دەراوان هەڵچوە
هەی لـــە دەراوان هەڵچووە
ئەرێ خەجێ خەزێنە پێ بنێ لەسەر گلێنە
زەردە لیمۆت وا بێنــە
ئەی غەریبم دڵم مەشکێنە



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# خەجێ خەزێنە

ئاخ ئەرێ ئەو ماڵەی هەمە گیانەکەم نەزری ئەڵڵا بێ
دیدەکەم نەزری ئەڵڵا بێ
ئەرێ بەڵکو کۆچەکەت جوانێ گیان بەرەو دوا بێ
دیدەکەم بەرەو دوابێ
ئەرێ خەجێ خەزێنە پێ بنێ لەسەر گلێنە
زەردە لیمۆت وا بێنــە
ئەی غەریبم دڵم مەشکێنە

ئاخ ئەرێ تف لە شەرتەکەی جوانی گیان نیمە تەمامت
دیدەکەم نیمە تەماتت
ئەرێ خۆ من ئەسیرم جوانێ گیان قەسەم بە نامت
دیدەکەم قەسەم بە نامت
ئەرێ خەجێ خەزێنە پێ بنێ لەسەر گلێنە
زەردە لیمۆت وا بێنــە
ئەی غەریبم دڵم مەشکێنە



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

# یار یار



ئەی بلبلی دڵ غەمگین یار یار یار یار
وەرە تێر تێر بگرین یار یار یار یار
یارم یارم یار یار یار
من بۆ گوڵو تۆ بۆ گوڵ با بچریکێنین
هەردوکمان شێتی گوڵین دڵ بە خوێنین
من بە دڵ سوتاوم یار یار یار یار
بۆ حاڵی لێ قەوماوم یار یار یار یار
هەردوکمان تاسەی دڵدارین بێقەرارین
هەردوو مەستو دێوانەو ئەویندارین



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

مەقـــام :

مەمکوژە تۆ گەردنی خۆت زو لە زولفان دەرخەوە(١)
ئەی ستارەی سوبحدەم ئەمشۆکە زوتر دەرکەوە
تاقەتم چوو ئارەقی گەردنت بە زولفان وونمەکە
ئەی سەبای سالْحانە ئەتۆ بکەی ئەوشۆ زوو ڕۆژ بێتەوە
تۆ بۆ گوڵی بۆنخۆشت یار یار یار یار
بۆ هەستو تینو جۆشت یار یار یار یار
یارم یارم یار یار یار یار
شەرتێ دەرنەکرێ لە دڵ مەیلی گوڵ
تاکو هەردووکمان دەچینە ناو گڵ
خۆزگە دەردی دڵداری یار یار یار یار
لە دڵی کەس نابا کاری یار یار یار یار
یارم یارم یار یار یار
با بناڵین وەکو نەی تا ماوین
هەردوو شێتو بێقەرارو سوتاوین

---

(١) دیوانی وەفایی ـ میرزا عەبدورەحیمی سابلاخی ـ ١٩٧٨
لاپەرە ١٥٦ .



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# ئەرێ وەرە

ئەرێ وەرە شەماڵ وەرە
دەردی دڵەکەم بۆ یار بەرە
لە دەردی دڵەکەم یار بێخەبەرە

مەقـــام :

مێشی خاڵت نافڕێ بەس باوەشێنی کە بە ناز
چونکە پابەندە بە شەهدی شەککەری گۆناتەوە
لەبەشەکەر فەرمووی بە زولفت باوەشێنی لێ نەکا
مێشی ڕوحم گەر بنیشێ بە قەندی چاتەوە

بۆ من لە جوملەی عەبدی خودا نیم
سەعاتێك لە غەمێك ڕەها نیم

ئەرێ وەرە شەماڵ وەرە
دەردی دڵەکەم بۆ یار بەرە
لە دەردی دڵەکەم یار بێخەبەرە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# فاتمــە




فاتمە دوو چاوی مەستت پڕ لە سیحرو جوانی‌یە
پڕ شەرارەی خۆشەویستی‌و ئارەقی یەزدانی‌یە
بەژن‌و باڵاکەت نمونەی هەیکەلی یۆنانی‌یە
لارو لەنجەت مۆسیقایە ، بەستەیەو گۆرانی‌یە

گەرچی دڵداری لە عەسرەت کۆنەیەو ئەفسانەیە
هەر بە تەنیا بۆ کوڕی خاوەن تەلارو عانەیە
گیانەکەم ئەمما دڵی من لەو دڵە شێتانەیە
بێ ئەوەی هیچ شک بەرێ کوژراوی ئەو چاوانەیە

بوکی ڕازاوەی خەیاڵم گیانەکەم تۆی فاتمە
سەروەتم ناوێ بزەی تۆ ئەوپەڕی ئاوانمە



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

# هەی لە منو هەی لە کێ (٢)

ڕاوەستا لەسەر بیرێ گیانە لەبەر دەسماڵ هەریرێ
چەندی خۆم مەجبور دەکرد گیانە دەستم بۆ هەڵناگیرێ
ئەی لە من هەی لە کێ گیانە ئەی لە لەنجەی مەلەکێ
مەلەك وەك مانگی چواردە کلی لە چاوان دەتکێ

**مەقــــام :**

خاکی کوچەی یارەکەم وەك شیری ساغیو ژینمە
جوانی ڕوخسارو نیگاری هێزی ئەژنۆو تینمە

بۆچی بەم دەردەم ئەبەی تۆ خۆت ئەزانی حاڵەکەم
بۆ قژی ژاکاوو لوولت دایمە هەر شینمە

هەروەکو پوشو پەڵاش کەوتووم لە کوچەی یاردا
گێژەڵوکەش نامفرێنێ چونکە کابەی دینمە

خەڵك ئەڵێن کفرە مەکە بەمتەرحە مەدحی یاری خۆت
گوێگرانی خۆشەویست من یارەکەم ئایینمە

کەی خەیاڵم بێتەدی یاران بڵێم ئۆخەی منم
وا کە قۆڵی یاری خۆم ئیمشەو لەژێر باڵینمە



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

لەسەر باڵای لەیلایە گیانە بومە پەندی دنیایە
لەبەر گریانو زاری گیانە شەوو ڕۆژم خەو نایە
زولفت ڕەشە ڕێحانە گیانە سینگت کارگی کەمایە
ئەی لە منو هەی لە کێ گیانە هەی لە نەنجەی لەیلایە
کاری منو بەژنێ باریك وا زوو کۆتایی نایە
شەرت‌بێ قەد مەیلت نانێم تا دنیا بە دنیایە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# هەوری لار

ئێرە مزگەوتە هەوری لار خانەی خودایە
گیانە خانەی خودایە
شەرعی من و تۆ هەوری لار لە کن مەلایە
ئەری ئەی کولەجە ڕێڕێ
گیانە دەسماڵ پەشمینە
خۆت لێ کردوومە هەوری لار کۆلکە زێڕینە
چەندە کافرەو بێدینە

نە نشتوی مەلا هەوری لار نە شاڵی سەید
گیانە نە شاڵی سەیید
هیچی بە ڕازی هەوری لار دڵەکەم نەگەیی
گیانە دڵەکەم نەگەیی
ئەرێ ئەی کولەجە ڕێڕێ
گیانە دەسماڵ پەشمینە
خۆت لێ کردوومە هەوری لار کۆلکە زێڕینـە
چەندە کافرەو لەعینە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

دەستی من وەبان هەوری لار کەلامولّلا بێ
گیانە کەلامولّلا بێ
لە تۆ زیاتر هەوری لار مەگەر ئەلّلا بێ
گیانە مەگەر ئەلّلا بێ
ئەرێ ئەی کولەجە رێڕێ
گیانە دەسماڵ پەشمینە
خۆت لێ کردومە هەوری لار کۆلکە زێڕینە
چەندە کافرەو لەعینە



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# مریەم سابلاخی

دەنگم نایگاتێ مریەم چاوجوان مریەم ئامان مریەمێ سابلاخی
دیوارمان بەینە مریەم چاوجوان مریەم ئامان مریەمێ سابلاخی
کەسمان تێناگا مریەم چاوجوان مریەم ئامان مریەمێ سابلاخی
لەم کەین‌وبەینە مریەم چاوجوان مریەم ئامان مریەمێ سابلاخی

ئەگەر حەزدەکەی مریەم چاوجوان مریەم ئامان مریەمێ سابلاخی
قیامەتت بێ مریەم چاوجوان مریەم ئامان سورەگوڵەی نێوباخی
دڵەکەی منت لەکنە مریەم چاوجوان مریەم ئامان سورەگوڵەی نێوباخی
ئامانەتت بێ مریەم چاوجوان مریەم ئامان سورەگوڵەی نێوباخی

چاوت ئەستێرە مریەم چاوجوان مریەم ئامان سورەگوڵەی نێوباخی
ڕوو دەکۆ دەکا مریەم چاوجوان مریەم ئامان سورگوڵەی نێوباخی
دڵەکەم وەس‌وەسەی‌مریەم چاوجوان‌مریەم ئامان سورەگوڵەی نێوباخی
باڵای تۆ دەکا مریەم چاوجوان مریەم ئامان سورەگوڵەی نێوباخی

خۆزگەم بەو مەڕەی مریەم چاوجوان مریەم ئامان‌سورەگوڵەی نێوباخی
شیر دێ لە گوانی مریەم چاوجوان مریەم ئامان مریەمێ لێم یاخی
کابان دەی‌دۆشێ مریەم چاوجوان مریەم ئامان مریەمێ لێم یاخی
بەو پەنجەی جوانی مریەم چاوجوان مریەم ئامان مریەمێ لێم یاخی



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# مەمکوژە تو گەردنی خۆت (١)

مەمکوژە تو گەردنی خۆت ڕوو لە زولفان دەرخەوە
ئەی ستارەی سوبحەدەم ئەمشۆکە زووتر دەرکەوە

تاقەتم چوو ئارەقی گەردنت بە زولفان وونمەکە
ئەی سەبای سالحان تۆ بـکەی ئەمشەو زوو ڕۆژ بێتەوە

مەقـــام :

بای سەبا بەرقەع گوشا بوو ؟ یا ئەتۆ بووی خۆت نواند
یا نە ریضوان دەرکی گوڵزاری بەهەشتی کردەوە

با بە هەویای پایی بۆست عومری من کۆتا نەبێ
مەیخە پشت گوێ مەرگی من بێ زولفەکانت بەردەوە

سوتبووم خۆم دا پەنای زولفت کەمێك ئاسودە بم
ڕووت نیشان دامو لە سایەی تۆوە ئاورم گرتەوە

زولفت ئەفشان کردو پەنهان بووی و دونیات کردە تەم
خۆت وەدر نا عالەمت سوتاندو ئاورت کردەوە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

من لەبەر عەکسی نیگاهت دەمرم تو سەری غەمزەکەی جەلابم
چاوەکەی تۆ هەر نەخۆشە یانە سەرخۆشی خەوە

تاقی ئەبرۆت دەرخە شادم کە هەتا قوربانی بم
جەژنی قوربان چونکە شەرتی دیتنی مانـگی نەوە

ئاهو ناڵەی بێقەرارت عالەمی خستۆتە جۆش
گوڵ بە ناز پەروەردەیە ئەی دڵ کەمێك بسرەوە

من لەسەر خاکی دەری یاری سەفەرکەردە نەمام
نامرم ئەهلی بەهەشتم گەر ژیانم بێتەوە

---

(١) دیوانی وەفایی ـ میرزا عبـــدورەحیمی سابلاخی ـ ١٩٧٨
(بە پاش و پێشمەوە) لاپەرە ١٥٦ ـ ١٥٧ ٠



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ئەرێ وەی دیسان وەی

ئەرێ هەستە بەیانە گیانە خرمەی فنجانە
ئەرێ ئەگریجەو لاولاو گیانە تاوتاو شەڕیانە

ئەری وەی دیسان وەی ناسکۆڵەی نازدار ئۆخەی
ئەرێ بمدەیە ماچێك دەبڵێ نۆش بێتە سەر دەی

ئەرێ کاری من نی‌یە گیانە کاری خودایە
ئەرێ لەیلا دەوڵەمەند گیانە مەجنون گەدایە

ئەری وەی دیسان وەی ناسکۆڵەی نازدار ئۆخەی
ئەرێ بمدەیە ماچێك دەبڵێ نۆش بێتە سەر دەی

ئەرێ شەرت‌بێ گوڵی کەس گیانە نەکەم بەبۆوە
ئەرێ تا گوڵم بۆ دێ گیانە لە خزمەت تۆوە

ئەرێ سەرەڕێ دەگرم گیانە ئەحواڵ ئەپرسم
ئەرێ لە کەم مەیلی‌یەکەت گیانە کەمێك دەترسم

ئەری وەی دیسان وەی ناسکۆڵەی نازدار ئۆخەی
ئەرێ بمدەیە ماچێك دەبڵێ نۆش بێتە سەر دەی



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

ئەرێ ئەنـگوستیلەکەت گیانە نەقیم گردەڕوو
ئەرێ نە من ژن دێنم گیانە نە تۆ بکە شوو

ئەری وەی دیسان وەی ناسکۆڵەی نازدار ئۆخەی
ئەرێ بمدەیە ماچێك دەبڵێ نۆش بێتە سەر دەی



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

# وەرە قوربان

ئەی لەبەر گریان‌و زاری خوێن لە چاوم دەباری
وەك بارانەی بەهاری گیانە بە شکلێ دەنـگی ناری
وەرە قوربان ئارامی دڵان
ئەی وەرە نازدار وەرە قوربان
ئاقڵت بردم شێتت کردم
سوتام سوتام وەرە قوربان

هەرچەند دەکەم خەیاڵان قەت ئەو دڵەی من ناسرەوێ
گرووی گرتوە وەك منداڵ هەر دەڵێ یارم دەوێ
ڕۆژێ سەد جارم لێدەن لەکوێ بی من دێمەوێ
وەرە قوربان ئارامی دڵان
ئەی وەرە نازدار وەرە قوربان
ئاقڵت بردم شێتت کردم
سوتام سوتام وەرە قوربان

خۆزگەم بەوەی لەدوی تۆ هەر دەڕوانێتە ڕووی تۆ
مردن بە ئارەزووی تۆ قوربانی ئاشنات بم
وەرە قوربان ئارامی دڵان
ئەی وەرە نازدار وەرە قوربان
ئاقلت بردم شێتت کردم
سوتام سوتام وەرە قوربان



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

# كۆڵوانه

ووتنی : مامڵێو مەلا حسێن
هۆنراوه : فۆلكلۆر

ئەری خەمی عالەم بۆ من چاکه کۆڵوانه
کۆڵوانەی لێ جوانه
یەخەی خۆم دەدڕم سەرپاکه
پاوانەی لێ جوانه
چونکی لێوئاڵ دەڵێ کاکه
ئەرێ کۆڵوانه کۆڵوانه کۆڵوانەی لێ جوانه

یارم ئەسڵه مهابادی‌یه گۆشەی چاوی جوانه
یارم ئەسڵه مهابادی‌یه گوارەی لەگوێیانه

شەو گەیشته حاڵی جاران کۆڵوانه
کۆڵوانەی لێ جوانه
بۆم بڵێن به شای وەفاداران
پاوانەی لێ جوانه
زوو بێته سەر دەردەداران
گۆشەی چاوی جوانه
ئەرێ کۆڵوانه . . . . .



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

دیسان شەو هات بۆ حاڵی من کۆڵوانە
کۆڵوانەی لێ جوانە
لەو دڵەی پڕ خەیاڵی من
پاوانەی لێ جوانە
گۆشەی چاوی جوانە
ئەرێ وەی کۆڵوانە • • • • •

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# گۆوەندە زەماوەندە

گۆوەندە زەماوەندە دڵم بەندە بەو دەم قەندە وای وای
سەرو ڕوح دانانە ، جێڕاوگەی بازانە ، مەیدانی شێرانە
بەو تیری بێئامانی تۆ دڵ بۆتە نیشانە
ئەسیری داوی زولفی تۆم دەردی بێدەرمانە

خزمینە غەمی ژینە یار حەزینە دڵ غەمینە وای وای
یارم خوێن شیرینە کۆترەی خاڵ نەخشینە
گوڵی نێو پەرژینە بێ تۆ حەیاتم بۆچییە چ ژیانو چژینە
ئەو خوێنەی من حەلاڵت بێ شاهد بن خزمینە

غەمبارم ، گرفتارم ، بێقەرارم ، بریندارم وای وای
من بۆ تۆ غەمگینم ، یاری خوێن شیرینم هەر تۆی مایەی ژینم
چماوە بۆت فیدا کەم سەر تا بە پای ژینم
تا کەی جەوری دڵ بکێشم بڕێژم ئەسرینم

شێواوم پەشۆکاوم دڵ بڕاوم نوری چاوم وای وای
قەت ناچی لەبیرم لەسەر تۆ ئەسیرم پێبەندی زنجیرم
ئەگەر ساتێک لەیادم چی لێم حەرام بێ شیرم



Mamle Art Center

Mamle Art Center

لەسەر تۆ دەمرشت ئەسرینم بەو کۆتە بەخسیرم
لەسەر تۆ فەوتا وجودم ئەز بۆ تۆ یەخسیرم


من دەناڵم بۆ کەژاڵم ڕووبەخاڵم زور شەلاڵم وای وای
کەژاڵی چاوجوانم بۆ تۆ پەرێشانم فەوتا ڕوحو گیانم
بە دەستی خۆت دەوای بکە دەردی بێدەرمانم
فیدا بوو لەڕێی عیشقی تۆ شەش دانگی ئیمانم
بە دەستی خۆت . . . . . .



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# به يادم كه




كوشتوومت ئاگات لێم نىيه
زيزبونت لەسەر چىيه
خەتاى تۆيه ئى من نىيه
لەسەر چى ئەو دڵه تۆراوه
به يادم كه تۆ يادم كه
به ماچێكى دڵشادم كه

هەرچەند تۆ بكەى يادم
به خەو دەبينم دڵشادم
گوڵم به كۆ چەمەن دەكرد
يار ڕۆيى ئارەزووم كرد
به چاوان هەرەشەى كرد
لەسەر چى ئەو دڵه تۆراوه



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

به چاوان ئیشارەی کرد
لەسەر چی ئەو گوڵە تۆراوە
بە یادم کـــە • • • • •

بەسەر قەبرم دا هات، شەماڵ
بۆنی یاری هێنا لە ماڵ
وەبیر کەوتەوە ووردە خاڵ
لەسەر چی ئەو دڵە تۆراوە
یادم کـــە • • • • •



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

# خاڵەی ڕێبوار

هەتا جوان بووم «گیانە» فرە پیر نەبووم
عاشق بە باز بوم (گیانە) سۆنەگیر نەبووم

هۆی خاڵەی ڕێبوار (گیانە) ڕێـگام هەورازە
مبارەکت بێ (گیانە) ئەلمۆدەی تازە

شەرت‌بێ گوڵی کەس (گیانە) ناکەم بەبۆوە
تا گوڵم بۆ دێ (جوانێ) لە خزمەت تۆوە

هۆی خاڵەی ڕێبوار (گیانە) ڕێم لەبەر ناچێ
بۆ جوابت کردم (گیانە) بۆ تەنیا ماچێ

بریا شەماڵ بام (گیانە) لەو باسکەو باسکان
کەوێك دەخوێنێ (گیانە) لەکن دوو ئاسکان
زۆر پیس پێوە بوم (گیانە) لەگەڵ دڵ‌ناسکان

هۆی خاڵەی ڕێبوار (گیانە) ڕێم بەرامبەرە
دووعام لێ مەکە (هاوار) مانـگی سەفەرە

بیکە بۆ خاتری (گیانە) عیشقی لەدەست‌چوو
سەرت هەڵێنە (گیانە) ئاورم تێ‌بەربوو

هۆی خاڵەی ڕێبوار (گیانە) ڕێم بەرامبەرە
دووعام لێ مەکە (هاوار) مانـگی سەفەرە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ئایشیلێ نازەنینێ

لەنــگۆ یار پەیدا نابێ (ئای) پەیدا بێ وەفای نابێ
سەد ساڵ خونچە بپشکوێ (ئای) بێ‌بلبل بەهار نابێ
چبکەم دڵ گرتوویەتی (ئای) بە کەس تەوەلا نابێ

ئایشیلێ نازەنینێ (ئای) کورتە باڵای لێو نەخشینێ
بەچی ئەمنی کوشتووە (ئای) بە لەنجەی مەڕ دۆشینێ
وەختێ دێو ڕادەبرێ (ئای) سەڵا لەوەی نایبینێ

بۆ خۆم دوورم نایگەمێ (ئای) کەس نی‌یە وەڵامێی دەمێ
سەبرو هۆشی لێ بڕیوم (ئای) کەوتوومە بەحری غەمێ
دوو برۆی ڕەشی هیلالی (ئای) کەوتوونە ژێر پەرچەمێ
سوچی چادرەکەت لادە (ئای) با مانگ بێتەدەر لە تەمێ

چاوت ئەستێرەی ڕۆژێ (ئای) لەگەڵ مانــگێ دەگەڕێ
برینانم دەرمانکەن (ئای) بە دەستی نیلوفەڕێ
ناوێرم کوڵمەی ماچکەم (ئای) لێم وە عەیب دەگەڕێ
ئایشیلێ هەر دەڵێی دووڕی (هەی) جەرگی عالەمێت بڕی
ڕەببی بابت زەرەرکا (ئای) لە جەڵەبی کاوڕی



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# خانم خانمۆڵێ

ووتنی : ماملێ
هەواو هۆنراوە : فۆلکلۆر

کراسی زەردی دە بەردایە
دەنا جیرانی میرزا بابایە
لێمان ناکا مەرحەبایە
دەنا ئەی خانم خانمۆڵێ
لە خرێت ماچ کەم یان لە دۆڵێ

ئەرێ خەجاڵەت بی لەگەڵ وەفات
چەندم کێشا جەورو جەفات
تێرم نەکرد سەیرو سەفات
هاوار چبکەم چیت لێ کردم
خەجاڵەت بی ببیە پردم

ئەرێ لە مزگەوتێ نوێژم دەکرد
یەکێك لەناکاو بانگی کرد
خانە خەراب لەیلاتیان برد
ئەی خانم خانمۆڵێ
لە خرێت ماچ کەم یان لە دۆڵێ



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

چاوت ئەستێرەی سوبحی دەم
دەنا مەشهورە لە کوردو عەجەم
ئەرێ تۆ خاتوو زین من کاکەمەم
هـــاوار چبکەم چیت لێ کردم
خەجاڵەت بی ببیە پردم



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# نازانم چۆنی بکەم چارە

پەرێشانم من دەناڵێنم
فرمێسکی چاوان دەبارێنم
هەموو عومری خۆم لەسەر دانا
لەتاوانت بوم بە دێوانە
**نازانم چۆنی بـکەم چارە**
دەرمانی ئەو دڵە بیمارە
بە بێهودە شێتو هەژارم
بە دەردی دڵ من گرفتارم

دەڵێن مەجنون جەوری کێشاوە
**لەدوای لەیلا روحی داناوە**
گوێم چت کرد چۆن دەبێ وابێ
دڵی مەجنون شێتی لەیلا بێ
نازانم چۆنی بـکەم چارە
دەرمانی ئەو دڵە بیمارە
بە بێهودە شێتو هەژارم
بەدەردی دڵ من گرفتارم



Mamle Art Center

Mamle Art Center

دڵم شێوا کێ بوو شێواندی
گوڵم شەمزا کێ بوو شەمزاندی
ئەوا لەیلا کۆچ دەکا لێرە
نەما گوڵشەن خێڵ بەرەو ژێرە
نازانم چۆنی بکەم چارە
دەرمانی ئەو دڵە بیمارە
بە بێهودە شێتو هەژارم
بە دەردی دڵ من گرفتارم

فەلەک توخودا چەرخی دەورانت
شەوو ڕۆژو کارو میزانت
ئەگەر جارێک لەو هەموو جاران
بە مەیلی دڵ خۆ بدە یاران
نازانم چۆنی . . . . . .



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# ئەختــەر (١)

**ووتنی : ماملێ**
**هەوای : ماملێ**

ئەختەر کچی کوردی چاومەست
ئیلهام بەخشی شیعری پڕهەست

ئەی پێشمەرگەی میللەت پەرەست
کە دیتمی تفەنگ بەدەست

زانیم گوڵی هیوا پشکووت
بەیانی ئازادی ئەنــگووت

ئەختەر پێشمەرگەی کۆڵنەدەر
ئەختەر ئەی گوڵی نێوسەنگەر

خوێنت دەتــکێ لە دمی خەنجەر
دەگری بەری هێرشی ئەسکەر

سێرت گرت بەو چاوە جوانە
لە کەلەکەی ئەم بێژوانە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

شەقت هەڵدا لە زێرو جل
تووڕت داوە کلدانو کل

توندت کردوە پشتێنی شل
فیشەکدانت کردۆتە مل

پساندت بازنەو پاوانە
دەستت دا تفەنگ پیاوانە

نارێژی چاو سور ناکەی لێو
شانە ناکەی بسکی پەشێو

یەکجاری فڕێتدا چارشێو
ئەوە ڕووتکردە چڕو کێو

دەبڕی جەرگی دوژمنی زۆڵ
بە سەرە نێزە نەك بە مژۆڵ

---

(١) تاریکو ڕوون ـ هێمن ـ ١٩٧٤ لاپەرە ـ ١٤٢ ـ ١٤٣ .



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# وەرە سەر نەخۆشی دلم

قەرار بوو دڵ بە کەس نەدەم
تازە دڵداری‌یە قەت نەکەم
یادت دەکەم یادی تۆ یاری عەزیزم
وەرە سەر نەخۆشی دڵم بێنە دەسکێ خونچە گوڵم
سرِی(١) دڵمت پێ دەڵێم عاشقی خونچە گوڵم
گوڵەکەم یاری خۆم یاری خۆمی

بەڵام تیرێکی وات لێدام
نەخۆشت خستوم لەناو جێدام
یادت دەکەم یادی تۆ یاری عەزیزم
وەرە سەر . . . . . .

فەرمووی عیشقت کەوتە دڵم
یا هی تۆمە یا هی گڵم
یادت دەکەم یادی تۆ یاری عەزیزم
وەرە سەر نەخۆشی دڵم بێنە دەسکێ خونچە گوڵم
سرِی دڵمت پێ دەڵێم عاشقی چاوی گوڵم
گوڵەکەم یاری خۆم یاری خۆمی

---

(١) هەندێ جار لەجیاتی «سرِی دڵمت» ئەڵیت «ڕازی دلت»



www.mamle.net
Mamle Art Center

Mamle Art Center

# شەدە لار

ووتنی : مامڵێو ناهید

بریا دارێ بی بام
لە کەلی بەسری بام
بەرامبەر شاری بام
شەدە لار بۆچ وات کرد
بوکی پار بۆچ وات‌کرد
ئەمنت کوشتوە بە ناز
گیانە ئەمنت دەردەدار کرد
ئەمنت ڕەنج بە خەسار کرد

ئەرێ دەترسم بمرم گیانە بیابان بێ جێم
ئەرێ بێیتە سەر قەبرم گیانە نەزانی من کێم
بۆنی هەڵاڵان دێ لە گەورە ماڵان دێ
بەتەنیا ماچێك گیانە دنیا خراب نابێ
بەتەنیا ماچێك گیانە کابەت لێ کەچ نابێ

بریا دارێ بی‌بام
لە کەلی بەسری بام



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

بەرامبەر شاری بام
یان لەبەر دەرکی یار بام
شەدە لار بۆچ وات‌کرد
کێت گرتووە بە یار عەزیزم
خۆت لەوی خەسار کرد

بریا دار هەرمێ بام
لە شاری وورمێ بام
بەرامبەر نەرمێ بام
وەی وەی وەی وەی وابێ
بە کراسی گوڵدار بێ

بریا دار هەنار بام
لە کلکەی بازار بام
شێتی شەدە لار بام
وەی وەی وەی وەی وابێ
بە کراسی کەتان بێ

بۆنی هەلاڵان دێ لە گەورە ماڵان دێ
بەتەنیا ماچێک گیانە دنیا خراب نابێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

**مەقـــام :**

شێتان شێت دەبوون دەچنە هەورامان
خۆ من شێتی تۆم ئەری دەستی منت دامان

ئای ساڵەهای ساڵە من ڕەنجبەری تۆم
بە نانو ئاوو جلو بەرگی خۆم

شەوان خەڵوەتن ماڵ بێ ئەغیارن
گشت عالەم خەوتوون یار خەبەردارن



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# سەوزە هەی لیمۆ (١)

داری تاقە دار ئازیز گیان قەد بە دار نابێ
دۆستی دوور وولات ئازیز گیان قەد بە یار نابێ
سەوزە هەی لیمۆ چاو جوان مەرگی تۆ
من کەم شەرتم یا نە تۆ
ئەز دەبم ئەی بە حەیرانی تۆ

جا چۆن شێت نەبم ئازیز گیان نەدەم بە خۆمدا
چۆن خاکی عالەم ئازیز گیان نەکەم بەسەردا
سەوزە هەی لیمۆ چاو جوان مەرگی تۆ
من کەم شەرتم یا نە تۆ
ئەز دەبم ئەی بە حەیرانی تۆ

**مەقـــام :**

(ئاخ) وەرن (ئای) مەشکێنن شوشەی مەینەتم
هەم دنیاشم چوو (کەسم ئای) هەم قیامەتم

(ئەوە های) کە دەڕۆی خۆتو دڵەکەت
ئامانەتت بێ کەسم (ئای) تاقە گوڵەکەت



Mamle Art Center

Mamle Art Center

شەوان (های) گەنجە ڕۆ (ئای) دڵەکەی ناشادم
کۆچی کۆنە یار (ئای) کەوتۆتە یادم

ساڵەهای ساڵە ئازیز گیان غەمم ڕەفیقە
شادی بێمەیلە ئازیز گیان دێ بە دەقیقە

سەوزە هەی لیمۆ چاو جوان مەرگی تۆ
من کەم شەرتم یا نە تۆ
ئەز دەبم ئەی بە حەیرانی تۆ

www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# سەوزە هەی لیمۆ (٢)

**ووتنی : ماملێ**
**هەواو هۆنراوە : فۆلکلۆر**

هەتا بمێنم ئازیز گیان منەتباری تۆم
تۆ خۆت دەیزانی ئازیز گیان قەرزداری تۆم
سەوزە هەی لیمۆ چاو جوان مەرگی تۆ
من کەم شەرتم یا نە تۆ
ئەز دەبم ئەی بە حەیرانی تۆ

بالا بەرزەکەی ئازیز گیان وونبووی لە چاوان
گەرمایی دڵم ئازیز گیان بەردی دەتاوان
سەوزە هەی لیمۆ چاو جوان مەرگی تۆ
من کەم شەرتم یا نە تۆ
ئەز دەبم ئەی بە حەیرانی تۆ

ئەوشەو لە بەختم ئازیز گیان مانگەشەو تارە
هەر جێیەك دەچم ئازیز گیان سایەم دیارە
سەوزە هەی لیمۆ چاو جوان مەرگی تۆ
من کەم شەرتم یا نە تۆ
ئەز دەبم ئەی بە حەیرانی تۆ

---

**(١)** هەرچی ئازیز گیانی تێدا دووبارەیە بەڵام لە جاری دووەم لەجیاتی ئازیز گیان دەڵێ **(ئەیرۆ)**



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# سەوزە هەی لیمۆ (٣)

وووتنی : ماملێ
هەواو هۆنراوە : فـۆلـکلۆر

نەشەرتت شەرتە ئازیز گیان ئەی نە نامەت نامە(١)
یەك پارچە کاغەز ئازیز گیان دوعاو سەلامە
سەوزە هەی لیمۆ چاو جوان مەرگی تۆ
من کەم شەرتم یا نە تۆ
من دەبم ئای بە قوربانی تـۆ

وەبیرت‌نایە ئازیز گیان ئەی شەوانی شادی
لە ڕێگای تۆدا ئازیز گیان چەندم جەفا دی
سەوزە هەی لیمۆ چاو جوان مەرگی تۆ
من کەم شەرتم یا نە تۆ
من دەبم ئای بە قوربانی تـۆ

ڕەبی جاغاتو ئازیز گیان جا بدەی بوارێ
دەچمەوە سابلاخ ئازیز گیان بۆ خزمەت یارێ
سەوزە هەی لیمۆ چاو جوان مەرگی تۆ
من کەم شەرتم یا نە تۆ
من دەبم ئای بە قوربانی تـۆ

---

(١) هەرچی (ئازیز گیانە) لە جاری دووەم دەڵێ (ئەی وەرە)



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# سەوزە هەی لیمۆ (٤)

له وولاتی خۆمان ئازیز گیان کێوێك دیاره
بەقەد ئەو کێوەی ئازیز گیان غەم له دڵم باره
سەوزە هەی لیمۆ چاو جوان مەرگی تۆ
من کەم شەرتم یا نه تۆ

ئەز دەبم ئای به حەیرانی تـۆ
جا چۆن شێت نەبم ئازیز گیان نەدەم به خۆمدا
چۆن خاکی عالەم ئازیز گیان نەکەم بەسەردا
سەوزە هەی لیمۆ چاو جوان مەرگی تۆ
من کەم شەرتم یا نه تۆ
ئەز دەبم ئای به حەیرانی تـۆ

ئەوە هات ڕابرد ئازیز گیان یاری من شۆڕە
یان یاری خۆمە ئازیز گیان یا زەینم کۆرە
سەوزە هەی لیمۆ چاو جوان مەرگی تۆ
من کەم شەرتم یا نه تۆ
ئەز دەبم ئای به حەیرانی تـۆ



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ماڵی دەمەڕداران (٢)

ماڵی دە مەڕ دۆستان
بەخێر نەچنە کوێستان
لیمان دەبڕن دۆستان
وەی وەی لەبەر نازی تۆ
لیمان دەبڕن دۆستان
لەبەر چاوی جوانی تۆ

ماڵی دە مەڕداران
ڕۆین بۆ هەواران
لیمان دەبڕن یاران
وەی وەی لەبەر نازی تۆ
لیمان دەبڕن یاران
لەبەر چاوی جوانی تۆ



www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

# باران باران

ئەوا من دەڕۆم سەر وەسیەتت بێ
دڵەکەی منت لەکنە ئازیزەکەم ئامانەتت بێ
باران باران باران بارانە باران دەبارێ
لە چی دەگەڕای ئازیزەکەم لە گوڵی بەهارێ

کەوتە مابەینمان حەوت کێوو حەوت کۆ
مەگەر بای ڕەحمەت ئازیزەکەم من بێنێ بۆ تۆ
باران باران باران باران نم نم تەڕمی کرد
عیشقی چاوجوانو نازەنینەکەم لە دین دەرمی کرد

دایکت خەجاڵەت باوکت ڕوو سیاه
ئەتۆیان لێم کرد عەزیزەکەم بۆ ماڵی دونیا
باران باران باران باران دەبارێ
لە چی دەگەڕای ئازیزەکەم لە گوڵی بەهارێ

کوڵی دڵەکەم دێ وەك بارانێ
من لێرە ماوم ئازیزەکەم یار لە تارانێ
باران باران باران باران تەڕمی کرد
عیشقی چاوجوانو نازەنینەکەم لە دین دەرمی کرد



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# ئازیزەکەم

ماڵ لە مەریوان ئەزیزەکەم دڵ لە دەروێشان
مردن خۆشترە ئەزیزەکەم لە ئاخ هەڵکێشان

هەر دێتو دەڕوا ئەزیزەکەم مۆڕەم لێ دەکا
یاری چەند ساڵە ئەزیزەکەم حاشام لێ دەکا

بیکە بە خاتری ئەزیزەکەم عیشقی لەدەستچوو
نە من ژن دێنم ئەزیزەکەم نە تۆش بکە شوو

خودا دەیزانێ ئەزیزەکەم من بۆ تۆ چۆنم
بۆ کزەی کەباب ئەزیزەکەم دێ لە دەرونم

لە بەختەکەی خۆم ئەزیزەکەم وا ڕادەبینم
بچمە سەر سیروان ئەزیزەکەم هیچ ئاو نابینم

خودا دەیزانی ئەزیزەکەم من بۆ تۆ چۆنم
بۆ کزو بۆ سۆ ئەزیزەکەم دێ لە دەروونم



Mamle Art Center

Mamle Art Center

له بەدی بەختم ئەزیزەکەم لە بەدئیقباڵیم
هەرجا شاییەك ئەزیزەکەم من جێگا خاڵیم

باڵابەرزەکەی ئەزیزەکەم وونبووی لە چاوان
گەرمایی دڵم ئەزیزەکەم بەردی دەتاوان

بیکە بۆ خاتری ئەزیزەکەم عیشقی لەدەستچوو
نە من ژن دێنم ئەزیزەکەم نە تۆش بکە شوو

ئەگەر بە بێ تۆ ئەزیزەکەم شادیم لە دڵ بێ
شادییەکەو خۆشیم ئەزیزەکەم بۆ بنێ گڵ بێ



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# دەسماڵی سەرت

ووتنی : ماملێو ناهید

ئاخ دەسماڵی سەرت هەریری نەرمە
بە دڵم حەزلێ کرد بە زارم شەرمە
ئەی وەی بە زارم شەرمە

هەرچەند تۆ دەگری من دەناڵێنم
جگەرسۆزێك نیە ئەوڕۆ بیدوێنم
جگەرسۆزێك نی‌یە من بی‌دوێنم

ئای لەو دڵە حیزەی من بەقەد هەنارێ
سەد کوچەی تێدا هەر کوچەی شارێ
سەد وەستای تێدا هەر وەستای کارێ

ئاخ لەو دڵەی من چەندە بێعارە
هێشتا بەتەمای ژنی مێرددارە
هێشتا بەتەمای ئەو چاو بەخومارە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# بالآخانەی بەرەو شەتتی

ووتنی : ماملێو ناهید

بالآخانەی بەرەو شەتتی
بڕوانە چەرخی ڕوومەتی
وەختە شێتبم لە حەسرەتی

ڕیحانە دێراو دێراوە
بە قاچاغی ئاوم داوە
شتڵی دەستی گیان شۆڕە لاوە
ئەرێ وەی بە شلو مل بی
دەستی منت لەسەر مل بی
ڕەبی بابانت کاول بی

حەزم لێ کرد بە منداڵی
گەیی‌یە سونعی چاردە ساڵی
خودا نایدا بە حەڵاڵی
ئەی بە شلو مل بی
ئاخ بە کلو ملی



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

دەستی منت لەسەر مل بی
ڕەببی بابانت کاول بی

بیستوومە شیرنیت دەخورێ
لەسەر دڵم ئەی بوو بەگرێ
ئاهی من دایکەکەت بگرێ
ئاهی من باباکەت بگرێ

لە سیلەی قەبران هاوارە
ئاغا بمدا لە سێدارە
دەست هەڵگیر نیم تازە یارە

قوربانت بم وەی خواجە هاجەر
ڕێم پێ مەگرە جا بە منی هەژار
عەترم پێیە وەی بۆ زولفی یار
عەترم پێیە جا دەیبەم بۆ یار
بە شلو مل بی وەی شلو مل
جا بە کلو مل بی
دەستی منت لەسەر مل بی
ڕەببی بابانت کاول بی



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center

ڕیحان خەڵکی بەردە زەردە
بۆ جاحێلان داخو دەردە
کوشتوومی ئەو دەسماڵ زەردە
ڕووت ڕەش بێ لەگەڵ قەرارت
نەما شەرتو ئەی وەفای یارت
ڕەبی کوێر بێ وەی سەبەب کارت



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# سوێندم خواردووه

سوێندم خواردووه خودایه چی دی دڵداری ناکەم
دڵو دین بوو هەمووی چوو گیانە لەسەر تاقە گوڵەکەم
لەسەر هیچو خۆڕایی بۆ وەلای ناووم گوڵەکەم
گەشی گوڵ نیشانەیە لە وەفای باغەوانی
حەیفە وەکو باغەوان گیان کە قەدری گوڵ نەزانی
سوێندم خواردووه • • • • •

یارم لە هەر جێیەکە خودا ئاگاداری بێ
شەماڵ هات بە ناڵەناڵ خەبەری یارمی پێ بێ
ئەو ئاگرەی لە منت بەردا گیانە یارەبیی لە تۆش بەر بێ
سوێندم خواردووه • • • • •

دڵم دەکا جۆلانێ یاخودا کەس پێ نەزانێ
فرمێسکم دێنە خوارێ وەك تاوی دەبارانێ
قەولە دیاریم بۆ بێنێ گیانە گوڵم وا لە تارانێ
سوێندم خواردووه • • • • •



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# وەرە ڕوحی ڕەوانم

سروشکی سوورو گەشم کانیمرادە
ئەتۆی وێنەو نیشانەی شینو دادم
کەسم نی‌یە غەیری تۆ سێبوری حاڵم
بەدایم دڵ پڕو شەیدایی خاڵم
وەرە ڕوحی ڕەوانم
گوڵی بۆنخۆشو جوانم
لە هیجری تۆ نەماوم
کزەی جەرگو هەناوم

بە خاڵی گەردنی جەرگی بڕیوم
دەڵێی شەش دانگی ئیمانی کڕیوم
بە دانەی خاڵەکەی کەوتوومەداوی
کەوا بوومە ئەسیری زوولفی خاوی
وەرە ئەی بولبولی من
کزەی جەرگو دڵی من
لە هیجری خاڵی لێوت
شکا باڵو پەڕی من



Mamle Art Center

Mamle Art Center

له هیجری ئەو گوڵەی دایمە دەناڵم
بە بێ خاڵی ڕوخت وێرانە حاڵم
کە تۆ قەدری بەهاری خۆت نەزانی
وەرە بۆنت بکەم تو بەشقی جوانی
کە ئەورۆ نەوبەهارە
شەماڵی وەسڵی یارە
ئەمن خوێن دێ لە چاوم
کە تیرت وا بەکارە



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# هەی بێ (٢)

هەی بێ دە بڵێ بێ یارم دە نیوە شەودا
ئەرێ ئەو دەستە کێیە گیانە دە شیرین خەودا
جەڕەی هەڵگرت بۆ بیرێ لەبەر دەسمال هەریزێ
چەندی خۆم مەجبور دەکرد دەستم بۆ هەڵناگیرێ
دەڵێم بمدەرێ ماچێک جارێ دەکا تەکبیرێ
هەی بێ دە بڵێ بێ . . . . . . . .

ئەگەر حەزدەکەی قیامەتت بێ
دڵەکەی منت لەکنە ئامانەتت بێ
هەی بێ دە بڵێ بێ . . . . . . . .

ئەرێ شەدێک داهاتووە لە بۆکان واوە
ئەرێ عەمرو عەزیزم لە سەری داوە
هەی بێ دە بڵێ بێ . . . . . . . .



Mamle Art Center

Mamle Art Center

# چەند تێبینی یەك

١ـ تەنها میلۆی گۆرانی یەکەم نووسیوەتەوە ، چونکە هەر گۆرانی یەك چەند جارێ هونەرمەند حەمەی ماملێ وتوویەتیەوە، وە هەرجارەی جیاوازی لەڕووی وشەو وتنیەوە هەیە • جا گەر بە وشەکانەوە نۆتەکانمان بنووسیایەتەوە ئەوا ئەبوایە بۆ هەر گۆرانی یەك چەند جارێ بەپێی وتنی هونەرمەند بنووسرایەتەوە •

٢ـ ئێمە تەنها لە هەر گۆرانی یەك میلۆی پارچەی یەکەمی گۆرانی یەکەمان نووسیوەتەوە ، هەر لەبەر هەمان هۆی سەرەوە•

٣ـ پارچە مۆسیقاکانی سەرەتای گۆرانی یەکەو ناوەڕاستی نەماننووسیوە ، چونکە هەمان ئاوازی گۆرانی یەکەن و بەشێوەیەکی میللیش لێدراوە ، جار هەر جارەی بە تەکنیکی جیاواز •



Mamle Art Center

Mamle Art Center

٤ـ لەبەرئەوەی فریا نەکەوتین هەموو گۆرانییەکان نۆتەکـەی بنووسینەوە ، ئومێدەوارم لە بەرگی داهاتوودا بتوانین هەموویان بە ڕێكوپێکی بنووسینەوە هەرچەندە هەندێ لە ئاوازەکانیش کە هونەرمەند وتوویەتی ( ئازەری ) یە .

٥ـ کاتێ ئەم نۆتانەم ئەنوەمی یەوە هۆنراوەکانی لای نووسەرەوەی ئەم کتێبە بوو بردبووی بۆ چاپ ، لەبەرئەوە تەنها پشتم بـەو کاسێتە بەستووە کە گۆرانییەکانی تیا تۆمار کراوە .

**ئەنوەر قەرەداغی**



Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

# پێرست


| لاپـــەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٣ | ووتەیـــەك |
| ٧ | كورتەیەك لە ژیانی محەمەدی مامڵێ |
| ١٠ | كاری هونەری |
| ١٤ | پەســـــەند |
| ١٥ | ئەرێ هات |
| ١٧ | بۆچ منت ناوی |
| ١٨ | چاوی جوان |
| ١٩ | كۆڵوانە ســوور |
| ٢٠ | سەر لەسەر ڕانی |
| ٢٣ | مەڵێن دڵ |
| ٢٥ | ئایشیلێ نازەنینێ |
| ٢٨ | مەجنــوون |
| ٣٠ | ژوانی تازە |
| ٣٢ | عەزیزم بەیانی |
| ٣٤ | دەنگی قولینـگان دێ |
| ٣٦ | كراس زەردێ |
| ٣٨ | بۆ دەگری |
| ٣٩ | چاو مەستی |




Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

٤١ چەند جوانـە
٤٢ گرتمت بەستمت
٤٣ ئەسمەران دولبەران
٤٤ ماڵی مەڕداران
٤٦ کوڕە مەکە
٤٨ کورتێ هات ڕابرد ـ ١
٤٩ کورتێ هات ڕابرد
٥١ نەشمیل هەی نەشمیل
٥٣ دڵـداری تازە
٥٥ سەراسەر جەرگم
٥٧ دەنا کورتێ
٥٨ یارم گەردن کێلە
٦٠ دەسـمـاڵێ
٦٢ هیجری یار
٦٤ گوڵەکەم
٦٥ هەوری لەکۆڵ
٦٧ موو ناپسێنم
٦٩ سـەوزە
٧٠ زەمانـە
٧٢ بە زوڵفو ڕوخسار ـ ١
٧٣ هەر دەڕواو بەجێم دێڵێ



Mamle Art Center
www.mamle.net

Mamle Art Center


| | |
|---|---|
| یادی بەخێر | ٧٤ |
| غەزەل | ٧٦ |
| بلوێری شـــوان | ٧٨ |
| سەد بریا یار لێرە بایە | ٨٠ |
| لەرزانـــە | ٨٢ |
| لەمێژە لەمێژە | ٨٤ |
| ئازیزەکەم | ٨٦ |
| نەخۆش و پەرێشانم | ٨٧ |
| هەی لەیلێ | ٨٨ |
| غەمزەی چاو | ٩٠ |
| مەشکێ | ٩١ |
| هەی بەسێ | ٩٥ |
| زێنەبێ – ١ | ٩٨ |
| زێنەبێ – ٢ | ١٠٠ |
| ئەمان شیرین | ١٠٢ |
| منیرە | ١٠٣ |
| ئاسکۆڵێ گیان مەگری – ١ | ١٠٥ |
| مەلەنگێنە | ١٠٦ |
| زێنەبێ – ٣ | ١٠٧ |
| پاییزە لە من درەنگە لە تۆ | ١٠٩ |
| هەوری لەکۆڵ | ١١١ |




Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center


١١٣ مەگری مەگری

١١٤ دە بێنن بێنن

١١٥ ئەسمەر یارم جوانە - ١

١١٦ ئەسمەر یارم جوانە - ٢

١١٧ هەریرەو ئاگربارانە

١١٨ ئای وەرە

١١٩ نایلۆنە

١٢١ بارانەو بارانە

١٢٤ کاکە وا نابێ

١٢٦ دەڕوا بەجێمدێڵێ

١٢٧ بڵێ بە یاری بێوەفا

١٢٨ کەمەرەشل

١٢٩ وەرە سوورەگوڵ

١٣٢ هەی بەسێ - ٢

١٣٣ ڕەعنا

١٣٥ ئایشیلێ مامان

١٣٧ چەندی لێ پاڕامەوە

١٣٩ هەرمێ وەی وەی هەرمێ

١٤١ بۆنی هەڵاڵان دێ

١٤٣ گەوهەرێ

١٤٦ دولبەری چاومەست




Mamle Art Center

Mamle Art Center


| | |
|---|---|
| ١٤٨ | چاوی ڕەشی جوانە |
| ١٥١ | ئامینێ سوورەگوڵ |
| ١٥٣ | هەی نایە نایە ـ ١ |
| ١٥٥ | هەی نایە نایە ـ ٢ |
| ١٥٧ | هەواری خاڵی |
| ١٥٩ | فەوزی‌یە |
| ١٦٠ | ئای نەرمە نەرمە |
| ١٦٢ | لای لای کەوێ گەردن بەخاڵ |
| ١٦٣ | کاتی بەهارە |
| ١٦٤ | تەنــکە |
| ١٦٥ | با وا بێ با وا بێ ـ ١ |
| ١٦٦ | لایەلایەت بۆ دەکەم |
| ١٦٨ | حەسارە چکۆڵە ـ ١ |
| ١٦٩ | حەسارە چکۆڵە ـ ٢ |
| ١٧٠ | ڕێحانەی دەم‌ئاشی‌یە |
| ١٧١ | زمزیلان |
| ١٧٣ | ئازیزەکەم ـ ٢ |
| ١٧٥ | چاوڕەش |
| ١٧٧ | دەڕوا بەجێم‌دێڵێ |
| ١٩٧ | هەر یەسە |
| ١٨١ | شەمامەو شلێرە |


www.mamle.net



Mamle Art Center

Mamle Art Center


١٨٣ وەی وەی بارانە

١٨٥ با وا بێ با وا بێ

١٨٦ ئەی وەی لەنجەیە

١٨٧ سەرتەنە

١٨٩ هەی زێڕینێ

١٩٠ ئەی وەی لە ڕبابە

١٩٢ گرتمت بەستمت ـ ٢

١٩٤ گەوهەرێ ـ ٢

١٩٥ خاڵەی ڕێبوار ـ ١

١٩٦ ئای نیزام

١٩٧ هەر تۆم دەوێ

١٩٩ هەی لە من و هەی لە کێ ـ ١

٢٠١ خاڵەی ڕێبوار ـ ٢

٢٠٢ وا مەکە وا مەکە

٢٠٤ دەنگی یار نایە

٢٠٥ بۆ لێم زیزی

٢٠٧ ✗ناسکۆڵێ گیان مەگری

٢٠٩ ✗خرنگە خرنگە

٢١١ لانەو لانت کەم

٢١٢ هەر یەسە ـ ٢

٢١٣ ✗ئامینێ سوورەگوڵ




www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center


| | |
|---|---|
| ٢١٤ | گوڵەکەم ـ ٢ |
| ٢١٦ | هەوارە |
| ٢١٩ | پێم بڵێ مەزەدار |
| ٢٢١ | چارۆکێ چارۆکێ |
| ٢٢٣ | ئەمان دوکتۆر |
| ٢٢٥ | کۆڵوانە هەولێری‌یە |
| ٢٢٨ | هەوری لەکۆڵ |
| ٢٣٠ | گەزیزە |
| ٢٣١ | ئەوبەرەو بەرە |
| ٢٣٢ | لانەو لانم کە |
| ٢٣٣ | باران بارانە |
| ٢٣٥ | لیمۆکەی کاڵە |
| ٢٣٦ | خۆ من پیر نەبووم |
| ٢٣٧ | ئازیزەکەم ـ ٣ |
| ٢٣٨ | هەی بێ ـ ١ |
| ٢٣٩ | ئەی مەگری مەگری |
| ٢٤٢ | زارا |
| ٢٤٥ | سەبری |
| ٢٤٧ | سەراسەر جەرگم ـ ٢ |
| ٢٤٩ | ئامۆزا گیان |
| ٢٥٠ | هەی لێ لێ |




Mamle Art Center

Mamle Art Center


| | |
|---|---|
| ٢٥٢ | فاتمۆكێ |
| ٢٥٣ | هەی بەسێ ـ ٣ |
| ٢٥٤ | وەرە ئەی گوڵی سوورم |
| ٢٥٦ | شەرتی حەوت ساڵە |
| ٢٥٧ | جەلسە |
| ٢٥٩ | بەگوڵانو بەگوڵان |
| ٢٦٠ | تەنکە ـ ٢ |
| ٢٦١ | چاوجوانێ خۆم ـ ٢ |
| ٢٦٢ | دەستەی عاشقان |
| ٢٦٣ | بازی بێریان |
| ٢٦٥ | وەرە شەماڵ وەرە |
| ٢٦٧ | بەم لارو لەنجە |
| ٢٦٨ | ناسكۆڵێ گیان مەگری ـ ٣ |
| ٢٦٩ | ئەی یار |
| ٢٧١ | چەندە بەعەیشی |
| ٢٧٢ | لە شۆڕە مانێ |
| ٢٧٣ | هەوارە ـ ٢ |
| ٢٧٥ | دەمێك ساقی ـ ١ |
| ٢٧٧ | گا دەگریێم ـ ١ |
| ٢٧٨ | ئەو چاوانە وا خوماری نازن ـ ١ |
| ٢٧٩ | هاتە خوار با بێتە خوار |




Mamle Art Center

Mamle Art Center


| | |
|---|---|
| مەستوورە | ٢٨٢ |
| لەوڕۆژەوە ـ ١ | ٢٨٤ |
| لە باغی ساوا | ٢٨٦ |
| گەردە | ٢٨٨ |
| ماڵێ بابم بێوەفا | ٢٩٠ |
| بە عینوانی | ٢٩١ |
| دەچمە سەری قەڵاتێ | ٢٩٣ |
| با بچینە میر گوڵان | ٢٩٤ |
| باران بارانە | ٢٩٥ |
| کۆڵان بە کۆڵان | ٢٩٧ |
| بە چاوان غەمزەوو ئیما | ٢٩٨ |
| هاتەوە با بێتەوە | ٢٩٩ |
| ڕاوچییان ڕاوە | ٣٠١ |
| وەرە با ئاشتبینەوە | ٣٠٣ |
| خونچە گوڵەکەم | ٣٠٤ |
| خاکی کووچەی یارەکەم | ٣٠٦ |
| شیرین تەشی دەڕێسێ | ٣٠٧ |
| شیرین تەشی دەڕێسێ | ٣٠٩ |
| کانێ مرادان | ٣١١ |
| گیانو گیان ـ ١ | ٣١٢ |
| گیانو گیان ـ ٢ | ٣١٢ |




Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center


٣١٣ گیان‌و گیان ـ ٢

٣١٤ گیان‌و گیان ـ ٣

٣١٥ دینێ وەرە دینێ

٣١٧ خەجێ خەزێنە

٣١٩ خەجێ خەزێنە ـ ٢

٣٢١ خەجێ خەزێنە

٣٢٢ یار یار

٣٢٤ ئەرێ وەرە

٣٢٥ فاتمە

٣٢٦ هەی لە من‌و هەی لە کێ ـ ٢

٣٢٨ هەوری‌لار

٣٣٠ X مریەم سابلاخی

٣٣١ مەمکوژە تۆ گەردنی خۆت (١)

٣٣٣ ئەرێ وەی دیسان وەی

٣٣٥ X وەرە قوربان

٣٣٦ کۆلوانە

٣٣٨ X گۆوەندە زەماوەندە

٣٤٠ بەیادم‌کە

٣٤٢ خاڵەی ڕێبوار

٣٤٣ X ئایشیلێ نازەنینێ

٣٤٤ خانم خانەۆلێ




Mamle Art Center

Mamle Art Center


| | |
|---|---|
| ٣٤٦ | نازانم چۆنی بکەم چارە |
| ٣٤٨ | ئەختــەر |
| ٣٥٠ | وەرە سەر نەخۆشی دڵم |
| ٣٥١ | شەدەلار |
| ٣٥٤ | سەوزە هەی لیمۆ ـ ١ |
| ٣٥٦ | سەوزە هەی لیمۆ ـ ٢ |
| ٣٥٧ | سەوزە هەی لیمۆ ـ ٣ |
| ٣٥٨ | سەوزە هەی لیمۆ ـ ٤ |
| ٣٥٩ | ماڵی دە مەڕ داران ـ ٢ |
| ٣٦٠ | باران باران |
| ٣٦١ | ئازیزەکەم |
| ٣٦٣ | دەسماڵی سەرت |
| ٣٦٤ | باڵاخانەی بەرەو شەتتی |
| ٣٦٧ | سوێندم خواردووە |
| ٣٦٨ | وەرە ڕۆحی ڕەوانم |
| ٣٧٠ | هەی بێ ـ ٢ |




Mamle Art Center

www.mamle.net

Mamle Art Center

● زۆر سوپاسی مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی دەکـەم کـە نۆتەی هەندێ لە گۆرانی‌یەکانی کێشاوە •

● زۆر سوپاس بۆ ئەم برا دڵسۆزانە کە یارمەتی‌یان‌دام لـــە نووسینەوەی ئەم‌کتێبەدا • هیوادارم نموونەی وەك ئەمـــانە زۆر بێت :

عبدالقادر سعید قـادر • ئازاد محمود • ئاری عباس • جعفر محمد امین • صابر رفیق صالح •

● سوپاسی توانا دەکەم کە وێنەی بەرگەکەی کێشا •

---

لە کتێبخانەی نیشتیمانی بەغدادا
ژمارە (١٣١٤) ساڵی ١٩٨٣ دراوەتێ



Mamle Art Center


www.mamle.net

www.mamle.net

Mamle Art Center

Mamle Art Center

## کۆکەرەوە لە چەند دێڕێکدا



- ناوی محمد کوری حسن کوری احمدە
- لە ساڵی ١٩٥٧ لە گەڕەکی خانەقا لە شاری قەڵادزێ لەدایك بووە ٠
- لە ساڵی ١٩٦٣ چۆتە قوتابخانە ٠
- لە ساڵی ١٩٨١ ئامۆژگای تەکنۆلۆجیای تەواوکردووە ٠
- ئێستا تۆمارگای هەیە لە قەڵادزێ ٠

دانەی بە دینارو نیوێکە

لە بڵاوکراوەکانی تۆمارگەی ( مرواری ) لە قەڵادزێ

چاپخانەی . الحوادث ..
بەغدا - ١٩٨٣

www.mamle.net

Mamle Art Center